# گیروگازی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی

نوسینی: د. کەریم ئەبو حەلاوە

وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە

**ئیسماعیل کوردە**

**ڕەوشت ڕەشید          نوری بێخاڵی**

**چاپی دووەم**
**هەولێر ٢٠٠٥**

لەبلاۆوکراوەکانی سەنتەری  لێکۆڵینەوەی فیکریی‌و ئەدەبی نما
زنجیرەی(٣٩)

سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی(١٥) کتێب
ئیسماعیل کوردە_ ڕێبین ڕەسوڵ _ جەمال پیرە

ناوی کتێب: گیروگازی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی
نووسەر :کەریم ئەبو حەلاوە
وەرگێڕانی: ئیسماعیل کوردە، ڕەوشت ڕەشید، نوری بێخاڵی
بابەت : لیکۆڵینەوە
پیت چنین: عیماد ڕەسوڵ
دیزانین‌و بەرگ: نما
تیراژ: ١٠٠٠
نرخی (٢٠٠٠) دینارە
چاپی دووەم: هەولێر ٢٠٠٤

مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری  نما پارێزراوە

# پێشەکی کتێبەکە خۆی

د. تەیب تیزینی

-١-

هاوکات لەگەڵ بەرفراوان بوونی ئاراستەکانی داتەپین‌و تێکشکان‌و دڵەراوکێ‌و سەرکوتکردن لە جیهانی عەرەبی ئەمڕۆدا، گرنگی کۆمەڵگای مەدەنی وەك چەمکێکی تیۆری‌و رەوشێکی کۆمەڵایەتی بەرزوبەرفرەتر دەبێت. ئەوەی ئەو پرۆسەی بەرفراوان بوونەش قوڵتر دەکاتەوە، ئەو هێزە کۆمەڵایەتیەیە کەلەجیهانی ناوبراودا دەرکەوتووەو کەوتۆتە ژێرباری سەرجەم شێوەکانی هەژارکردنی ئابووری‌و بەپەراوێزکردنی کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌و ریسواکردن، ئەویش لە سایەی دەستە بژێرێکی ئابووری‌و سیاسی کە بەسووتاندنی تەڕو وشك لەسەر هێڵێکی خێرا کاردەکات، بۆ دەست بەسەرا گرتنی سامان‌و دەسەڵات. ئەمە وێرای ململانێی درێژخایەنی نێوان ئیسرائیل-عەرەب بەگشتی، ئەو ململانێیەی خەریکە لە قاڵبی ململانێیەکی شارستانی پەردە لەرووی خۆی دادەماڵێ‌و دەخوازێ هۆکار وبنەماو ئامرازەکانی بەرهەم بهێنێت.

لەباریەك هەڵوەشانەوەی سیستمی سۆسیالیزمیش بۆ ئەوە هات تا بەشێوەیەکی قوڵ‌وخێرا، رۆڵ لە دەرخستنی ئەو رواڵەتە ژیارییەو زەرورەتی بەرهەمهێنانی لە جیهانی عەرەبیدا ببینێ. نەك بەتەنها وەکو رەتدانەوەیەك دژی مەترسیـیە دەرەکییەکان، بەڵکو بەپلەی یەکەم بۆ کۆتایی پێهێنانی



بنەماکانی دواکەوتن‌و بەدواخستنی مێژوویی لە رۆژگاری ئەمرۆماندا. بەم چەشنە لەم نێوەدا گوتەی (کۆمەڵی مەدەنی) خۆی فرێدایە نێوچوارچێوەی رووداوە سۆسیۆ_ رۆشنبیری‌و سیاسییەکانی عەرەبی، تاوەکوببێتە یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی گوتاری سۆسیۆ-رۆشنبیری‌و سیاسییەکانی عەرەبی.. بەجۆرێك وا دێتە بەرچاو کە ئامانجەکانی عەرەب لە شۆرشێکی کۆمەلایەتی بەرەو دواوە گەڕایەوە، تاکو ئامانجێکی گەورە شوێنی بگرێتەوە، کە ئەویش بونیادنانی کۆمەڵگای مەدەنییە.

لەم چوار چێوەیەو لەرێگەی ئەو گفتوگۆیانەی کە لەم بوارەدا دەرکەوتن، رایەك هاتە ئارا کە کۆمەڵی مەدەنی ئەڵتەرناتیڤی شۆرشی کۆمەلایەتیە یان گەشەی کۆمەڵایەتییە، چونکە چەمکەکانی لەجۆری ململانێی چینایەتی ئەو متمانە کۆمەڵایەتی‌و تیۆریەیان نەماوە، بەتایبەتی بۆ کۆمەڵگایەکی وەکو کۆمەڵگای عەرەبی کە بیەوێ بۆ رووداوێکی دیاریکراو بگۆرێ، لەتەك ئەوەشدا لە نێوەندی رۆشنبیری‌و لای هەندێ سیاسەتمەداری عەرەب چەند پرسیارێك سەبارەت بەپەیوەندی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی لەلایەك‌و عەلمانیەت‌و دیموکراتیەت‌و رۆشنگەری لەلایەکی‌تر سەریان هەڵدا. لەم نێوەشدا هەندێك لە پێناوی دیموکراتیەت پارێزگاری لە عەلمانیەت دەکەن‌وهەندێکی تریش پێیان وایە دیموکراتیەت دیاردەیەکی رۆژئاواییەو ناکرێ بهێنرێتە نێو بواری کۆمەڵایەتی عەرەبی.. تەنانەت هەندێك دەرکەوتن‌و جارێ ئەوەیاندا کە کۆمەڵی مەدەنی درێژکراوەو بەرهەمی مێژوی ئەوروپایەو لە ژێر رۆشنایی ئەرکە هەنووکەییەکانی عەرەبیشدا هیچ رێگایەك نییە لە یەکتریان نزیك بکاتەوە.

هەموو ئەوانە بەیەکەوە جۆرێك لە شڵەژان‌و دڵەڕاوکێیان لەناو گوتاری سۆسیۆ_ رۆشنبیری وسیاسی عەرەبی بەرهەمهێناو، درزیان خستە نێو دەستەبژێری رۆشنبیری‌و سیاسی عەرەبی‌و ئەو جەماوەرەیش کە بەناوی ئەوەوە قسەیان دەکرد. لەو چوار چێوەیەشدا هەندێك مەیلی بەهێز

دەرکەوتن کەگومان لە ئایدیۆلۆژیا بەگشتی بکەن‌و، داوای کەمکردنەوەی بکەن لە ژیانی سیاسی‌و رۆشنبیریدا.. ئەمەش هاوکۆك‌و یەکسان بوو لەگەڵ دوورکەوتنەوە لەو داوا نوێیەی کەوا سەیری مێژوو دەکات گەیشتۆتە کۆتایی، بەجۆرێك زەرورەتی ئەو دەخاتە بەردەم عەرەب‌و دەوروبەریان کەبخزێنە نێو دوایین بازنەی ئەم مـێژووە واتە بازنەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

بەم پێیە فۆکۆیاماو هانتگتۆن لەقوڵایی گوتاری سۆسیۆ_ رۆشنبیری‌و سیاسی عەرەبی دەرکەوتن، تاوەکو لە بەرهەمهێنانی زیاتری ئەو شڵەژان‌و دڵەروکێیەی نێو گوتاری عەرەبی بەشداربن، ئەگەر لەم نێوەندەشدا هەندێك روناکبیرو رۆشنبیرو سیاسەتمەداری عەرەب داوای بەستنی کۆرو کۆبوونەوەیان کرد دەربارەی پرسەکانی کۆمەڵی مەدەنی وەك چەمکێکی تیۆری‌و رەوشێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوو ئەو متمانەیەی کە لەکۆمەڵگای عەرەبیدا وەدستی دێنێ. بەڵام ئەو دەرەنجامەی ئەو کەسانە لەکارەکانیان دەستیان کەوت، بەرۆڵی خۆی هێندەی تر گرێ گیروگازی (ئیشکالیەت)ی ئەو پرسەو بەرفراوانبوونی بواری گفتوگۆی هەڵگیرساند. هەروەها ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگیرێ کە راگەیاندنی عەرەبی لە لوتکەی خۆیدا نەیتوانیوە بکەوێتە نێو ئەزموونێکی قووڵ‌و بەرفراوان لە گفتوگۆکردن دەربارەی ئەو چەمکە سیاسی‌و سۆسیۆ_رۆشنبیرییانەی ناومان بردن( کۆمەڵی مەدەنی، عەلمانیەت، دیموکراتیەت، رۆشنگەری، عەقلانیەت) ئەوا مەترسی زیاتری روودانی دڵەڕاوکێ‌و شڵەژان لەم رووەوە لەنێوەندی ئەکادیمی‌وجەماوەری بۆتە دیفاکتۆ لە ناو گوتاری سۆسیۆ_ رۆشنبیری‌و سیاسی عەرەبیدا.

-٢-

لێرەوە ئەو دەستنیشان کردنەی کە لێکۆڵەرەوە( د. کەریم ئەبو حەلاوە) پەنجەی خستۆتەسەر لەو پەڕی وردەکاری مەعریفی‌و هەستیاری ئایدیۆلۆژی دایە، وەك دەبینین ئەوەی روونکردۆتەوە کەلێکۆڵینەوە لەکێشەکانی کۆمەڵی مەدەنی ئیدی بەتەنها کاری دەستەبژێرێکی لێکۆڵەرەوەو



رۆشنبیران نییە، بەڵکو بۆتە خەمی سەرلەبەری کۆمەڵگای عەرەبی، ئەو کۆمەڵگایەی کە لەسایەی دواکەوتن‌و دواخستنی مێژوویی‌و دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ دەرەوە، مەترسییەکانی لەباریەك هەڵوەشانەوەو بەپەراوێزبوون‌و پارچە پارچە بوونی تیا تەنیوەتەوە. بەم پێودانگە (د.کەریم) توانیویەتی لێکۆڵینەوەیەکمان پێشکەش بکات لەوانەیە یەکەم لێکۆڵینەوەبێ لەم بارەیەوە لەزمانی عەرەبیدا کە لەتەواو کردنیدا دوو رێگەی گەورەی گرتۆتە بەر کە یەکێکیان ئەویتر تەواو دەکات.. ئەوانیش شیکردنەوەیەکی چڕی کۆمەڵی مەدەنی لەرووی مێژوویی‌و پێکهاتن‌و جێگیربوونی لەئەوروپا بۆ یەکەمجار، هەروەها کردنی بەتەوەری لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی رەخنەیی لە مەرجی کۆمەڵایەتی عەرەبدا. لە هەر دوو کیشاندا خۆی لە بەرامبەر زەرورەتی لەباریەك هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵێك دەقی سۆسیۆ_ رۆشنبیری‌و سیاسی عەرەبی‌و، دووبارە رێکخستنەوەیان لە شێوەی گوتاری( سۆسیۆ_ رۆشنبیری‌و سیاسی عەرەبی هاوچەرخ) دۆزیوەتەوە. لەم پێناوەشدا ئاماژەی بە کۆمەڵێك گریمانەو گرەوی عەرەبی کە لە ئارادان کردووە.

دەکرێ لە ئەنجامی خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەکە ئەوە ببینین کە (د.کەریم) لە بارەی ئەم پرسە دیاریکراوە پەنجەی لەسەر کۆی قسەکانی داناوە کاتێ دەڵێ:" با کەس وانەزانێ کە کۆمەڵی مەدەنی دوایین چارەسەرە بۆ سەرجەم ئەو کێشانەی کۆمەڵگا هاوچەرخەکان تێیدان‌و لە نێوانیشیاندا کۆمەڵگای عەرەبی، کۆمەڵی مەدەنی رزگاربوون نییە یاخود دەرمانێك نییە بۆ دەربازبوون لەو تەنگەژانە تابگەینە ئایندەیەکی ئومێد بەخش . بەڵکو بە شێوەیەکی تر کۆمەڵی مەدەنی بوارێکە بۆ پێشبڕکێ‌و فەزایەکە بۆ ململانێ‌و، گۆڕەپانێکە بۆ کارکردنی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەی کە خودانی بەرژەوەندی‌و تێڕوانین‌و هەڵوێستی جۆراو جۆرو بگرە دژ بەیەکیشن". ئەمەش ئاسۆیەکی کراوەو فراوان لەبەردەم کارێکی مێژوویی نوێ دەکاتەوە کە هێندە

لێکۆڵینەوە لە ململانێ بەرهەمهێنە مێژووییەکان(ململانێی چینایەتیو رۆشنبیریو شارستانیو..تاد) ناکات، ئەوەندەی لە بوارێکی کۆمەڵایەتی_ مێژوویی رێکیان دەخاتو رێگا بەهەمەوو لایەك دەدا تا لەسەر ئەم بنەمایە پیادەی کارو چالاکیەکان بکەن. لە هەمان کاتیشدا بەدوای ململانێ بێ بەهەرمە مێژووییەکان دەگەرێ (ململانێی تیرەگەریو ئایینیو مەزهەبی)، تاکو خاوەنەکانیان لەگەڵ ئەو دەستە کۆمەلایەتیانە رێك بخات، کە کۆکن لەگەڵ لایەنەکانی ململانێ مێژووییە بەرهەمهێنەکان. ئەگەر (د.کەریم)ی لێکۆڵەر لایەنێك لە لایەنەکانی ئەو پرسە دیاریکراوەی فەرامۆشکردبێ، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە خاڵی دواییان لە راستیدا گێروگازێکی تێکەڵو ئاڵوزە. دواتر ئەویش بوونی چەند دەستەو کۆمەڵەیەکی کار بەمەرج دەزانێ تا بە شێوازی دیاریکراو کە تەنها لەتوانای لێکۆڵەرەوە دانییە رووبەرووی ببنەوە. ئەوەی دەمێنێتەوە گرنگە بیدرکێنین کەئەو لێکۆڵینەوەیەی لەم پەرتووکەدا پێشکەشکراوە بەکارێکی مەزنو پێشەنگی ئەم بوارە دەژمێردرێ. دیارە لە سەرپێشەنگیش پێویستە بەئەندازەی ئەو بەرهەمە گەورەیەی دەیەوێ بیدورێتەوە، دەبێ نرخی بۆ بدات.



## پێشکەشە بە :

**رۆژگارە نادیارەکانی رۆحێکی لەخۆی بایی..**
**بەنیگەرانییەك کە هەمیشە لەسێو ئەچێ**
**بەشوێنێك لەنێوان بیابانو باراندا**
**بەخەونێك لەنێوان ژیانو سەرابدا**
**بەهەنارێك لەو باخە کۆنەی تەمەن**
**کە دەنك دەنك دەیژمێرم..**
**بەدوورییەك کە لێ پەشیمان نیمو خەوم پێوە ئەدی..**
**بەو کەسانەی خۆشمویستنو بۆنی بەهەشتیان لێدێ**
**بەو کەسانەش خۆشمویستنو بۆن جەهەنمیان لێدەهات.**

## بەشی یەکەم

## کۆمەڵی مەدەنی لە قۆناغی دامەزراندندا

*سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆن.
*مارتن لۆتەرو بزوتنەوەی ریفۆرمی ئایینی.
*چەرخی رۆشنگەری: روانگەیەکی نوێ بۆ گەردوون.
*گۆڕانەکانی چەمکی سەروەری.
* لە حاڵەتی سروشتیەوە بۆ پەیمانی کۆمەڵایەتی
پێکهاتنی کۆمەڵی مەدەنی
*بنەما گشتیەکانی لیبرالیەت: تاکگەرێتی ،
فرەهەندی (التعددیە)، ئازادیە گشتییەکان.
* دەستاو دەست کردنی ئاشتیانەی دەسەڵات
_ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان _
دەنگدانی نوێنەرایەتی، سەروەری یاسا.
* گەشەسەندنی لیبرالیەت و ئاسۆ هاوچەرخەکانی.



## سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆن

بۆ وەدەستهێنانی هوشیاریەکی باشتر بۆ ئەو پرۆسە مێژووییە فراوانەی کە لەدایك بوونی ئەوروپای نوێ بەخۆیەوە بینی، پێویستە ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتیە کۆنەی کە لەسەدەکانی کۆندا لەئەوروپا باوبوو، لەگەڵ بنەماکانی لەئاستی ئابووریو رامیاریو کۆمەڵایەتیدا بناسین. لەبواری ئابووریدا، بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی پشتبەستوو بە شێوازی بەرهەمهێنانی فیودالیانەی بەدوایەکداهاتوو بریتی بوو لە شێوازی باوو، لەو شێوازەی کە بە پێی ئەوەوە موڵکداریێتی دادەرێژرێت؟ بەتایبەتی موڵکداریێتی ئەو زەویەی کە لەبنچینەوە پەیوەستە بەدەرەبەگو دەوڵەمەندەکان لەلایەكو، بەکۆی موڵکدارە بچووکەکان لەلایەکی دیکەوە.

بەڵام سیستەمی سیاسی، لەبنچینەدا دەوستێتە سەر مافی خواوەندگەراییانەی پاشاکانو دەسەڵاتی رەهای پیرۆز بە هەردوو مانای ئایینیو سیاسیو، زۆرجار هەردوو دەسەڵاتی ئایینیو سیاسی چونەتە ناو یەکترو لە زۆر لە قۆناغەکانی مێژووی ئەوروپا یەکیان گرتووە، بەڵام لەهەندێ کاتی دیکەدا پێچەوانەی یەکتر بوونەتەوەو هەریەکەی بەجیا چۆتەرێوە، ململانێکە لە نێوان پاپاکانی رۆما، ئەوانەی قسەکەری رەسمی بوون بەناوی کلێسای قدیس پەترۆسو دواجار بەناوی دەسەڵاتی خواوەندو، لەنێوان ئیمپراتۆرەکانی رۆمانو ئینجا جرمانیەکان، بەوەی کە بەرگری کردن لە ئیمپراتۆریەتی جرمانی پیرۆز دەکەن.

سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆن مەشروعیەتی ئایدیۆلۆژیانەی خۆی لەبۆچوونێك وەردەگرێت کە لەلایەك دەسەڵات بە (پیرۆزی) دەبەستێتەوەو

لەلایەکی دیکەش وای سەیر دەکات کەدەسەڵاتە بەهەردوو مانای ئایینیو سیاسی، ئەوانەش کە کاریان کردووە بۆ دارشتنو بلاّبوونەوەی ئەم دەسەڵاتە بریتیین لە پیاوانی کەهەنوتو فەقیهەکانی یاسای پیرۆزو مونەزیرانی مافی خواوەندگەراییانە بۆ پاشاکان.

ئەو یاسایەی پاپا گریگۆری حەوتەم (١٠٧٣-١٠٨٥) لەدوای خۆی بەجێی هێشتووەو لەئەنجامی بەستنی (کۆری رۆما) لەشوباتی ساڵی ١٠٧٥ لە ژێر ناوی( ئیرادەی پاپایی) هاتۆتە کایەوە، بیرۆکەیەکمان پێشکەش دەکات دەربارەی ئەو راو بۆچوونانەی کە مەزنییو شکۆدارێتیو دەسەڵاتی رۆحیانەی ئیمپراتۆریەت دەخەنەروو، یاساکەش ئەم راو تیۆرانە دەگرێتەخۆ:

١- دامەزرێنەری کڵێسای رۆمانی بەتەنها بریتییە لە (مەسیح)ی سەروەر.

٢- جگە لە پاپای رۆما هیچ کەسێك شایستەی ئەوەنییە نازناوی جێگرەوە وەرگرێت.

٣- جگە لە پاپا لە توانای هیچ کەسێك نییە، کە ئیسقۆف دووربخاتەوە یان دەستنیشانیان بکات یان بیانگەرێنێتەوە یا بیانگوازێتەوە لە پلەیەکی دینی بۆیەکیدی ئەمەش ئەگەر پێویست بوو.

٤-نوێنەری پاپا هەر چەندێك پلەی ئایینشی نزم بێت بۆی هەیە لە نێو کۆمەڵگادا سەرۆکایەتی ئیسقۆفەکان بکاتو ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە رێگەی پێبدات بڕیاری دوور خستنەوەیان دەربکات.

٥-تەنها پاپا مافی ئەوەی هەیە عەبای ئیمپراتۆری بەکاربهێنێتو هەر بەتەنها پاپا مافی دوورخستنەوەی ئیمپراتۆرەکانی هەیە.

٦- تەنها پاپا، دەسەڵاتی ئەوەی هەیە رەعیەتەکان لەو سوێندەی پابەندی بوونە رزگار بکات، کە بۆ فەرمانڕەوا شەڕانگێزەکان خواردوویانە.

٧- هیچ تاکێك مافی ئەوەی نییە بڕیارێکی پاپاییانە رەتبکاتەوە، لە کاتێکدا پاپا مافی ئەوەی هەیە بڕیاری خەڵکانی ترو فەرمانەکانیان رەت بکاتەوە.

٨- بۆهیچ تاکێك نییە کە پرسیار لە پاپا بکات، لەوەی دەیکات، پاپاش ناکەوێتە ژێر دادگاییکردنی هیچ کەسێك جگە لە خودا.



٩- نابێ هیچ کۆرو کۆبوونەوەیەکی گشتی ئایینی ببەستێ تەنها بە فەرمانی پاپا نەبێو بڕیاری کۆرەکە نابێتە بڕیارێکی کەنیسەیی، بەبێ دان پیانانی پاپا.

بۆ تێگەیشتنی ناوەرۆکی ئەو بڕیارانەی کە خواستی پاپای بەخۆوە گرتبوو، پێویستە ئەو ململانێیە وەبیر بێنینەوە کە لەنێوان پاپاو ئیمپراتۆرە رۆمانیەکان ساتێ توندو ساتێ نەرم دەبووەوە، لەو سۆنگەیەش ئەو پەرۆشییە بۆ دانانی ئیمپراتۆریەت لەناوجەرگەی کڵێسەو گۆرینی پاپا بۆ حاکمێکی رەهاو پاراو لە گوناە لەهەموو کاروبارێکی ئایینیو دونیایی لەجیهانی رۆژئاوای ئەوسادا.

بیردۆزەکانی دەسەڵاتی رەها کە لەلایەن زانای(یاسای پیرۆزو مافی خودایی بۆپاشاکان) سەریهەڵدا هیچ کەمتر نەبوو لەبڕیارەکانی خواستی پاپا بۆلکاندنی سیفەتە پیرۆزەکانو سیفەتی رەهایی بۆ پاشا بۆ حوکمکردنو پیادەکردنی دەسەڵات.

ئەمەش زیاتر روون دەبێتەوە بۆ تێڕوانین لەو نووسینەی مێژوونووسی فەرەنسی (بۆسویە) دەربارەی مافە پیرۆزەکانی پاشاکان یان لەرێگای ئاشنا بوون بە سیماکانی دەسەڵات کە لەنووسینەکەی جان بودان دیار بوو لە کتێبەکەی" کۆماری".

"بودان" لەو بەڵگەنەویستە دەست پێدەکات کەدەڵێت" بەبێ دەسەڵاتێکی رەها، کەهەموو ئەندامو پارچەکانی کۆماری یەك بگرنو، هەموو خێزانو کۆمەڵگاکان لەیەك شێوەدابن بەهای کۆماری نامێنێ"[٣] لێرەشدا سەرنج دەداتە پێویستی دانانی شێوازێك بۆ پێناسەکردنی سەروەریو دەسەڵاتی رەها کە زانا رۆمانیەکان هەستێکی زۆر بە هێزیان لەبەرامبەر هەڵدەگرتو پێیان دەوت" شکۆدارێتی" خاوەن شکۆ. هەروەها ئەوە دوویات دەکاتەوە کە هیچ کەسێك پێش ئەو نەیزانیووە بە پوختی باسی نیشانەکانی مافی سەروەری بکات کە بەم شێوە پێناسەی دەکات.

" سەروەری هێزی یەکگرتنی کۆمەڵی سیاسییە.. ئەو دەسەڵاتە رەهاو هەمیشەییەی لەکۆماردایە"[٤]. لێرەشدا ئەو گلەییەی لەو تێدەگەین بۆ ئەو دانەرانەی کە والیەکان"حاکم/قازی"و سەرۆکە دەسەڵات بەدەستەکان دەکەن. نیشانەکانی سەروەریش لەم دەقەی خوارەوەدا ئاشکرا دەبێتەوە:" پێویستە لەسەر دەسەڵاتداران کە بەهیچ شێوەیەك نەکەونە ژێر رکێفی فەرمانی خەڵکانیتر، هەروەها توانای دانانی یاسایان هەبێ بۆ خانە خۆیی خۆیان (رەعیەتەکەیان)، هەروەها بۆ سڕینەوەی یاسا نەزۆکەکان یان رەتکردنەوەیانو دانانی یاسای نوێ لە جێگایان.. بۆیەش یاسا دەڵێت: ئەمیر رەهایە لە کۆتی هێزی یاساکان"[٥].

ئەو دەسەڵاتەی ئەمیر هەیەتی بۆ دانانی یاساکان، بەبێ رەزامەندی هیچ کەسێك، یەکەم نیشانەی سەروەرییە کە لێیەوە نیشانەکانی تری سەروەری دابەش دەبن وەك: راگەیاندنی شەڕو ئاشتی، دیاریکردنی فەرمانبەرە سەرەکییەکان، بەخشینولێبوردن، دانانی باج، هەموو ئەو دەسەڵاتانەش بە شێوەیەکی سەرەکی بەقۆرخکردنەوە پابەندن لەدانانی یاساو رەتکردنەوەی. پاش ئەوەی کە ئەوە روون دەکاتەوە کە شێوازی پاشایەتی باشترین شێوازی حوکمی کۆمارییە، بۆچوونی بەدواییەکدا هاتوی خۆی بۆ دەسەڵاتی سیستەمی پاشایەتیو ئادگارەکانی دەخاتە روو. بۆدان دەڵێت:"چونکە لەسەر رووی زەوی شتێك نییە، دوای خودا، گەورەتر لە (میر)ە خاوەند سەروەرییەکانو ئەوانیش کە بەئەفسەری یارمەتیدەری خۆی دایناون بۆ سەرکردایەتی کردنی خەڵکی دیکە، ئەوا ئاگاداربوون لەسیفەتەکانیان زۆر پێویستە، بۆ ئەوەی رێز لە شکۆداریەکەیان بگیرێتو بەو پەڕی گوێڕایەڵیەوە شکۆدار بکرێت، بۆئەوەی هەستیان پێ بکرێتو، بەوپەری رێزەوە باسیان بکرێت، چونکە ئەوەی رقی لە(میر)ی خاوەند سەروەری خۆی بێتەوە، رقی لەو خوایەش دەبێتەوە کە وێنەی ئەوە لەسەر زەوی"[٦]. دوای ئەو وێنە پیرۆزو بەرزو پڕ هەژموونەی کە بەرخەرمانەیەك داپۆشراوەو چاورۆشن دەکات، ئەوەی بۆدان بۆ دەسەڵاتی رەها پێشکەشی دەکات، بەزەرورەتی نازانین هیچ وتەیەك زیاد بکەین جگە



لەوەی بڵێین: ئەو تیۆرە سەدەیەك بەرلە دایك بوونی تیۆری (بوسویەت) دەربارەی مافی پاشاکان یان تیۆری مافی خوای دارێژراوە، هەروەها بە پێویستی نازانین بەراوردێك لە نێوان بڕیارەکانی ئیرادەی پاپاییو بنەماکانی تیۆری بۆدان بسازێنین، چونکە هەردووکیان لە جەوهەردا لەدوورخستنەوەو بەپەراوێزکردنی کۆمەڵگا بەیەك دەگەنەوە، ئەویش لە پێناو بەرژەوەندی دەسەڵاتێکی رەهای بەرز، کە شەرعیەتی خۆی لەچوارچێوەیەکی سەروو مرۆڤایەتیو میتامێژوویەوە وەردەگرێتو بەردەوام دەبێت لەحوکم کردنی ئەوروپا تا هەڵگیرسانی شۆرشی فەرەنسی، ئەو شۆرشەی سیستەمێکی نوێی بۆ مەشروعیەت دامەزراندو، بنەما مەعریفیەکانی لەجیهانێکی مرۆییەوە وەرگرت کەتیایدا عەقڵانیەت بەرە بەرە فراوانتر دەبووەوە بۆ ئەوەی سیستەمێکی مەعریفیو دیدێکی نوێ بۆدنیا دابمەزرێنێت، بە پێچەوانەی دیدی تیوکراتیانە کە لەبەردەم گرنگترین ئاکارەکانی دەمانوەستێنێت. بەڵام چی دەربارەی ئەو کۆمەڵگایەی کە (سیستمی کۆن)و دابەشبوونو بەدوایەکدا هاتنەکانی دەرهاویشتەی بوون؟

بەگەڕانەوە بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتی —ئەوەی کە لەفەرەنسای کۆن دامەزرابوو بۆنموونە_خۆمان لەبەردەم کۆمەڵگایەك دەبینیەوە کە سێ چینی خاوەن تایبەتمەنێتیو ئەرکی دیاریکراو دەگرێتەخۆ:

ا- چینی خانەوادەکان کە پارێزگاری لەنەریتە تایبەتیەکانی دەکاتو تایبەتمەندییە فیودالیە بۆماوەییەکان دەگرێتەخۆ، هەروەها هەندێك لەو تایبەتمەندیانەش کەجێگەی شانازین وەك کورسی گیراو لە کڵێسە و، تالگرتنی راوو، باجەکان وماف...تاد..و لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە کۆمەڵگا هەمووی بە شێوازی خۆی (ژیان بە خانەوادەی ) مۆردەکات، ئەو شێوازە کەنموونەی باڵای سیستەمی کۆنی کۆمەڵایەتی فەرەنسای پێك دەهێنا.

خانەدانێتی چەند جۆرێکە: خانەوادەیی شمشێرو، خانەوادەیی بەگو، خانەوادەیی بنەچە"چینی خانەدانەکان پێك دێت لەچەند هەزارێك لەئەندامانی ئەو خێزانانەی کە پێشکەش بە پاشای دەکەن ئەوەیش دوای

ئەوەی کە نازناوی خانەدانێتیەکەیان دەچێتە ژێر باری پشکنینێکی وورد لەلایەن (نسابوون ریسمون) "کە رەچەڵەك ناسە"،و زاڵە بەسەر کۆشکی (ڤرسای)و کۆرو پایەکان دەباتە رێوەو ئەو بەخششو بودجانە دابەش دەکات کە پادشا دایدەنێت"(٧).

ب- چینی پیاوانی ئایینی کە سەرجەم خزمەتکارە زەمەنی و یاساییەکانی کلێسە دەگرێتەوە کە بەشدارن لەتایبەتمەنییەکانی ئایینی دەوڵەت، لە پایەی بەرزو سەروەتو سەربەخۆییو لێبوردن لە باج(*)...تاد.

ئەم چینە بە گوێرەی گرنگی پایەو بەرپرسیایەتیەکان خەڵکی ئاساییو خانەدانەکان دەگرێتەخۆو، نزیکەی سەدو پەنجا هەزار کەس لە ناویدا دەبن لەوانە نزیکەی ٧٠٠٠٠کاهینە لە ١٣٥ ئەبریشیە و٦٠٠٠٠ راهیب و راهیبەیە کە دابەش دەبن بۆ:

١-پیاوە ئایینیە بەرزەکان کە پێکهاتوون لەکاهینە یاساییەکانی دەوڵەمەندترین کۆری کەهەنوتی یاساییو روهبانەکانی گەورەترین فاخچگاو کلێسەکانو سەرۆکەکانیانو نزیکەی ٣٠٠٠٠ کەس پێکدەهێننو هەموویان لەرووی پراکتیکیەوە لە خێزانی خانەدانو لەبەرزترین خێزانەکانن.

٢- توێژێکی ناوەند (کۆمەڵێکی ناوەند) لە پیاوانی ئایین کە لەچینی سێیەم هاتۆتە دەرێو رووی کردۆتە شارو بەشداری کردووە لە رەفاهیەتێکی رێژەیی.

٣- کۆمەڵێکی نزم لە پیاوانی ئایین لە دێهاتە دوورەکان، کە نزیکە لەچینی جوتیاران.

ج- چینی سێیەمیش نزیکەی ٩٨٪ی دانیشتوان پێکدەهێنێو ئەوەی ماوەتەوە شانشین دەگرێتەوە وەك"سییس" دەڵێت ئەمەیان نەتەوەیەو بۆرژوای شارەکانەو توێژی سەرکردەی چینی سێیەمە، جوتیارە گشتیەکان، مانگرتوان، خاوەن بانقەکان، بازرگانەکان، خاوەن کارگەکان، جوتیارە ئازادەکانو ئینجا مانگرتووەکان.(*) ئەم چینە توانای شۆرشگەرای وای لە خۆگرتووە کە دیخاتە شوێنی گرنگی پێدانی یەکەم، هەروەك دواتر شۆرشی فەرەنسی ئاشکرای کرد.(٨)



مێژوونووسی فەرەنسی"ئەلبێر سۆبۆل" لە کتێبێکی دەربارەی"مێژووی شۆرشی فەرەنسی" دەنوسێ بونیادی کۆمەڵگای فەرەنسی لەسایەی "سیستەمی کۆن" بونیادێکی سادە بووەو پشتی بە دابەشبوونێکی سیانی بەستووە" ئەوانەی بەندگیری دەکەنو، ئەوانەی دەجەنگێنو، ئەوانەیش کە کاردەکەن لە پێناو نان دانی ئەوانی تر"(٩).

ئەم سیستەمە بەو بەدوایەکدا هاتنو سەنگۆکردنو ئیستغلالەی گرتبویە بەر ئەوەبوو بووە هۆی بانگکردنی بزوتنەوەی چاکسازی ئایینیو، بزوتنەوەی رێنیسانسو، سەرهەڵدانی مەیلە مرۆییەکانو گەشەی عەقڵانیەت تا گەیشتن بە عەلمانیەتوجیاکردنەوەی دەسەڵاتی رۆحی لە دەسەڵاتی زەمەن؛ کە بووە رێگە خۆشکەر بۆ شۆرشی فەرەنسی، کەبووە جێگرەوەی کۆڵگەکانی سیستەمی کۆنو گرنگترین بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی خستنەروو، کاتێك ئیعلانی دروشمەکانی کرد دەربارەی (ئازادیو برایەتیو یەکسانیو چەمکی مرۆڤێکی هاوڵاتی) بەرزکردەوە کە بیناکراوە لەسەر ئینتیمای نەتەوەیی لەجیاتی سەرجەم ئینتماکانی پێشتر جا مەزهەبی بێت یان ئایینی بەمەش کۆڵەگەکانی کۆمەڵی مەدەنی تەواو دەکات هەروەك چۆن لە نووسینەکانی (لۆك) و(رۆسۆ) و( سپینوزا) و(فرگسۆن)و ئەوانی دی ئاشکرایە.

## بزوتنەوەی مارتن لۆتەر وچاکسازی ئایینی:

مارتن لوتەر (LUTHER) (١٤٨٣_ ١٥٤٦)ی راهیبی ئۆگۆستینیو مامۆستای لاهوت بزوتنەوەکەی لە ساڵی (١٥١٧) بە شۆرشێك بەرووی شێکەکانی لێبوردنو فرۆشتنی هەڵگیرساند. هەروەها جاری کردەی تواندنەوەی یەکجارەکیدا لەدونیای پەرستنو ئیمان، بەجۆرێك هەر بەتەنها کەهەنووتو خزمەتی پەرستن بریتی نین لەبانگەواز، بەڵکو (کارکردن)یش، پیشەیە بەوەی کەوا ژیانی تاکە لە کۆمەڵگادا. هەروەها نووسینە بەناوبانگەکانی بەدەزگای کلێسای (ویتنبێرگ)ەوە هەڵواسی، کە پێك هاتبوو لە:

ا- رزگار بوون له هەموو بەندایەتیەك جگە لە بەندایەتی دروستكەر.

ب- بەزاندنی سەرجەم ئەو لێكدانەوانەوی كە چەندین نەوەی یەك بەدوای یەكی لە پێناو گەیشتن بە ساتەوەختی ئاگایی بوونەوە بەكارهێنا، هەروەها تێگەیشتنی ئازادانە لەموقەدەسی، بە سنوربەزاندنی سەرجەم كەلتوری سكۆلاستیكی ناوەند، بەدەستپێكردن لەوەی"كە گوتەی خودا ئازادەو ناكرێت بسڕدرێتەوە یان كۆتبكرێت" هەروەك لوتەر لەو نامەیەدا وتویەتی كە ئاراستەی پاپا لیونی دەیەمی كردووە.

ج- پاپا بۆی هەیە هەڵبكات، چونكە ئادەمیزادە، كڵێساش دەزگایەكی مرۆییەو پیرۆز نییە، بجۆرێك كڵێسای راستەقینە لەدڵی هەموو مەسیحیەكدا هەیە.

د-جەخت كردنە سەر گرنگی تاكو سەربەخۆییەكەی ئەمیش لەرێگەی ئیمان بە ئازادی باوەڕبوون، لێرەدا پشكنینی ئازادانەی نووسینە پیرۆزەكان هاتەكایەوە، رێگای بۆلەدایك بوونی رەخنەی مێژوویی خۆشكرد. لوتەر كەسی مەسیحی لەو ترسە رزگاركرد كە بەعەقڵیەتی ئایینی فێرگەییو، لەو وێنا میتافیزیكیانەی ئایین جیایدەكاتەوە، بەو پێودانگەی كە رق لێبوونەوەو توندیەك بێت لەسەرووەوە بەسەر ئیمانداراندا بسەپێنرێت. لەو كاتەدا پرۆستانتیەت بەخێرایی بە باكووری ئەورووپاو ئینگلتەرا بڵاوبووەوە. لەلایەك وەرگێرانی كتێبی پیرۆز بۆ زمانی ئەڵمانی پشكداری كرد لە دووهێند كردنەوەی پەیوەستیەكان بە كەلتوری لاتینیو هەروەها لە بڵاوكردنەوە بەرفراوانی لەنێوان توێژە كۆمەڵایەتیە جیاجیاكان لەلایەكی دی.(*)

جان كاڵڤن (CALVIN) كە پرۆتستانتێكی هەواداری لوتەرە بەدراشتنێكی نوێ بەشداریكرد لەو نووسینەی كە بە( دامەزراندنی ئایینی مەسیحی) لەساڵی ١٥٣٦ ناونرا.

كاڵڤانیەت كارو بارەكانی لەسەر رێكەی لوتەر دەبردنە ڕێ، بەڵام بۆ رەهەندێكی دوورتر، بەجۆرێك كە جاڕی ئەوە دەدات : ئیمان تەنها شتێكە



مرۆڤ رزگار دەكات. بۆیە نهێنی تۆبەكردنو ریزبەندی ئیكلیركیانەو رازاندنەوەی كڵێساكان رەتدەكاتەوە، دەبێ قەشەكانیش لەژێر سانسۆری ئیمانداران كاربكەن، بۆیە كڵێسا كەلڤانیەكان كۆمەڵە ئازادەكانو سیمای دیموكراتیەتیان پێكهێنا. ئەویش كە بەڵگەیەك بەدەستەوە دەدات لەسەر تێگەیشتنی پرۆتستانتیەت بۆ ئەو گۆڕانكاریە بۆژوازییانەی وەك حەزێك ئەوروپای گرتەوە؛ بە بەرقەراركردنی سود لەسەر سامان بەرێژەی لانی كەمی ٥٪ لەلایەن كالڤانەوە. بەڵام ئەو رێژەیە بۆی هەبوو بەپێی حاڵەتەكان زێدە بكرێت. لەوەش گرنگتر، زەلیل كردنی ئەو بەربەستانەبوو كە سیمایەكی موقەدەسیان لەرووی پێشكەوتن و فراوانبوونی سەرمایەداری هەبوو.(*)

گەشەو بلاوبوونەوەی پرۆتستانتیەت بەدەر نەبوو لە بەرگریەكی توند كە كڵێسای كاتۆلیكی رابەرایەتی دەكرد، ئەمەش بووە هۆی نوقم كردنی ئەوروپا لە شەڕە ئایینیو ئەهلیەكان بەردەوامیش بوو تا دەرچوونی بەیانی (نانت ١٥٩٨) كە شەڕەكان كۆتایی پێدێنێو ئازادیو یەكسانیو هەندێ تایبەتمەندی دەبەخشێتە پرۆتستانتەكان. بەم كڵێسای كاتۆلیكی لەتوندوتیژی نەوەستا بۆ بەرپەرچ دانەوەی بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی پرۆتستانتیەت، بەڵكو هەڵگیرساندنی چاكسازی لەدژ راگەیاند كە كۆڕی ترانت (١٥٤٥- ١٥٦٣) پشكداری تیاكردبوو، دووبارە كڵێسای رێكخستەوەو زۆر لە دیاردە گەندەڵیەكانی پێشووی چارەسەركرد. لەگەڵ ئەوەشدا لۆتەر مەرجە گۆمەڵگەییو ئایینیەكانی سەردەمی خۆی ببرێت، بۆیە وێنای رزگار بوونی مرۆڤی لەدەرەوەی مەسیحیەت نەكرد، ئەوبیری لەرزگاركردنی مرۆڤ لەدەرەوەی كڵێسا كردەوە، بەڵام لەدەرەوەی مەسیحیەت نا.لێرەدا لۆتەر وای بۆچوو كەمرۆڤی كامڵ مرۆڤی مەسیحیی ئیمانداره، دەربازبوون لەم بۆچوونە پێویستی بەدووسەدە لەزەمەن هەبوو ،كە پڕبوون لە كارو بیركردنەوەی نوێ، پێویست بوو چاوەڕوانی رۆشنگەری بكرێت.

# چەرخی ڕۆشنگەری، ڕوانینی نوێ بۆ گەردوون

وەك سەرنجماندا، پرۆتستانتیەتو چاكسازی دژ، سەركەوتووبوون لەئازادكردنی مرۆڤی مەسیحی لە دیلی (ژێردەستی) كۆتە لاهوتیەكانی پاشماوەی سەدەكانی ناوەڕاست، بەڵام نەیتوانی لە هەموو مەرجكارییە ئاینیەكان ڕزگاری بكات. ئەمەش نەهاتەدی تەنها لەڕێگەی ئەو بیرمەندانەی ڕۆشنگەری نەبێت كە توانیان هەنگاوێكی گرنگ لەبواری فیكرو وجود بهێننەدی، ئەمەش بەئاشكراكردنیان بەوەی كە:مرۆڤی بۆخۆی بەهایەكەو پێویستە ڕیزی لێبگیرێت، بەچاوپۆشین لە ئایینو مەزهەبو بۆچوونی سیاسیانە.[١٢]

چەرخی ڕۆشنگەری هاوشانێكی بەهێزی بزوتنەوەی عەقڵانی بوو كە بیروباوەڕی گرنگی لەزۆر بواردا گرتبوە خۆ:

یەكەم: سەدەی حەڤدەهەم بیروبۆچوونەكانی هەریەك لە نیوتنو هارڤیو دیكارتو باسكاڵو كیبلەروگالیلۆی بە خۆوەبینیو بۆچوونی كۆنی دەربارەی جیهانی سروشتی هەڵگەڕاندەوە، جاچ ئەو بۆچوونانەی كە لە بۆچوونەكانی باتلیمۆسو وێنای یۆنانی كۆنەوە وەرگیرابوون، چ ئەو بۆچوونەی كە لەكتێبی پیرۆزەوە وەرگیراون.

دووەم: ئەم وێنا كردنە نوێیە ئەو بۆچوونە فەلسەفیو سیاسیانەی زەق كردەوە كە هەریە لە بیكۆن وديكارت بانگەشەیان بۆدەكردوو بەدامەزرێنەری فەلسەفەی هاوچەرخ لە قەڵەم دەدرێت، ئەمە لەلایەكو، خستنەرووەكانی میكیاڤللیو هۆبزیش لە ئاستی تیۆرە سیاسیو كۆمەڵایەتیەكان لەلایەكی دیكە

چەرخی ڕۆشنگەری، چەرخی زیادبوونو كەڵەكە بوونی مەعریفیو چەرخی بڵاوبوونەوەی فراوانی چاپو ڕۆژنامەكانە. ئەو بیرو بۆچوونە نوێیانەی كە پێشكەوتنی زانستیو تەكنۆلۆژی بەستنەوە بەبیری پێشكەوتن، بەمانا ڕۆشنبیریو ئەخلاقیەكەی شتێك نەبوو پێشتر هەبوووبێت: پەیوەندی



نێوان بیری پێشكەوتنو ڕێگاكانی زاڵ بوونی مرۆڤ بەسەر سروشتو بەكارهێنانی لە پێناو بەرژەوەندییەكانی، بەجوانی ڕوون بووەوە. بەڵام بۆچوونی بنچینەیی كە بیرمەندانی ڕۆشنگەری پێدەناسرێنەوە ئەوە بوو: لێرەدا، لەسەر ڕووی زەوی، ئادەمیزادەكان هەموویان دەتوانن بگەنە ئاستێك لە كامڵ بوون[١٣] و ئەم بیرۆكەی كامڵ بوونە لە قۆناغی گواستنەوەدا لەسەر دەستی هەریەك لە نیوتن و جۆن لۆك سەریهەڵدا، ئەویش لەڕێگەی جەخت كردنیان لەسەر هەردوو بیرۆكەی سروشتو عەقڵ، كەوای كرد مەعریفەی سروشتی بگواز ڕێتەوە بۆناو بواری پەیوەندییە مرۆییەكان.

دەتوانین ڕۆشنگەران بەپێی ڕێنوسی كلاسیكی دابەش بكرێنە سەر سێ نەوە:

ا- نەوەی یەكەم: كە هەریەك لە مۆنتیسكیۆو، بۆبو،( ئەلربوبیین)ە ئینگلیزەكان دەگرێتەخۆ.

ب-نەوە دووەم: كە هەریەك لە لامێتریو هلفتیۆس هۆلباخ، فیزۆكراتیەكان دەگرێتەخۆ، هەروەها ئادەم سمیس خاوەنی ( سامانی نەتەوەكان) و، بەناوبانگترینیان جان جاك ڕۆسۆیە.

ج-نەوەی سێیەم : كە پێكدێت لە جۆن ئادمیز، تۆماس جیفرسۆن، تۆبێن، دانتۆن، ڕۆبسێر، گرایو نوێگەرە نوێخوازەكانی ڕۆشنگەری، وەك یەكگرتوی دژانی سالۆن لە ئەمریكاو ئەوانی دی.

لەگەڵ ئەمەشدا (ڤۆڵتێر) بەیەكێك لەدیارترین نوێنەرانی ڕۆشنگەری دەمێنێتەوە كە لەگەڵ ڕۆشنبیرە فەرەنسیەكان بەشداری كرد لە گواستنەوەی بۆچوونەكانی ڕۆشنگەری بۆ ئەوروپا.[١٤] جا لەبەر زەحمەتی ئاماژە پێكردنی ئەو بەشداریە زۆرانەی كە هەموو ئەو بیرمەندانە پێشكەشیان كردن، تەنها نمایشێكی شیكاریانەی بەرنامەی ڕۆشنگەری دەكەین، ئەمەش لە هەوڵێكدا بۆ كورتكردنەوەو پوخت پیشاندانی ئەو بنەما بنچینەییانەی كە هەریەك لەو بیرمەندانە پێشكەشیان كردووە، لەوەی كە تایبەتە بە بونیادنانی وێنایەكی

نوێ بۆ دنیاو کۆمەڵ کەخانە  یەکەمەکانی پێکهانی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی لە دارشتنە پێگەیشتوەکەیدا ،پێکیهێناوە.

چەرخی رۆشنگەری، لەجەوهەردا گەرانەوەیەك بۆ ریزگرتن لە ئەکتێڤی عەقڵی سەربەخۆ لەسەر ئاستی تیۆری پێك دێنێت، بەجۆرێك ئەم چەرخە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیدا ئەنجامی ئەو ململانێ تایبەتیانە بوو کە لەهەردوو سەدەی شازدەهەم‌وحەڤدەهەم روویانداو بەردەوامبوو، یەکلاکەرەوە نەبوون، بەجۆرێك ئەو لێبوردنە ئایینیەی کە دوا بەدوای ئەو ململانێیانە هات، رێگەیان خۆشکرد بۆسەرهەڵدانی ئەنجامی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی مەودا فراوان.

وەستان رووبەرووی دەسەڵاتی رەها لە هەموو لایەك دەستی پێکرد، لەئینگلتەرا ململانێی ئایینی بەدارشتنی دەستورێکی ئازاد لە توندڕەوەی کۆتایی هات‌و، لە فەرەنسا هێزە رۆشنگەرەکان  هەوڵ‌و توانای گەورەیان بەخشی بۆ خۆئامادەکردن بۆ شۆرشی ١٧٨٩. لە ئەڵمانیاش رۆشنگەری تارادەیەکی زۆر رۆڵی زیندووکردنەوەی رۆشنبیریی بینی.[١٥]

نوسەرانی (ئەنسکلۆپیدیا) کە بەدیارترین بەرهەمی چەرخی رۆشنگەری دادەنرێن، بەشداریان کرد لە سەرخستنی ئەو بۆچوونەی کە  لە مەیدانی عەقڵیدا هێزێکی پاڵنەری نوێ لە دنیادا دەبینێت‌و، ئەوان لە ئیشێکی گەورەدا سەرجەم  مەعریفە زانستیەکانی سەردەمی خۆیان کۆکردنەوە، ئەوەش نەك هەر لە رووی ریزبەندی ئەبجەدیەوە، بەڵکو لەو رووەوە کە وەسفێکە بۆ رێگەی زانستی لەمامەڵە کردن  لەگەڵ دنیا، بەمەش دەیانویست دەزگایەکی کاریگەری ململانێی دژ بە تێنەگەیشتوویی دەسەڵاتی بەرقەرار بەرهەم بێنن.[١٦] ئەنسکلۆپیدیەکان شان بەشانی ماتریالە فەرەنسایيەکان‌و نوێنەرانی بزوتنەوەی رۆمانسی بەشدارییان کرد لە خەلقکردنی دیدێکی نوێ بۆ دنیا، کە کۆمەڵناسی فەرەنسایی(ئەمیل زۆلا) لە گوتنێکیدا بەم شێوەیە وەسفی دەکات:" ئەم ئایدیۆلۆژیایە -دایك-  کە رۆشنگەری بۆ دنیای دۆزیوەتەوەو دژایەتی مەسیحیەت دەکات، ئەمەش لەرێگەی چوونەدەر لێیەوە، ناوێکی



رەمزیانە هەڵدەگرێت کە سەنگین کراوە بەماناو، بارگاوی کراوە بە دەلالەتی واقیع لە سەدەی رابردوو، ئەویش لیبرالیەتە، کە لەو پەڕی بەهێزی دابووە بە جۆرێك بەرگری لە سەرجەم هەوڵەکانی کاسۆلیکیەت کردووە بۆ لەناوبردنی یان رکابەرایەتی کردنی.[١٧] ئێمە لە بەرامبەر شتێکدایین کە دەکرێت ناوبنرێت بە: پچڕانێکی دەلالیی مەعریفی گەورە لەگەڵ ئەو سیستەمەی کە لەئەوروپای ناوەراستدا باوبوو، ئەو هەنگاوە گرنگەی کە بووە هۆی پێکهێنانی کۆمەڵی مەدەنی لە وڵاتە ئەوروپییەکان لەسەر بنچینەیەکی نوێ ئەویش چەمکی نیشتیمانێتی نەتەوەییە کە هەموو ئینتیما خێڵگەری‌و مەزهەبیە کۆنەکانی هەرەسپێهێنا.  هەروەها بۆ ئەوەی چەمکی زۆرینە کەئایینی بوو بگۆڕدرێت‌و— بەپشتبەستن بەیاسای دەنگدانی گشتی‌و ئیرادەی زۆرینە- ببێتە سیاسی‌و تەواو حزبی، کەببووە هۆی گۆرینەوەی دەلالەتی چەمکێکی نوێ ئەویش مەشروعیەتە، کەدواتر کەوتە نێو دەستی دەنگدەران‌و سندوقی دەنگدان.  بەڵام ئەو گۆرانکاریانە، کە لێرەدا چرپیان دەکەینەوە، بەیەك جار روویان نەداوە، بەڵکو زیاتر لەسەدەیەکی خایاند، تاوەکو لەرووی  تیۆریەوە کەوتە قاڵبی دارشتن‌و دەستورەکان‌و، لەسەر زەمینەی واقیع هەڵسوکەوت‌و مومارەسەکانی بەرجەستە کردو، نرخی بەدەستهێنانی زۆر گرانبوو: هەوڵ‌و خەبات کەڵەکەکران، بیرو بۆچوونی زۆر داهێنران‌و جارێکی‌دی دارێژرانەوە، بەڵام لەبەرامبەریشدا، وەدەستهێنان‌و ماف‌و  هیوای گەورەهاتنە دی.

## گۆڕانەکانی چەمکی سەروەرێتی:

تیۆری (بودان) دەربارەی دەسەڵاتی رەها دوایین دارشتن نەبوو کە بەرگری لە دەسەڵاتی رەها بکات، سەدەیەك دوای ئەم زەمەنە(بوسویە) (١٦٩٧- ١٧٠٩) هەرسێ بەشی سێیەم‌و چوارەم‌و پێنجەمی کتێبی (سیاسەت) تەرخان دەکات بۆ لێکۆڵینەوەی پادشایەتی‌و تایبەتمەندێتیەکانی. لەلای (بوسویە) پادشایەتی بەچەند تایبەتمەندیەك دەناسرێتەوە:

١- پیرۆزی پادشایەتی: میرەکان شالیاری خواوەندن‌و ئەفسەری یارمەتی درەی ئەون لەسەر رووی زەوی تەعەددا کردن لەوان پێشێل کردنی حەرەمە پیرۆزەکانە" ئەوان موقودەسن، بەوپێیەی نوێنەری شکۆداریێتی خواییین‌و نێردراوی چاودێری خواییین بۆ جێبەجێ کردنی مەبەستەکانی".

٢-دەسەڵات رەهایە: بەجۆرێك نابێت میر هیچ نرخێك پێشکەش بەو کەسە بکات کە فەرمانی بەسەردا دەدات.

٣-دەسەڵات، باوك سالارانەیە: " پادشاکان لەسەر وێنەی باوك دروستکراون، ناوی شاناوی باوکە". لویسی چواردەهەم لە یاداشتەکانی دەنوسێت‌و دەڵێت" ئەگەر ناوی سەروەر مولکی ئێمە بێت بەمافی لەدایکبوون، ئەوا ناوی باوك سازگارترین بابەتە بۆ حەزەکانمان".

٤- پاشایەتی دەچێتە ژێر باری عەقڵ، (بوسویە) لە کتێبی (سیاسیت)دا دەڵێت:" حوکم دروستکراوی عەقڵ‌و بیرە. ئەوەشە کە لە میری عاقڵ گەرەکە". هەروەها ئەو سیفەت‌و ئادگارانە دەژمێرێت کە پێویستە خاوەن سەروەری هەیبێت، ئەو کەسەی کە مافی ئەوەی هەیە گوێ رایەڵی بکرێت لە هەموو ئەو شتانەی کە دیانڵێت و، تەنها حاڵەت کە تیایدا ناکرێت بە تەواوی گوێڕایەڵی بکرێت، ئەو کاتەی کە فەرمانی دژ بە خودادەر دەکات، تەنها ئەو کات وشەی پێغەمبەرایەتی بەجێ دەگەیەنرێت: "بەوەی پێویستە گوێڕایەڵی خواوەند بکرێت لە جیاتی گوێڕایەڵی ئادەمیزاد".[١٨]

ئەو کەفوکوڵە بۆ دەسەڵاتی رەها بێ نمونەییە تەنها لە نووسینەکانی "توماس هۆبز" نەبێت بەدی ناکرێت، بەتایبەتیش لە کتێبە بەناوبانگەکەی (leviathan) (ئەژدیها) لەگەڵ ئەوەی کەوا " هۆبز" رێگە دەدات سەروەری تەئویل بکرێت بۆ کەسێك یان توێژێکی کەم یان کۆمەڵەیەك لەرێگەی پەیمان بەستندا، بە پێچەوانەی( بوسویە) بەڵام ئەو سووردەبێت لەسەر شێوازی رەها بۆ دەسەڵات." دەکرێ بۆ کەسێك یان زیاتر یان هەمووان کە ببنە خاوەنی دەسەڵاتی رەها، ئەم دەسەڵاتەش کامڵەو رێگە بە دابەشبوون نادات."[١٩]
کاتێکیش(هۆیز) دەسەڵاتی پادشایی بە باشتر دەزانێت، ئەو وای دەبینێت کە



بەرژەوەندی تاکە کەسی پاشا بۆ خۆی بەرژەوەندیەکی گشتیە!.. ماف‌و ئەرکەکانی پاشا لەبوونی ئەو لەو بەڵگەنامە سەرەکییە سەرچاوە دەگرن کەلەرێگەیەوە هەموو تاکێك لە مافی سروشتی رەهای خۆی لە هەمو شتێك خۆش دەبێت، بۆیە ئادەمیزادەکان خۆیان لە ئازادی رادەربڕین دەربارەی هەموو مەسەلەکان رووتکردۆتەوە، بۆ ئەوەی رایان ببێتەڕای ئەو شایەی کە ئیرادەکەی جێی ئیرادەی ئەوانی گرتۆتەوە. ئەو دەسەڵاتە بێ سنوورەی پاشا، کە رێگە بەدابەشکردنی نادات، پابەندە بە کۆمەڵێك یاساوە: یەکەمیان دەسەڵاتی تەمەنی یاساکان‌و هەڵوەشاندنەوەیان. بەوەی کە پاشا پابەندبێت بەو یاسایەی کەدایناوە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکەی نەبێتە دەسەڵاتێکی چەوسێنەر، ئەمەش هەنگاوێکی دیکەیە کە (هۆبز) جیادەکاتەوە لەهەریەك لە (بودان) و(بوسویە)و سەرجەم خاوەنەکانی دیکەی تیۆرەکانی مافی خوایی پاشاکان، چونکە ئەو لە دامەزرێنەرانی پاشایەتی دەستورییە. لەبەرامبەر ئەو مافانەشدا کە (شا) هەیەتی، پێویستە لەسەری چەند ئەرکێك جێبەجێ بکات لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە: ئەو شتە فەراهەم بکات کە دەوڵەتی لە پێناو دامەزراوە، کەئەویش ئاسایشە."ئاسایشی گەل بەرزترین یاسایە".[٢٠] ئەمەش توانستی چێژ وەرگرتن لەسوودو خۆشیەکانی دەگرێتەخۆ. یەکێتی ئادەمیزادەکانیش بەهەڵبژاردن‌و ویستی خۆیان لەکۆمەڵگایەکی سیاسی/مەدەنی بۆ ئەوەیە کە لەگەورەترین خۆشیدا بژین، یان کەمترین ناسۆری کە بەشەریەت رێگەی پێدەدات. هەروەها لەسەر پاشا پێویستە ئازادی بۆ رەعیەتەکانی بێنێتەدی‌و، یەکسانیان بۆ گەرەنتی بکات‌و، بێکاری قەڵاچۆ بکات‌و کار بۆ هەموو تاکێك دابین بکات. ئەگەر بێ هێزی پاشا گەیشتە ئەو رادەیەی نەتوانێت پاراستن بۆ رەعیەتەکان دابین بکات، ئەوا رەعیەتەکان لەهەموو پابەندبوونێك دەشۆرێن. بەپێی هۆبز، ئەوەی کەدەوڵەت پێکدێنێت دەسەڵاتە، ئەویش کە لە نێوی دەبات نا ئامادەگی دەسەڵاتی رەهایە.[٢١]

لە هەنگاوێکی دوابەدوای ئەمەدا، چەمکی سەروەری گۆڕانێکی گرنگ لەسەر دەستی هەریەك لە"لۆك" و"رۆسۆ" بەخۆوەدەبینێت، ئەمەش لەرووی

چاوگی سەروەریەکەو هەروەها لەرووی سنوورو تواناو تایبەتمەندێتیەکانی(*). لەکاتێکدا ڕێبەرانی ماڤی سروشتی (گرۆتیۆس-grotiu )و( پۆفیندۆرف- pufendorf ) وای بۆدەچن کە سەردانەواندنی تەواو لەلایەن گەل‌و، ملکەچکردن بۆ حوکمڕان، دوو مەرجی گرنگ پێکدێنن بۆ پەیمان بەستن لە پێناو دەرچوون لەو حاڵەتەی کەناویان ناوە "حاڵەتی بێ ئومێدی" کە لەحاڵەتی سروشتیدا لەناوی دەژین، لەو کاتەدا "جۆن لۆك" رای وایە کە پەیمانبەستنی کۆمەڵایەتی ئامانجێکە ناکرێ لەگەڵ کۆیلایەتی‌وملکەچیدا بێتەدی، بگرە دەبنە هۆی رەتکردن‌و دوورخستنەوەی ئەو ئامانجە.پێش گوزەرکردن بەشیکردنەوەی بیرۆکەی سەروەری‌و چاوگ‌و سنورەکانی لەلایەن هەریەك لە" لۆك"و"رۆسۆ"،دەبێت تیشك بخرێتە سەر چەمکی پاشایەتی‌و هاوولاتیبوون بۆ ئەو پەیوەندیە پتەوەی کە بەچەمکی سەروەریان دەبەستێتەوە، ئەم پەیوەندیەش کە زەرورەتێکە بۆ گەیشتن بەدامەزراندنی پەیمانی کۆمەڵایەتی، لەدوو ئاستدا شەرعیەت‌و ئەهلیەت دەدات بەکۆمەڵی مەدەنی: لۆژیکی مەعریفیانە لەلایەك‌و، مێژوویی واقیعیانەش لەلایەکی دیکە.

"لۆك" وای بۆ دەچێت کە مافی پاشایەتی سەرەڕای مافی ئازادی، یەکەمی مافەکان پێك دێنێت کەلە باری سروشتی‌و بەر لەگواستنەوە بۆ باری کۆمەڵگا دراوەو، پاساوە بۆ دامەزراندنی دەسەڵات پاراستن‌و رێکخستنی ئەو مافانەیە. ئەگەر بنچینەی ماڤ ژیان‌و خاوەنداریێتی‌و یەکسانی‌و ئازادی لەحاڵەتی سروشتیدا هەبن، ئەوا ئەرکی دەسەڵات پاراستنی ئەو مافانەو، دواجار پاراستنی خاوەنەکانیەتی لەهەموو شێوازێکی زۆرەملێ‌و چەوسانەوە کەرەنگە دووچاریان ببێت، ئەویش لە چوارچێوەی دەزگایەکی کۆمەڵایەتیدا کە یەکبوونی ئازاد و سەربەستانەی ئەوان پێکی دەهێنێت.

لەکاتێکدا چەمکی (هاولاتی) کە لەنووسینەکانی "سپینوزا" زەقدەبێتەوە، ئەو زەمینە پێك دەهێنێت کە ئەو بۆچوونە نوێییەی لە سەر دامەزراوە، کە شۆرشی فەرەنسای پێگەیشت‌و، مرۆڤی، هاوولاتی تاکی، بەچاوپۆشین لە



رەگەزو رەنگ و ئایینەکەی، بە بنچینەی ئازادی لیبڕاڵی‌و چاوگی هەموو کایە کۆمەڵگاییەکان لەقەڵەم داوە.

"سپینوزا" جیاوازی دەکات لە نێوان کوڕ و بەندەو هاوولاتی، ئەمەش لە رووی ئەو پەیوەندییەی کە هەریەکێکیان دەبەستێتەوە بە بیرۆکەی ملکەچی‌و گوێڕایەڵی کردن،( کەواتە جیاوازیەکی گەورە لە نێوان بەندەو کوڕو هاوولاتی هەیە، کە بەم شێوەیە دایدەرێژین: بەندە ئەو کەسەیە ناچار دەبێت ملکەچ بێت بۆ ئەو فەرمانانەی کە بەرژەوەندی گەورەکەی بەجێ دەهێنێت، کوڕیش کەسێکە، لەسەر فەرمانەکانی دایك‌وباوکی، ئەو کردارانە جێبەجێ دەکات کە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەجێ دەهێنێت؛ بەڵام هاوڵاتی ئەو کەسەیە کە لەسەر فەرمانەکانی حکومڕان ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات کە بەرژەوەندی گشتی‌و پاشایش بەرژەوەندی تاکەکەسی بەجێ دەهێنێت".[٢٢] کەواتە هاوڵاتی ئەو کەسەیە کە لەلایەك فەرمانەکان جێبەجێ دەکات‌و ملکەچی یاسا دەبێت‌و لەلایەکی دیکە بەشداری دەکات لە دروستکردن‌و بەخشینی مەشروعیەت پێی، هەر وەك چۆن لەرێگەی گەشەپێکردنی ئەم چەمکە لەلایەن (رۆسۆ)وە روون دەبێتەوە، دواتریش لە رێگەی تێگەیشتنی ئەو بۆ چەمکی دیموکراتیەتەوە، کە لەبنەڕەتدا دەگەرێتەوە بۆچەمکی تاکی هاوولاتی، لەجیاتی چەمکەکانی دیکەی وەك ئیماندارو بێئیمان، پیاو و ژن، ئازادو بەندە، کەلە قۆناغەکانی پێش لەدایك بوونی کۆمەڵی مەدەنی باوبوون. بەڵام گوزارشتکردن لە گرنگترین گۆڕانەکانی چەمکی سەروەری لەو پەیمانبەستنەدا دەبینینەوە کە پەیوەندی لەنێو دەسەڵاتدارو دەسەڵات بەسەردراوەکان رێك دەخات‌و، مەشروعیەت دەداتە پیادەکردنەکانی دەسەڵات، کەواتە کۆڵەگەکانی پەیمانبەستن چین‌وچۆن دەکرێ سەروەری لەنەتەوە بۆ بەشێك بگوازرێتەوەو، چۆن بەشێك لە گۆمەڵگادا بەکۆکی‌و تەبایی حوکمی سەراپا دەکات؟!

# له حاڵەتی سروشتیەوە بۆ پەیمانی کۆمەڵایەتی:

فەلسەفەی سیاسی نوێ، لە چەرخە کلاسیکیەکەی، لە روانینەوە بۆ حاڵەتی سروشتی"natural state " دەستی پێکرد، بەئامانجی دیاریکردنی هەڵوێستێکی روونو ئاشکرا لەو حاڵەتە گریمانەییەی پێیوایە مرۆڤ لە حاڵەتێکی سەرەتایی دەژیا لە پێش دەرکەوتنی کۆمەڵگا. بەڵام هەر زوو ناکۆکی لە نێوان دیارترین نوێنەرانی ئەم فەلسەفەیە( تۆماس هۆبز، جۆن لۆك، جان جاك رۆسۆ) دەربارەی وەسفکردنی فیترەت یان حاڵەتی سروشتی سەری هەڵدا، دەربارەی ئەوەی ئاخۆ ئەم فیترەتە چاکەکارو لەسەرخۆیە، یان دڕندەو شەرانگێزە، یان نە ئەویانەو نە ئەمیان، بەڵکو حاڵەتێکی کەتوارییەو دەکرێ چاککردنی تێدا بکرێت. بە پێچەوانەی هەموو فەیلەسوفەکانی پێش خۆیو ئەوانی بەرگریان لە دەسەڵاتی سەرکوتکەرانە دەکرد، هۆبز(١٥٨٨-١٦٧٩) پێیوایە خەڵکی لە حاڵەتی سروشتیدا هەموویان یەکسانن، ئەو حاڵەتەی کە هەموو مرۆڤێك لە رێگەیەوە دەخوازێت ئازادی خۆی بپارێزێت، بەڵام لە هەمان کاتدا حەز دەکات دەسەڵاتی بەسەر ئەوانی دیکەدا بڕوات.[٢٣] لە روونکردنەوەی بۆ ئەو پێچەوانەسازییەی پێشوو( هۆبز) پێیوایە مرۆڤ سەرەڕای سروشتی تاکگەرییانەی ناتوانێت بەتەنیایی بژیت، بەمەش مرۆڤی بەرامبەری دەبێتە رکابەری، دواجار هەموو مرۆڤێك هاوتای مرۆڤەکەی ترە. بەمەش رکابەرێتیو بەگژیەکچوونی ئاڵوگۆڕکراوو ئارەزووی گەیشتن بە شکۆدارێتیو ناوبانگ دەبنە دەسپێکی واقیعیەکانی ئەو شەڕە بەردەوامەی کە هەرتاکێك دژ بە تاکێکی دی بەرپای دەکات ، هۆبز دەگاتە ئەو رایەی کە "مرۆڤ گورگی مرۆڤە".[٢٤] لەم حاڵەتە شەڕەدا یاساو ستەم لەئارادا نین، هێزو فێڵ دوو بنەما سەرەکییەکەن، لەشەڕێکی وەهاشدا موڵکدارێتی بوونی نییە، بەڵکو بۆ هەموو تاکێك هەیە تەنها ئەوەی لە توانایدایە بیبات، بەقەد ئەوەی کە دەتوانێت پارێزگار لێبکات. ئەوەیە حاڵەتی سروشتی لای هۆبز؛ لێرەوە



زەرورەتی دەرچوون لەو حاڵەتە دێتە پێش بۆئەوەی رەگەزی بەشەریەت توشی وێرانکاری نەهێنێتو ئەویش بەعەقڵو عاتیفە دەکرێت. بەپێی سیفەتی شەڕانگیزانەی سروشتی بەشەریەت، کۆکبوون لەسەر یاسای سروشتیو پرەنسیپی عەقڵی شتێکی ئەستەمە، بۆ ئەو حاڵەتە هەر دەبێت هێزێکی بەرجەستەوچەکدار دابمەزرێت کەتوانای سزادانی هەبێت بۆئەوەی ئادەمیزاد لەسەر ئەوە سەرزنشت بکات، چونکە رێککەوتننامەکان" بەبێ شمشێر جگە لە وشە شتێك نین". ئەم هێزە بریتیە لە دەوڵەت کە خەڵکانی ئاسایی بە هۆی بەستنی رێککەوتننامەیەکی هەڵبژێردراو لە نێوان خویاندا، بەمەبەستی پاراستنیان پێکیدەهێنن، هەروەها بۆئەوەی لە حاڵەتی تۆقێنەرانەی سروشت دەرچن، بەبێ ترس لە ئەگەری لەناوچوون.[٢٥] بەم مانایە کۆمەڵگای سیاسی وەك ئەرستۆ دەیبنێت نابێتە رووداوێکی سروشتی، بەڵکو "بەرهەمێکی دەستکردی رێککەوتننامەیەکی ئیرادەگەراییو حسابێکی سوود بەخشە"[٢٦]. "ئەو مافە سروشتیەی کە هەموو مرۆڤێك هەیەتیو لەرێگەی بۆندێك کەلە نێوان هەموو تاکێكو تاکێکی دی دەبەسترێت بۆ کەسی سێیەم دەیگوازێتەوە، ئەو مافە بریتییە لەو دەستکردە/ رووداوەی کە لە خەڵکی سروشتی کۆمەڵی مەدەنی پێك دێت"[٢٧].

" مرۆڤ بە ئازادی لە دایك بووە، لە کاتێکدا لە هەموو شوێنێك کۆتوبەند دەکرێت"." چۆن ئەم گۆرانکاریە روویدا، چی وادەکات شەرعیەت بەدەست بهێنێت؟ وابزانم دەتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە"[٢٨]. بەم شێوەیە (رۆسۆ ١٧١٢-١٧٨٨) کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) دەست پێدەکاتو، لەوەوە دەست پێدەکات کە خەڵکی لەبارەی سروشتیدا ئازادو یەکسان بوون. پاشان ئامانجی خۆی لەو کتێبەدا روون دەکاتەوە بەوەی: کە ئەو دەیەوێت لەوەبکۆڵێتەوە ئاخۆ لەسیستەمی مەدەنیدا رێسایەکی شەرعیو بێگومان هەیە بۆ ئیرادە.

(رۆسۆ) پێیوایە : تەنها کۆنترینو سروشتیترین کۆمەڵگا، کۆمەڵگای خێزانە، بەجۆرێك کوڕەکان تا ئەو ئاستەی پێویستیان پێ هەیە

بەباوکەکانیانەوە بەستراونەتەوە ئەوش لە پێناو مانەوەیان. کاتێك ئەو پێویستیە نامێنێت لەگەڵیدا پەیوەندیە سروشتیەکانیش لەناو دەچن. ئەگەر دوای ئەوە بەردەوام بوون لە مانەوەو تەحەددایان کرد، ئەوا ئەو مانەوەیە سروشتی نابێت، بەڵکو مانەوەیەکی ئیرادەگەرا دەبێتو، خێزانیش دەبێتە خێزانێك لەرێگەی پەیمانبەستنەوە. ئەو ئازادیە هاوبەشە ئەنجامێکی سروشتی مرۆڤەو، خێزان نموونەی یەکەمی کۆمەڵگا مرۆییەکانە، بەجۆرێك رێبەر وێنەی باوكو گەل وێنەی کوڕەکان پێك دێنن. لەکاتێکیشدا کە ئەوان بە سەربەستیو یەکسانی لەدایکبوون، ئەوا لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان نەبێت بەهیچ شێوەیەك دەستبەرداری ئازادییەکەیان نابن. بەم شێوەیە گواستنەوە لەحاڵەتی سروشتی بۆ حاڵەتی مەدەنی گۆڕانێکی بەرچاو لەمرۆدا دروست دەکات، ئەمەش بەگۆڕینەوەی غەریزە لە رێڕەویدا بەدادوەریو تێرکردنی کردارەکانی بە مۆراڵ.

لەدیدی "رۆسۆ"وە کەموکوڕی (هۆبز) لەوەدایە کە ئەو لە روانینی بۆ مرۆڤ لە حالّتی سروشتی، بەچاوی (مرۆڤی هەبوو لەناو کۆمەڵگا) لێی روانیوە، رۆسۆدەڵێت: هۆبز کەموکوڕی هەموو ئەو پێناسە نوێیانەی ئاشکراکردووە کە بۆ مافی سروشتی کراون، بەڵام ئەو ئەنجامانەی کە لە پێناسەکەیدا کورتیان دەکاتەوە، ئەوەمان بۆ دەردەخات کەوا بابەتەکە بەمانایەك دادەرێژێت هەڵەکانی لەوانی دی کەمترنین.. لەسەر ئەو نووسەرە پێویست بوو بڵێت حاڵەتی سروشتی ئەو حاڵەتەیە کە تیایدا گرنگی دان بە پاراستنی بوونی تایبەتیمان کەمترین زیان گەیاندنە بە بەرامبەر، بەمەش ئەم حاڵەتە، دو اجار ئەو حاڵەتەیە کە زۆرتر لەگەڵ ئاشتیدا یەك دەگرێتەوەو زیاتر لەگەڵ توخمی بەشەریەت دەگونجێ. بەڵام ئەو یەکڕاست پێچەوانەی ئەمە دەڵێت، چونکە ئەو چەند حەزێك دێنێتە ناو بابەتەکە کە دروستکراوی کۆمەڵگان، کەچی ئە لە لیستی ئەو شتانە ریزبەنیدان دەکات کە مرۆڤ بۆ پارێزگاری ژیانی هەوڵیان بۆدەدات"[٣٠]. رۆسۆ وادەڕوانێتە حاڵەتی سروشتی بەوەی کە نزیکترین حاڵەتە بۆ بێگەردی. بەجۆرێك مرۆڤ هەر چەندە لە



حاڵەتی سروشتی نزیکبێتەوە، باشتردەبێتو هێدی هێدی بەقەد ئەوەی ویستو حەزەکانی کۆمەڵگا بەسەریدا زاڵ دەبێت ئەوەندە لە شەرانگێزی نزیك دەبێـەوە. یەکەمینی ئەو حەزانەش بریتییە لە شەهوەتی موڵکدارێتی. لەو رۆژەوەی بەبیری مرۆڤدا هات کە زەوییەك پاوان بکاتو بڵێت"ئەوە هی منە، پاشان خەڵکێکی سادەو ساویلکەی وەهای دۆزیەوە، کە باوەڕیان پێکرد لەو رۆژەدا ئەو مرۆڤە دامەزرێنەری کردارییانەی کۆمەڵی مەدەنی بوو"[٣١]. گواستنەوەش بۆ حاڵەتی کۆمەڵگا یەکسانییە سروشتیەکان لەناو نابات بەڵکو بەپێچەوانەوە"یەکسانی شەرعیو مۆراڵی جێگەی ئەو کەموکوڕیانە دەگرێتەوە کە لەحاڵەتی سروشتیدا هەن، بۆ ئەوەی هەموو لایەك بەکۆکیو بەهەق یەکسان بن"[٣٢]. جائەگەر دژیەکبوونی بەرژەوەندیە تاکێتیەکان – لەحاڵەتی سروشتی – وایکردبێت کە دامەزراندنی کۆمەڵگاکان زەرورەت بێت، ئەوا رێککەوتنو کۆکبوون لەسەر ئەم بەرژەوەندییانە وایکردووە کە ئەم کۆمەڵگایانە پێك بێنو" تەنها لەسەر بنچینەی ئەم بەرژەوەندیە هاوبەشە، دەبێت کۆمەڵگا حوکمڕانێتی بکات"[٣٣]. بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵایەتی( social contract ) لەسەر ئەو گریمانەیە دادەمەزرێت کە پێیوایە ئادەمیزادەکان گەیشتوونەتە ئا ستێك کەتیایدا ئەو گیروگرفتانەی لە حاڵەتی سروشتی رووبەروویان دەبێتەوە زاڵبوە بەسەر ئەو هێزانەی کە هەموو تاکێك بۆ بەردەوام بوونی لەو حاڵەتە دەتوانێت بەکاریان بێنێت. بەم شێوەیە نەکراوە ئەو حاڵەتە سەرەتاییە بەردەوام بێت. بۆیە خەڵکی هێزگەلی نوێیان پێکهێناوە، ئەمەش لەرێگەی یەکگرتنو چوونە پاڵیەكو کۆبوونەوەیان بۆ کارکردن بەیەك مەبەستو بەشێوەیەکی هەماهەنگ. لێرەدا " جۆرێك لە یەکێتی پەیدابوو کەهەموو هێزە بەشداربووەکانو خودی هەموو بەشداربووێكو هەروەها سامانەکەشی دەپارێزێتو بەرگری لێدەکات، لەگەڵ ئەوەش کە هەر تاکێك لەگەڵ هەمووان یەکدەگرێت، بەڵام ملکەچی هیچ کەسێك ناکات جگە لەخۆی نەبێ وەکو پێشوو بە ئازادی دەمێنێتەوە"[٣٤].

دەکرێ مەرجەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی کورت بکرێتەوە لە دەستبەرداریێتی تەواو، لەلایەن هەموو بەشداربوویێك، لە هەموو مافەکانی بۆ کۆمەڵەکە هەمووی، لەو کاتەشدا کە هەرتاکێك جڵەوی خۆی بۆ(هەمووان)شل دەکات، بۆ هیچ کەسێکی دیکەی شل ناکات. دەکرێ ئەمە بەوتەیەکی ( رۆسۆ) روون بکرێتەوە کە دەڵێت :" هەریەك لە ئێمە بەخۆیو بەهەموو توانایەکی لە ژێر بەرێوەبردنی ئیرادەی گشتی بەرز، بەشداری کۆمەڵگا دەکاتو، لەسەر شێوەی دەزگایەك هەموو تاکێك وەك بەشێکی دانەبڕاوی گشت وەردەگرین"[٣٥]

لەو پەیمانبەستنەی پێشووی نێوان کەسەکان شتێك دەبێتە بەرئەنجام، کە بەشاری سیاسی یان پێکهاتی سیاسی یان کۆمار ناوزەد دەکرێت.بەشدار بوانیش تیایدا، ناوی گەل وەردەگرینو، وەکو تاکیش بە هاوڵاتی بانگ دەکرێن، ئەمەش بەو پێیەی کە بەشدارن لەدەسەڵاتی سیاسیی، هەروەها رەعیەتیشیان پێدەگوترێت بەو پێیەی ملکەچی یاساکانی دەوڵەتن. بەشێوەیەکی گشتی گوساتنەوە لەحاڵەتی سروشتی بۆ باری مەدەنی گۆڕانێکی بەرچاو لەمرۆڤدا دروست دەکات، ئەمەش بە گۆڕینەوەی غەریزە لە رێرەویدا بەدادوەریو بەتێرکردنی مۆڕاڵیانەی کردارەکانی. مرۆڤ بە پەیمانی کۆمەڵایەتی ئازادییە سروشتیەکەیو مافێکی بێسنوور لەهەموو ئەو شتانەی سەرنجی رادەکێشنو دەتوانێت بیانگاتێ لەدەستدەدات، لەبەرامبەریشدا ئازادی مەدەنیو موڵکدارێتیو هەموو ئەو شتانە وەدەست دەهێنێت کە لەبەر دەستیدان. هەروەها ئەو ئازادییە مەعنەوییەش بەدەست دەهێنێت، کەوای لێدەکات ببێتە گەورەو سەروەری خودی خۆی. بەمەش شەهوەتبازی دەبێتە کۆیلێتیو ئازادی بەتەنها بریتیە لەملکەچکردن، بۆ ئەو یاسایەی کە بۆخۆمان دەیکەینەرێچکە. لەبەر ئەوەش کە دژیەکبوونو بەرژەوەندییە تاکیەکان(باری سروشتی) و ای کردووە دامەزراندنی کۆمەڵگاکان زەرورەت بن. ئەوا کۆکبوونی ئەو بەرژەوەندیانەش بۆخۆی وایکردووە ئەم کۆمەڵگایانە پێك بێنو تەنها لەسەر بنچینەی ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشەدا دەبێت کۆمەڵگا حوکمڕانێتی بکات.[٣٦]



کەواتە ئێمە لەبەردەم گواستنەوەیەکدایین لەئازادی سروشتیانەی گەمارۆدراو بە هێزەکانی تاك بۆ ئازادی مەدەنیانەی مەرجدار بە ئیرادەی گشتیو بەرازیبوونی زۆرینە کە نوێنەرایەتی ئەو ئیرادە گشتیە دەکات. ئەمەش جەوهەری ئەو دیموکراسیەتەیە کە( رۆسۆ) بەخەونێکی دووری لەقەڵەم دەدات." ئەگەر کۆمەڵگایەك لەخواکان دۆزرایەوە، ئەوا بەدیموکراسیەت حوکمڕانێتی خۆی دەکات، بەڵام لەئاستی ئادەمیزاددا، ئەو شێوازە حوکمڕانێتیە لەسەرووی توانای ئەواندایە".[٣٧] ئایا دیموکراسیەت هەروەك خەونێکی دوورەدەست مایەوە؟ زۆر پێویست بوو چاوەڕوانی شۆڕشی فەرەنسی بکرێت، ئەو شۆڕشەی وەڵامی زۆر لەو مەسەلەو پرسیارانەی دایەوەو، رۆسۆ شەرەفی دەستپێشخەری لە خستنەروویاندا هەبوو، بەشێوازێك کە پێویستی بە گۆڕانکاری زیاترو هەوڵو نەوەی زۆرتر هەیە، لەپێناو بەجێهێنانی.

(جۆن لۆك)یش ١٦٣٢-١٧٠٤ لەسەر شێوەی هۆبز لەحاڵەتی سروشتیو پەیمانی بنچینەیی دەستی پێکرد بەڵام ئەو بەدیدێکی نوێ لێیان دەڕوانێت، بەپێچەوانەی هۆبز (لۆك) پێیوایە فیترەت یان حاڵەتی سروشتی، حاڵەتێکی تەندروست یان نیمچە تەندروستە، بەشێوەیەك کە دڕندە نییە، وەك ئەوەی (هۆبز) بۆی چووەو هێندەش کامڵ نییە وەك ئەوەی(رۆسۆ) تەماشای دەکات. فیترەت حاڵەتێکی واقیعیە کە دەکرێت باشبوونی بەسەردا بێت. لۆك پێیوایە موڵکدارێتی تایبەت لەحاڵەتی سروشتیدا هەیەو بوونی لە پێش هەبوونی کۆمەڵی مەدەنییەوەیە.هەروەها پێیوایە مرۆڤی (داهێنەرو عاقڵ)_ نەك سروشتی_ سەرچاوەی هەموو ئەو شتانەیە کە بەهایان هەیە. بەو مانایە موڵکدارێتی سروشتی دەبێتو سوودیشی دەبێت. "ئەو کەسەی بەکارکردن دەبێتە خاوەن زەوییەك لەداهاتە هاوبەشەکانی رەگەزی ئادەمیزاد کەم ناکاتەوە، بەڵکو زیادی دەکات".[٣٨] لەلایەکی دیکەوە بوونی مافە سروشتیەکانی تاك لەحاڵەتی سروشتیدا وادەکات ئەو تاکە لەحاڵەتی کۆمەڵگادا نەتوانێ بەرەورووی دەسەڵاتەکان بێتەوەو بیانبڕێت. حاڵەتی

سروشتی وەك لۆك تێیدەگات، بەستراوە بە عەقڵەوە، مافە سروشتیەکان پەیمانی سەرەکی دووچاری وازلێهێنانی تەواو ناکات، بەڵکو وەك بنچینەیەك بۆ ئازادی دەمێنێتەوە.

ئەگەر باری سروشتی حاڵەتی ئازادی تەواوو یەکسانی بێت، ئەوا حاڵەتی رێگە پێدانو بەرەڵڵایی نییە وەك ئەوەی هۆبز دەیبینێت، ناشبێـە هۆی شەڕی گشت دژی گشت، چونکە عەقڵی سروشتی" هەموو خەڵکی فێردەکات کە بۆ هیچ کەسێك نییە زیان بە بەرامبەرەکەی بگەیەنێت_ نەبەژیانیو نە بەتەندروستیەکەییو نە بەئازادییەکەیو نە بەسامانیشی_ بەوەی ئەوان هەموویان یەکسانو سەربەخۆن".[٣٩] لێرەدا مافی سروشتی لەسزادانادا بۆ پاراستنی بێتاوان بوو، ئەم مافەش نە رەهاو نە سەرکوتکەرانەیە. هەروەها لۆك پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە موڵکدارێتی تایبەت لەلیستی ئەو مافانە ریزبەند بکرێت کە ئادەمیزاد لەحاڵەتی سروشتیدا هەیەتی. مرۆڤ موڵکێکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەمەش بەرادەی ئەوەی کە دەتوانێت کە رووبەری زەویەك تۆو بکاتو بیچێنێت، هەروەها دەتوانێت بەرهەمەکەی لەپێناو مانەوەی خۆیدا بەکاربهێنێت. لۆك درێژە پێدەداتو دەڵێت:" خەڵکی لەگەڵ یەکتری بەپێی عەقڵو بەبێ بوونی سەروەریەکی بەرز لەسەر زەوی دەژین، لەگەڵ بوونی دەسەڵاتێکیش کە ناوبژیوانی لەنێوانیان بکات، لەراستیدا ئەمەیە حاڵەتی سروشتی".[٤٠] ئەگەر ئادەمیزادیش بە باشتری زانیبێت کە بگوازرێتەوە بۆ حاڵەتی کۆمەڵگا، ئەگەرچی حاڵەتی سروشتیان باشبوو لەبەر ئەوە بوو بینیان ئەوان دووچاری هەندێك لەو ناتەباییانە دێن کە هەرەشەی ئەوە دەکەن بەئەنگێزی بەرژەوەندیو خۆشویستنی خودو بەهێزی تەشەنە بکات، ئەوەش هەرشەیەکی ترسناکە بۆ سەر مانەوەی ئازادیو یەکسانی سروشتیو موڵکدارێتی. حاڵەتی سروشتی یەکەم جار وابەدەر دەکەوێت کە نموونەیی بێت، بەڵام دواتر کۆمەڵێك کەمو کورتی تیادا بەدەردەکەون لەوانە: نەبوونی ئەو یاسایانەی کە بەرەزامەندی دانراونو ناسراونو چەسپاونو لەسەری رێککەوتوون، هەروەها نەبوونی دادوەری دانپیانراوو بێلایەن کە



تەرخانکراون بەپێی ئەم یاسایانە ناکۆکیەکان کۆتایی پێبهێنن، دواجار نەبوونی دەسەڵاتێکی ترسێنەر کە توانای ئەوەی هەبێت حوکمە دراوەکە بەجێ بگەیەنێ. لەبەر ئەو هەموو هۆیانە گواستنەوە بۆ حاڵەتی کۆمەڵگا کە ئەو رەگەزانەی پێشووی تێدا بەدی دەکرێت( فەراهەم) دەبێتو، دەبێتە زەرورەت. گواستنەوەش بۆ حاڵەتی کۆمەڵگا نایەتەدی ئەگەر بەرەزامەندی نەبێت، هەر بەتەنها ئەو رەزامەندیەشە وایکردووە دەزگای سیاسی دابمەزرێت." بەم شێوەیە کە کۆمەڵگای سیاسی(مەدەنی) دادەمەزرێنێت، بریتیە لە رێککەوتنی کۆمەڵێك خەڵکی ئازاد_ کە زۆرینە پێکدەهێنێت_ لەسەر یەکگرتنو پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی لەم جۆرە، هەرلەم رووەشەوە هەموو حکومەتە شەرعیەکانی دنیا دامەزراونو دادەمەزرێن"★[٤١] لەوەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە حوکمڕانێتی رەها ناکرێ شەرعیەت بەدەست بێنێت، هەروەها ناکرێ بەحوکمێکی مەدەنی لەقەڵەم بدرێت، چونکە رازیبوونی خەڵك بە حوکمڕانێتی ڕەها وێنا ناکرێت، کاتێك (لۆك)دەچێتە سەر راڤەکردنی بنچینەیی حوکمی مەدەنی، پشت بە لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەبەستێتو، لەوەوە دەست پێدەکات کە مرۆڤ لەباری سروشتیدا دوو جۆرە دەسەڵاتی هەبووە:

١-دەسەڵاتی ئەوەی ئەو کارە بکات کە بشیاوی دەبینێت، بۆمانەوەی خۆیو مانەوەی سەرجەم ئادەمیزادەکان.

٢-دەسەڵاتی سزادانی ئەو تاوانە ڤێزەونانەی کە دژ بە یاسا سروشتیەکانن.

مرۆڤ دەسبەرداری ئەو دوو جۆرە دەسەڵاتە دەبێت بۆ ئەو کۆمەڵگایەی کە لەمەودوا ئەو خاوەن مافە لەدەرکردنی یاساکانو بەجێگەیاندنیان، لێرەدا جیاوازی نێوان دەسەڵاتی یاسادانانو دەسەڵاتی جێبەجێکردنو زەرورەتی کۆنەبوونەوەیان لەیەك قاڵبدا تێدەگەین. دەسەڵاتی سیاسیش سامان پارێزە/ ئەمیندارە ( TRUST) موڵکدارەکان لەو رێگەیەوە ئەمانەت دەدەنە دەست موڵکداری سیاسی دیکە ئەوانەی دوایش توانای بەرێوەبردنیان هەیە بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵ. لەو پێودانگەدا "لۆك" وای دەبینێت، کە ئەگەر

دەسەڵات زیانێکی بەمافە سروشتیەکان (ئازادی ، موڵکداریێتی) گەیاند، ئەوا رووبەروو وەستانی دەبێتە ئەرکو پێویستی.[٤٢] لەکتێبە گرنگەکەیدا" نامەیەکی تر لە حوکمی مەدەنی" لۆك ئەم پرسیارەی خوارەوە دەکات" دەسەڵاتی سیاسیی چییە؟" خۆیشی وەڵام دەداتەوە دەڵێت:" مەبەستم لەدەسەڵاتی سیاسی: مافی شەرعیەت دانو دەرکردنی یاساکانو جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانو سزاکانی دیکەیە، ئەمەش بۆپاراستنو رێکخستنی موڵکداریێتی تایبەت، هەروەها بەکارهێنانی هێزی گشتی لەجێبەجێکردنی ئەم یاسایانە، لەبەرگریکردن لەدەوڵەت دژی دوژمنی دەرەکی ئەمەش تەنها لەپێناو بەرژەوەندی گشتی.[٤٣] (لۆك) جەخت لەسەر گشتگیری یاسا دەکات بەو مانایەی کە بۆهەمووانە جا چ حوکمرانبن یان حوکمدراو، لەسەرزاری " هۆکەر HOOKER★" دەڵێت" یاسای مەدەنی کە لەدانانی کۆمەڵگای سیاسی هەموویەتی، هەموو توێژێك لەتوێژەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەگرێتەوە".[٤٤]

بەم جۆرە لەسەر گرنگترین بنەماکانی کۆمەڵی مەدەنی لەقۆناغی دامەزراندنیدا وەستاین. کە دەکرێ دیاریبکرێت : یەکەم : بەپرەنسیبی ئازادی تاکگەرایی کە مافی مەڵکداریێتی دەگرێتەخۆ، ئەمەش بەپشت بەستن بە چەمکی هاوڵاتی کە بەردی بنچینەییە لە بیناکردنی کۆمەڵی مەدەنی. پرەنسیبی دووەمیش کە تەواوکەری ئەمەی پێشووە بریتیە لە هاوپەیمانێتی کۆمەلایەتی لەنێوان هاوڵاتیە ئازادەکان بەئامانجی رێکخستنی کاروباری کۆمەڵگاکەیان، ئەمەش لەسایەی پرەنسیبی سەروەری یاسا، کەبنەمای سێیەمەو پرەسیبێکی زۆر گرنگە بۆ بەردەوامبوونی یەکگرتوویی/ کۆمەڵ. لەکۆتایدا پرەنسیبی لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دێت، بۆ ئەوەی گرێنتی ئەوە بکات، کە لە لایەن هیچ کەسێك یان کەمینەیەك دەسەڵات بەخراپی بەکارنەهێنرێت ، بۆ ئەوەی مەشروعیەتی کۆمەڵگا بۆ دەسەڵات دابین بکات کە لەسەر هەڵبژاردنی ئارەزوومەندانەی گشتینە دامەزراوە. بۆئەوەی لەو پرنسیبانەی پێشوو ئەو شتە بێتەبەر کە"لۆك" بەحوکمڕانێتی مەدەنی بێ



هەڵە ناوی دەبات ئەو بنەماو پرەنسیبانەی کەدواتر لەمیانەی هەردوو شۆڕشی ئەمەریکیو فەرەنسیدا بڵاودەبنەوە، دواجار لەلایەن بیرمەندو فەیلەسوفانی وەك "هیگل"و" مارکس"و"گرامشی"و"جۆن رۆڵز"ەوە گۆڕانکاری زۆری بەسەردا دێت، کە کەرەسەی لێکۆڵینەوەی ئەم کتێبەیە.

## بنەما گشتیەکانی لیبڕالیەت

قسەکردن لەسەر لێبرالیەت فۆرمی تێڕمانێکی رووت وەردەگرێت ئەگەر لەناو سیاقی مێژووییەوە نەهێت کە ئەوروپا لەسەرەتای سەدەی شازدەهەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم تیایدا ژیاوە، کە پێویستی ئەوە دەکات دەست نیشانی واقیعی رۆشنبیری کۆمەڵایەتیو وردەکاریو درێژبڕییە سیاسیو ئابورییەکان بکرێت ئەمەش لەچوارچێوەی پێکهاتە بنەڕەتیەکانی چەرخی نوێ،کەهەریەك لە: بزووتنەوەی سەرهەڵدانو، بزوتنەوەی چاکساری ئایینیو، بزووتنەوەی مرۆیی، دواتریش بزووتنەوەی عەقڵانی بەدیارترین شکۆکانیەوە لەچەرخی رۆشنگەری دەگرێتەخۆ. چەرخی سەرهەڵدنی ئەوروپی زەمینەیەکی بۆ گۆڕانکارییە گرنکەکانی پێکهێناو، ئەو زەمینەیە بوو کە رێگە خۆشکەر بوو بۆ سەرهەڵدانی چەندین گۆڕانکاری رادیکاڵیانە ، وەك شۆڕشی پیشەسازیو رێڕەوی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، هەروەها پەیدابوونو لەدایك بوونی فۆرمی نوێی بیرکردنەوەو جۆری تازەی رۆشنبیرانی بەخۆوە بینی کە بەتەواوی لەرۆشنبیرانی کلاسیکی سەدەی ناوەڕاست جیاوازبوون بەشێوەیەك ئەو رۆششنبیرانە موژدەی کۆمەڵگایەکی نوێیان راگەیاندو ئالای زانستو عەقڵانیەتیان هەڵگرت، بەو مانایەی دەستەبژێری پێشکەتوو ئالای گۆڕانی کۆمەڵیان هەڵگرت. سەرهەڵدان "RENAISSANCE" سەرجەم ئەو گۆڕانکارییانە دەگرێتەوە کەلەنێوان سالآنی ١٤٠٠_١٦٩٩ بەسەر کۆمەڵگا ئەوروپیەکاندا هات، کە ئەمانەش گۆڕانکاری گشتگیریبوون لەهەموو بوارە جۆربەجۆرەکاندا، کە لەدۆزینەوە جوگرافیەکان دەست پێدەکات، پاشانیش

بزوتنەوەی چاکسازی ئایینیو، گۆڕانکارییە سیاسیەکانو لەدایکبوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکانو سەرهەڵدانی ئابووری سەرمایەداری بازرگانیو مانیڤاکتۆری، هەموو ئەمانە یاسایەکیان بۆ گۆڕانکاریەکان دانا کەهەمەجیەتی بڕیو کۆتایی بە فیودالّیەت هێنا. ئەم پرۆسیسانەش ئەنجامی کارلێکی سەرجەم ئەو هەوڵە پراکتیکیو تیۆرییانە بوو کەکۆمەڵ پێیهەڵساو رۆشنبیری تیایدا گەورەترین شانسی هەبوو بەشێوەیەك رۆشنیران لەسەرجەم بوارەکانی مەعریفەدا چالاّکیان نواند، وەك: ئەدەب، هونەرەکان، زمانەوانی، فەلسەفە، زانستەکان، گەردووناسی ، تاد [٤٥] دۆزینەوە کان کاریگەرییەکی قوڵیان کردە سەر بواری فیکری، کە بەئەنگێزی قازانجکردنو گەڕانو حەزکردنی زانینی نهێنیەکان بەژداری کرد لەفراوانکردنی مەعریفەی مرۆڤ هەروەها لەرێگەی خستنەڕووی کێشەو پێداویستیە نوێیەکان، لەگەڵ هۆکاری دیکەدا بەشداری کرد لەهەڵگەڕانەوەی وێناو بیروبۆچوونە کۆنەکان بەمەش کاریگەری رۆشنبیری دوولایەنەبوو: سەرهەڵدانو پێکهێنانی مەعریفەیی زانستی _جگە لەمەعریفەی خەیاڵی بەبیرۆکەی دابەشبوونی درەختی زانستو تایبەتمەندبوونی کاری مەعریفیشەوە _ چەند هەنگاوێکی بەرچاو بەرەو پێش پاڵی پێوەنان، ئەمەش رێڕەوێکە بەکرداری پۆلێن کردن داماڵینی رووداوەکانو شتەکان واتە فەهرەستەکەی، دەست پێدەکات ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەشەوە شۆڕشی کۆپەرنیکی بۆچوونی خەڵکی دەربارەی زەویو شوێنگەی لە گەردووندا هەڵگەراندەوە ، ئەمەش بەیارمەتی لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەکانی گالیلۆ گالیلیو کۆپەرنیکۆس هەروەها لەسەر هەموو ئاستەکاندا شۆرشێکی گەورە بەرپا کرا لەسەر دنیای ئەو بیرۆکەو تیۆرانەی کە بەهۆی کاریگەری زانستە یۆنانیەکانو بیربۆچوونەکانی کتێبی پیرۆز، تەشەنەیان کردبوو. هەروەك چۆن شۆڕشی کۆپەرنیکیو گەردوونی چەقبەستنی مرۆڤی لەسەر زەوی دۆزیەوە کە لەبەرامبەر گەردوونی فراواندا بەشێکی یەکجار بچووك پیپێکدێنێت، بەهەمان شێوە شۆڕشی کۆپەرنیکی لەسەر زەوی چەقبەستنی مرۆیی لەهەرێمێکدا هەڵوەشاندەوە.



لەوەش گرنگتر ئەو شۆڕشە رێکخراوەیەکی زەینی تەواوکراوو نوێی پێکهێنا، روانینی فراوان کردو فۆرمێکی بیرکردنەوەی گشتی پێشەکەش کرد، کە مەعریفە باوەکانی ئەو کاتەی ئەوروپای بەجێهێشت بۆ ئەوەی نەتەوەو گەلو شارستانیەتی هەمەجۆر، بدۆزرێتەوە کە زۆر جیاوازبوو لەوانەی ئەوروپیەکان لەکۆی نەتەوە بەگژیەکداچووە هاوسێکانیان دەیانناسین "[٤٦].
لەئەنجامەکانی چاکسازی ئاینیش سەرهەڵدانی هەڵوێستی نوێ بوو لەسیاسەتو فەلسەفەدا کەکاردانەوەیەك بوو دژ بەماوەی جەنگە ئاینییەکانی نێوان پرۆتستانتو کاسۆلیکەکان، هەروەها دژ بەملکەچکردن بۆ کڵێسای مەرکەزی لەرۆما ئەو هەڵوێستانە بەشێوەیەکی تایبەت لەهۆڵەنداو ئینگلتەرا چەقیانبەست، ئەمەش وەك بەتەنگەوەهاتنی کێشەکانی ململانێی کۆمەلاّیەتی رۆشنبیری، کەناوی لیبرالیەتی بەهەردوو مانای سیاسییو ئابوورییەوە وەرگرت. کەواتە لیبرالیەت چیەو، خەسڵەتە جیاکەرەوەکانو ئەو تایبەتمەندییانەی دەیانگرێتەخۆ کامانەن ؟
ئەوەی کە لیبرالیەتی زوو ( هۆڵەندا، ئینگلتەرا ) جیادەکاتەوە پرۆتستانتیەتە ئازادەکەیەتی بە پێچەوانەوەی کالڤانیەتی تەسكو، واش پێدەچێت کە گەشەپێدانی ئەو بیرۆکە پرۆتستانتیەتە بێت کەدەڵێت لەسەر هەموو تاکێك پێویستە کاروبارەکانی لەگەڵ خواوەند بەرێگەی تایبەتی خۆی یەکلابکاتەوە سەرەڕای ئەو قەناعەتەش کەدواتر دروست بوو و پێیوایە، دەمارگیریو رەگەزپەرستی زیان بەکارو بەرژەوەندییە ئابوورییەکان دەگەیەنێت لیبرالیەتیش لەبنچینەدا بەرهەمی چینە ناوەندییە بەرزبووەکانە کە سەرکەوتنی گەورەی لەبوارەکانی پیشەسازی بەدەستهێناوە لێرەدا رکابەڕێتی ئەو دابو نەریتانەی دەکرد کە لەسەر جیاکردنەوە دامەزرابوون و لەلایەن چینە ئەرستۆکراتەکانو ملکداران بەکاردەهێران. بازرگانەکانی چینی ناوەند کە سەروەتەکانیان بەکۆششی تایبەتی خۆیان بەدەست هێنابوو، بەقینەوە سەیری دەسەلاّتی رەهاییانەی پاشاکانیان دەکرد، لەبەر ئەو هۆیە بزووتەنەوەکە بەرەو ئەو دیموکراسیەتە رۆیشت کە لەسەر مافەکانی

خاوەندارێتیو سنوردانان بۆ دەسەڵاتی پاشاکان بونیادنرابوو، ئەمە شان بەشانی رەتکردنەوەو دژایەتی کردنی مافی خوایانەی پاشاکان، کە لەفەلسەفەی ( هۆبز ولۆك و مۆنیتسکیۆو رۆسۆ) باشترین گوزراشتی لێوەکراوە ئەو لیبرالیەتە فەلسەفیەی کەلەسەدەی نۆزدەهەم تەشەنەی سەندو ناوەکەشی (liberation) هێزێك بۆ ئازادی دەگەیەنێت، پرەنسیبێکی گرتبوەخۆ هێدی هێدی بڵاو دەبۆوە ئەوەی دەگەیاند کە خەڵکی بەهەوڵی تایبەتیان دەتوانن ئەو بارودۆخانە ببڕن کەتیایدا دەژین بەمەش پارچەیەك ئازادی بەخشیە هەڵگرانی ئەو بەرنامەیە دژ بەهەموو جۆرەکانی زۆرداری- سیاسیو ئایینیو ئابووریو عەقڵی ئەو زۆرداریەی کەتا ئەو کاتەیش کەلتوری سەدەکانی ناوەڕاست بۆی دەپاڕایەوە . هەروەها دژ بەو کەفوکوڵە زیادەرۆییەی جیاوازی پرۆتستانتیەتی توندڕەویش وەستاو، لەهەمان کاتدا ئەو دەسەڵاتەشی رەتکردەوە کەکڵێسا بۆ یاسادانانی لەکاروباری کۆمەڵو رۆشنبیری لافی پێ لێدەدا. مەیلی تاکگەرایێتی دیارترین بنەماکانی لیبرالیەت پێك دەهێنیت ئەو مەیلەی کە لەسەردەمی گریکدا گەشەی نەکرد، ئەوەش لەبەر بڕوایان لەسەردەمی ئەفلاتوونەوە، بەوەی کە مرۆڤ ئەندامێکی کۆمەڵەو بەشێکە لەو مەسیحیەتەو فەیلەسوفەکانی سەدەی ناوەڕاستیش ئەوەیان دووپات کردەوە بەجۆرێك هەموو ئەو شتانەی کە خێرن دەبێت لەلایەن کۆمەڵەوە دووپات بکرێتەوە نەوەك لەلایەن تاك، یەکەم بەرپەرچدانەوەش بۆ گیانی کۆمەڵگەرایێتی لەلایەن پرۆتسانتیتەوە سەریهەڵدا، کاتێك ئەوەی دووپات کردەوە کەکۆمەڵ بۆی هەیە هەڵە بکات، ئیدی دیاریکردنی هەقیقەت چیدی لەئەستۆی کۆمەڵدا نەبوو بەڵکو بوو بە ئەرکێکی تاك. ئالێرەدا گیروگازی هاوسەنگی دروستکردن لەنێوان ئیرادەی تاکگەریی بەرژوەندی کۆمەڵگەرایی بونیادکراوە لەسەر دانپیانان بەمافەکانی ئەویتر ( بەرامبەر) کە بەرهەڵستی لە(بوون)ی دەکرێت سەری هەڵدا، ئەمەش لەرێگەی یەکلاکردنەوەی دژیەکبوون لەنێوان مەیلی تاکگەرییانەی عەقڵیو مۆراڵیو ، ژیانی کۆمەلأیەتی رێکخراو .[٤٨]



لیبرالیەت لەرێگەی ( دیکارت)ەوە خزایە نێو فەلسەفەوە ، بەوەی کەدەڵێت "من بیردەکەمەوە کەواتە هەم " بەم گوتنەش مەسەلەیەکی زۆر گرنگ دەهێنێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە: بنچینەی مەعریفە لای هەموو کەسێك جیاوازە مادامەکی خاڵی دەستپێك لەلای هەموو کەسێك بریتی بێت لەبوونی تایبەتی خۆی نەوەك بوونی ئەوانی دیکەو کۆمەڵ.[٤٩] بەڵام لەبواری ئابووریدا تاکگەرێتی خۆی لەو پرەنسیبە دەنواند کەدەڵێت"لێگەرێ باکار بکات، لێگەرێ تێپەرێت" ئەم پرەنسیبە وردەکارییەکانی لەمەزهەبی بەرژوەندی" utiLetariaonism" لەسەدەی نۆزدەهەمدا دەبینینەوە. ئەم گەشە نائاسایەی هێزە بەرهەمهێنەکانیش کە هاوکات بوو لەگەڵ چەند گۆڕانێکی جەوهەری لەپەیوەندییە پێشینیەکانی بەرهەمهێنانو خەریك بوو دەبووە بەربەست لەبەردەم ئەو گەشەیەو شوێنی بۆدەرکەوتنی پەیوەندی نوێی بەرهەمهێنان چۆڵدەکرد، بەشداری کرد لەدروستکردنی قاڵب بۆ فۆرمی ئابورییانەی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری.

هۆکارە ئابووریو ئایینیو فیکرییەکان بەیەکەوە گورزێکی بەهێزیان وەشاندە دنیای چاخەکانی ناوەڕاست. ئەمەش بواری رەخساند بۆ پەیدابوونی یەکێتیەکی ئەندامی هاوتا، کە بۆ یەکەمجار بەرژەوەندییە زیندەگیەکانی چینو توێژە بازرگانیە سەرهەڵداوەکانو، دۆزینەوە زانستیو داهێنانە تەکنەلۆژیایە نوێیەکانی بەیەکەوە کۆکردنەوە. واتە مەعریفەی زانستی چووە نێو پرۆسەیەکی پەیوەندی بەستن لەگەڵ شێوازە بۆرژواییە سەرهەڵداوەکان لەبەرهەمهێنانی سەروەتو کۆکردنەوەی. بەمەش بوو بە ئاسایی کە پێشکەوتنی زانستیو تەکنەلۆژیایی بەشێوەیەکی رێکخراو

بگوازرێتەوە بۆ سەرمایە، سەرمایەش دەستی کرد بەلێکۆڵینەوەی رێكو پێكو دیراسەکراوی زیاتر لەبواری پێشکەوتنی زانستیو، هەر یەکێك لەم دووانە بەرژەوەندییەکی زیندەگیانەی لەپەیوەندیبەستن بەوەی ترەوە دۆزیەوە، ئەمەش بەشداری کرد لەتەقاندنەوەی تواناکانی کۆمەڵو پێکهێنانی سیماکانی جیهانی هاوچەرخ. (٥٠)

# فرەهەندی "التعددیە "

فرەهەندی بەمانا مەعریفیەکەی زیاتر لەسەر ئەو بیرۆکەیە وەستاوە کەدەڵێت هیچ کەسێك خاوەنی هەموو هەقیقەتێك نییە، بەمەش هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە راوبۆچوونەکانی ئەوانی دی لەگۆشەنیگایەکەوە راستیش نەبن دەست بەسەردا بگرێت. ئەم مەسەلەیەش گوزراشتکردنێکە لەگواستنەوەی بنچینەی مەعریفی بۆ ئاستی تاك هەروەك دیکارت روونی دەکاتەوە، ئەمەش بووە هۆی دۆزینەوەی بنچینەی مەعریفیانەی جیاواز بەپێی جیاوازی حاڵەتە تایبەتکراوەکانی تاك. لەسەر ئاستی سۆسیۆلۆژیشدا دۆزینەوەی دەوڵەمەندیو فرەهەندی ئەزموونی گەلانی دیکە، کە ئەوروپاییەکان خریکبوو ئاشنای دەبوون، بووەهۆی فراوانکردنی مەعریفەکەیان بەبەراوردکردن لەگەڵ ئەو دنیایەی کە بۆمەسیحیەك تەسك کرابوەوە، بۆ ئەوەی ئاگاداربن لەبوونی کۆمەڵگای جۆراوجۆر لەرەنگو ئایینو، دابونەریت، سیستەمەکانی حوکمڕانیو، شێوازەکانی ژیانو، رێگاکانی بیرکردنەوە ... تاد.



کەواتە فرەهەندیبوون واقیعێکی کردارییە، تەنانەت لەناو یەك کۆمەڵگاشدا بەشێوەیەکی ستونی دابەش بووەتە سەر چینو توێژی جیاواز لەرووی مۆڵکدارێتیو، ئایدیۆلۆژیاو بەشداریکردن لەبەرهەمهێنانی سەرمایەی رەمزی، ئەمە سەرەڕای دابەشبوونە ئاسۆییە ئەتنیو زمانەوانیو مەزهەبیەکان کەپەیوەندیدارن بەداشبوونی کۆمەڵایەتیانەی کار لەنێوان بازرگانیو پیشەسازیو کشتوکاڵو کاسبیو، هەروەها دابەشبوون لەنێوان کاری زەینیو کاری ماسولکەیی ( جەستەیی)و لەنێوان پیاوو ژن.. تاد. پرەنسیبی فرەهەندێتی دێت بۆ ئەوەی شەرعیەت بداتە ئەو هەمەچەشنیو جیاوازییانەی بەفۆرمی جیاواز گوزراشتیان لێوە بکات. لەوانە رەوتە رۆشنبیریەکان، بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانو، حیزبە سیاسیەکانو، شێوازەکانی هەرەوەزییو سەندیگاییو کۆمەڵەو یەکێتییە فرەجۆرەکان. لەم پێودانگەوە پرەنسیبی فرەهەندی دەچێتە سەر گرنگی بونیادنانی پەیمانەکان، ئەمەش بەمەبەستی راکێشانی رای گشتی، بەتایبەتیش لەسەر ئاستی سیاسیدا. ئەزموونی دیموکراسیەتی لیبراڵیش گرنگیو مانای بوونی بەرهەڵستکاریو، رۆڵی ئامرازەکانی راگەیاندنو، ئازادی رادەربڕینی پیشان داوە، بەو پێیەی کە ئەمانە ئامرازی چاودێری کۆمەڵایەتین لەسەر رێگاکانی بەرێوە بردنو پیادەکردنی دەسەڵاتو، مەودای پابەندبوونو جێبەجێ کردنی بۆ یاسا باوەکانو، بگرە توانای لێپرسینەوەشی بەپێی دەستور. بەم مانایەش. بەرهەڵستکار بۆ خۆیشی دەبێتە خاوەنی دەسەڵات. ئەگەرچی بەرێوبردنیشی بۆ ئەو دەسەڵاتە وەستا بێتە سەر کۆمەڵێك مەرجو بارودۆخی تایبەت کە رێگە لەقۆرخکردنو چەقبەستنی دەسەڵاتدەگرن. رۆڵی فرەهەندێتی کامڵ

نابێت تەنها لەرێگەی جێبەجێکردنی پرەنسیبی جێگۆرکێی ئاشتیانەی دەسەلأت نەبێت، ئەم پرەنسیبەش یەکێك لەو بنەمايانە پێك دێنێت کە سیستەمی لیبرالّی لەسەری وەستاوە، ئالوگۆرو گۆرانەوەی دەسەلأت ئەو بناغە کۆمەلأیەیتیە فراوان دەکات کەگرنگی دەدات بەبڕیاردانو بەشداریکردن لەدروستکردنی ئەو بڕیارانە، ئەمەش لەرێگای دەزگا پەرلەمانیەکانو لەسەر ئاستی ئەنجوومەنە ناوخۆییەکان لەشارو کارگەکان، کە لەگەلّ بەرێوبەرایەتیەکان بەشداری دەکەن لەسەرپەرشتی کردنی بەرێوچونی کارو پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاولأتیان.

مافی هاولأتێبوون کە هەمووان دەگرێتەوە لەسەر کۆمەلّێك مافو ئەرك دادەمەزرێتو یاسا رێکی دەخات، لەوانە مافی مۆلّکدارێتیو مافی ژیانو مافی کارویەکسانی لەبەردەم یاساو سەرەڕای هەلّبژاردنو خۆپالأوتن. هەروەها ئازادی رادەربڕین گوزارشتکردن بە شێوە جیاوازەکانی ئازادی ویژدانی لەسەر دەچەسپێت، ئەمەش بەگوێرەی ئەوەی کە لەسەرجەم دەستورە دیموکراسیەکانو ، لەجاری گەردوونی مافی مرۆڤدا هاتووە. سەرکەوتنی ئەو پرەنسیبانەی کە لەراگەیانراوی مافی مرۆڤو هاولأتی سالّی ١٧٨٩راگەیەنراوە، هاوەلّو هاوشانە لەگەلّ دەنگدانی گشتگیری سەروەریی دەسەلأتی یاسادانان بەسەر دەسەلأتی جێبەجێکردن. کە بەپەرلەمانتارێتیو ئازادیو کاریگەری زۆرینەی حیزبیو کاری سەندیگا کرێکارییەکان دەناسرێتەوەو، لەهەمان کاتدا بەئازادی کۆمپانیا هەلّخەلّەتێنەرەکانو قۆرخکارە ئابوورییە گەورەکانو، دواجاریش بەدابڕینی ئایین لەدەولّەت جیا دەکرێتەوە، ئەم پرەنسیبانە وەسفی خەسەلّەتە گشتیەکانی ئەو فۆرمە کۆمەلّگاییە دەکەن کە لەئەوروپاو



ئەمەریکاو فەرەنساو، لەئەنجامی گەشەسەندنی نەریتو دەزگا پەرلەمانیەکان لەسەرجەم ولأتانی رۆژئاوا بەتایبەتیش لەولأتانی ئەسکەندەنافیو فەرەنساو پرەنسیبی فرەهندی لەکۆمەلّێك پرەنسیبی دیکەوە سەرهەلّدەدات کە زۆر لەو پرەنسیبانە ماهیەتی دیموکراسیەت پێك دێننو ، بریتین لە:

١-بڕیاردان بەپێی زۆرینە ،٢- یەکسانی لەبەرامبەر یاسا. ٣- رێزگرتن لەرای کەمینە .[٥١]

جا بۆ ئەوەی ئەو پرەنسیبانە کاریگەر بن ، شیکردنەوەی سۆسیلۆژی جەخت دەکاتەسەر: دابەشەکردنی دەسەلأتەکانو بەشبەش بوونیانو، ئەو پەیوەندەیەی مەلّبەنەدەکانی بەیەکەوە دەبەستێتو، هەروەها رێکخستنی ئیشەکانیشی. بیرکردنەوەی رەخنەیی. بابەتی دەسەلأتی وەك یەکێك لەگرنگترین بابەتەکان وەرگرتووە ، ئەمەش هەر لەسەردەمی (هۆبزەو)وە کە یەك کەس بووە وای بینیوە کە پێویستە ئەرکو توانستەکانی خودی پاشاش بخرێتە خانەی پشکنینو لێپرسینەوە. لەکاتێکدا یاسا رێکەوتنێك پێکدێنیت کەسەرچاوەکەی کۆملگەیە و هەر بەتەنهاش کۆمەلگا مافی دیاریکردنو مومارەسەکردنی ئەو رێککەوتننامەیەی هەیە ئەوەش بەپێی پێداویستیەکانی. ئەم بۆچوونە بنچینەی فەلسەفەی عەقلأنیەتە لە(لۆك")وە بۆ (هیگل) بەتێپەربوون بە(رۆسۆ)وە، هەروەها بنچینەی مومارەسەکردنی لیبرالّیەتیشە.

باندۆری مومارەسەکردنی لیبرالیەت بەپلەی یەکەم پێویستی بەوە هەیە کەسەرجەم دەسەلأتەکان لەناو دەولّەتەدا چەق نەبەستن، بەمانایەکی دی،

پێویستە لەتەك دەسەڵاتی گشتی / دەوڵەتدا، بازنەی دیکەی کارکردنی سەربەخۆ هەبن. سەربەخۆیەکی خودگەرایی وەك ( ژیانی خێزانی، پرۆژە ئابورییەکان، ئایینیەکان، پیشەییەکان ، سەندیگاکان ، داد، زانست .. تاد) بە شێوەیەك ڕێساکانی هەڵسوکەوت کردنی ملکەچی دەسەڵاتی سیاسی یان ئەو پەیوەندییانەی کە بەدەسەڵاتی دەبەستێتەوە لاوازبن‌و ملکەچی بەسەردا بسەپێنن.

ئەو سەربەخۆییە ڕێژەیەشە کە خەسڵەتێکی دوانەیی دەداتە کۆمەڵی لیبرال : کۆمەڵگا_ دەوڵەت، لەکاتێکدا کۆمەڵگا بەکاملی لەنەزمە تۆتالیتاریەکانی ناو فەوارەی دەوڵەت شی دەبێتەوە [٥٢].

واتە فۆرمی لیبرالیەت فرە شێوازو، بەش بەشبوونی دەسەڵات لەناو هەر کەرتێك لەکەرتەکان قبوڵ دەکا، ئەمەش لەرێگای چەند دەزگایەك کەتواناکانی درێژ دەبنەوەو هەریەکێکیان لەرێگای گۆڕینەوە چاودێری ئەویتر دەکات، کە ئەنگلۆساکسۆنیەکان بەگەشەی (( دەسەڵاتە دژەکە)) ناوزەدی دەکەن. ئەم پرۆژەیەش نایەتە دی تەنها لەرێگای دەستپێکردنەوە نەبێ لەلوتکەی هەرەمی کۆمەڵایەتیەوە، ئەمەش لەرێگای لێکترازندنی ئەو سێ دەسەڵاتەی کە ( لۆك) دەستی پێکردوو ( مۆنتسیکیۆ) تەواوی کرد. ئەمەش ئەو پرۆژەیەیە کە پشت بەدەزگایەکی دەستوری دەبەستێت کە ئامانجی ڕێگەگرتنە لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن لەحوکدان‌و دەستخستنە ناو کاروباری یاسادانەر یا دادپەروەر، بەمەبەستی گەیشتن بەحاڵەتێکی هاوسەنگی لەنێوان هەرسێ دەسەڵاتەکەدا، بەجۆرێك کە تیایدا هیچ دەسەڵاتێك یان دەستەیەك ئازادییەکی رەهای رەفتارکردنی نەبێت، هەروەها تیایدا ئەرك‌و پسپۆرێتی



هەموو تاکێك دیاریدەکرێ. هاوڵاتیانیش دەتوانن سوودی زۆر لەدەزگاو ئامێرکارەکانی کارکردن وەربگرن وەك : دادگای توانج لێدان‌و، ڕێوشوێنی پیاهەڵچوونەوە. ئەمە بەمەبەستی خۆپاراستن لەشێوازەکانی ستەمکاری (سەرکوتکەری). بیرۆکەی بەشبەشەکردنی دەسەڵات‌و توانست کارییەکان (سلاحیات)و گەیشتن بەحاڵەتێك لەهاوسەنگیش لەمێژووی ئەوروپادا، پەرچەکردارێك بوو دژ بەسنور بەزاندنەکانی مۆڵکدارێتی رەها، لەو دراوانەی سەرەوەش ئەگەری سەربەخۆ بوونی کۆمەڵی مەدەنی وەبەردێت، کەرێگا بۆ ژمارەیەکی زۆر لەکاربەدەستە کۆمەڵایەتیەکان خۆش دەکت بۆ ئەوەی بەشێك لەدەسەڵات بگرنە دەست، ئەمە لەلایەك‌و لەلایەکی تریشەوە ڕێگە لەوانە دەگرێت کە لەدەزگایەك لەدەزگاکاندا دەسەڵاتدارە، لەوەی کە لەدەزگای دیکەدا دەسەڵاتیان هەبێت، ئەوەش خەمخۆری ڕێکخراوی لیبرالی دەردەخات لەچەقبەستنی دەسەڵاتە تایبەتەکانی داهێنانی ڕێگەی نوێ بۆ دابەشکردنی ئەم دەسەڵاتانە.

ئاورتەی گەورە بۆ ئەم مەیەل لەبواری ئابووریدا بەدەردەکەوێ( کۆمپانیا گەورەکان- یەکێتی قۆرخکارەکان- کۆمپانیا فرەرەگەزەکان)، بەجۆرێك کۆمەڵەیەکی کەم، تواناو سەروتی یەکجار زۆر دەکەوێتە دەست کەلەوانەیە لەبواری دیکەدا بۆ خزمەتکردنی بەرژەوندییەکانی بیخاتە کارەوە، بەم مانایە پەیوەندی نێوان ئابووری‌و سیاسەت بەهیچ کەسێك شاردراوە نییە. بەرێوبردنی کاروبارە گشتیەکان لەکۆمەڵگای لیبرالدا ملکەچی سانسۆری رای گشتی دەبێت‌و، بەرادەی سەرخۆبوونی لەکاریگەری‌و چاودێریکردنی ئامۆژگارییەکانی ئەوانەی دەسەڵاتی سیاسیان بەدەستە، چالاك‌و کاریگەر

دەبن. بوجێبەجێ بوونی ئەم مەرجەش رای گشتی دەتوانێت بەئازادی پێك بێتو چاودێری ئەوانە بكات كەبڕیاری سیاسیان بەدەستە، لەجیاتی ئەوەی ببێتە گەمەیەك بەدەستیانەوە هەروەك چۆن لەرێكخراوە تۆتالیتارییەكاندا دەبینرێت. ئاشكراشە پێكهێنانی رای گشتی پێویستی بەدەزگای وەك حیزبە سیاسیەكانو، رۆژنامەگەری رادەربڕ هەیە. زۆریش گرنگە كە حیزبو هاوپەیمانێتیە سیاسیەكان فرەهەند بنو تەسك نەكرێنەوە بۆحیزبێك یان لایەنێكی سیاسی تاكڕەو چونكە فرەهەندبوونی حیزبەكان مەرجێكی سەرەكیو گرنگی دیموكراسیەتە، رۆژنامەگەری سەربەخۆش لەدەسەلآتی سیاسی، ویژدانی گوزارشتكردنی ئازادو ئاشكرایە، كەتوانا دەبەخشێتە رای گشتی بۆ ئەوەی بەكارەكانی هەڵبسێتو بەشداری بكات لەداڕشتنی مەسەلە گشتیەكان بەپێی بەرژەوەندی زۆرینە چاودێریان بكات. تەسلیمبوون بەپرەنسیبی بەرهەڵستكاریو قبوڵكردنی ئەویتری جیاواز بنەمایەكی گرنگی سیستمی لیبرالی پێك دەهێنێت. بەشێوەیەك لەو كاتەدا كە دەسەلآتی جێبەجیكاری رازی دەبێت بەشێویەكی دەوری تەسلیم بەدەنگدانی میللی بێت، پێویستە تەسلیم بەپرەنسیبی ركابەرێتی ئاشكراش ببێت. هەبوونی ركابەرێتی لەگەڵ یەك جیاواز، بەشێوەیەك كەهەیەركەیان دەتوانێت ئارەزووی مومارەسەركردنی دەسەلآتی بەشێوەیەكی ئاساییو ئاشنیانە هەبێت، پێوەری دیموكراسیەتی لیبراڵەو یەكێكە لەگرەنتیە زەروورەكانی بەرداومبوون. بەلآم ئەو بنەماو گرەنتیانەی پێشوو سەرەڕای گرنگیەكەشی لەگرنگی ئەو ئاستەمیو بەربەستو ركابەریەتیانە كەمناكاتەوە كەرووبەڕووی دیموكراسیەتی لیبراڵ دەبنەوە .كەواتە ئەو ئاستەمییانە چینو



تا چەند جدین، ئایا پێكهاتەكانی رێكخستنی لیبراڵیش دەگرنەوە؟ یان هەر بەتەنها بۆ چەند لایەنێكی تەكنیكی كرداری كورت دەكرێنەوە كە دەكرێت چارەسەر بكرێت؟ ئینجا ئایا رەخنەگرتنەكان دەپەڕنەوە بۆ واقیعو ئاسۆی سیستەمی دیموكراسی، یان هەر بەتەنها لەدەرەوەی كێشە نارەزاییە وەختیو واقیعیەكان چەقدەبەستن، بەداڕشتنێكی دی ئایا ئێمە لەبەردەم رەخنەیەك داین كە ئاراستەی بونیادی لیبرالیەت كراوە یان ئاراستەی مێژووی لیبرالیی، یانیش ئاراستەی هەردووكیان كراوە؟ لەهەموو ئاراستەو بۆچوونە رەخنەیەكان بلآوترو دیارتر، ئەو بۆچوونەیە كە رەخنە لە شێوازی لیبرالیەت دەگرێت كە جگە لە (( ئازادی وێنەیی )) شتێكی دیكە پێشكەشی خەڵك ناكات، ئەم ئازادیەش لەراستیدا ئازادی بەهێزو مۆڵكدارو خاوەن دەسەلآتەكانە بەرووبەڕوووبوونەوەی چینو توێژە كۆمەلآیەتیەكانی تر. ئەم رەخنەیە لە زۆر رووەوە لەگەڵ واقیعی كرداری یەك دەگرێتەوە، بەجۆرێك یەكسانی لەمافەكان بە شێوەیەكی میكانیكی نابێتە هۆی دابەشكردنێكی یەكسان بۆ ئەو سوودانەی كە دەكرێ لەو مافانەدا كورت بكرێنەوە. ئاشكرایە كەزیادبوونی فاكتەرەكانی كاریگەری كەكەسێك یان توێژێكی كۆمەلآیەتی هەیەتی وادەكات بەشێوەیەكی گەورەتر سوود لەئازادیو مافەكان وەربگرێت. پەیوەندی نێوان فاكتەرەكانو سوودەكانیش لێرەدا پەیوەندییەكی راستەوانەیە. دیدی شیكارییانە بۆ واقیعی پەیوەندییە باوەكانی كۆمەڵگای لیبراڵ، جەخت دەكاتە سەر واقیعی نایەكسانی لەو بارودۆخو هەڵو توانایانەی كە بۆتاك دەرەخسێ. جا چ جاوگی ئەو نایەكسانیە پەیوەست بێ بەسامان یان خانەدانیەتی یان دەسەلآت یان ناوبانگ یان بەهرە یان كارێزما، یانیش

هەریەکێك لەو هۆکارانەی( فیبەر) دووپاتی دەکاتەوە کە بەخاوەن بوونیان زۆر پێویستن بۆ سەرکەوتنی حەرەمی کۆمەڵأیەتی، ئاشکراشە کە ئەو رێوشوێن‌و یاسا دانان‌و سیاسەتە فێرکارییانەی کەدەیەوێت لەو جیاکارییانەی پێشوو کەم بکاتەوە، کاریگەرییەکی سنورداری دەبێت لەهێنانەدی مەبەستی ئێستا. بەشێوەیەك لەهەمان کاتدا کەسیستەمی لیبرالی لەسەر پرۆژەی ئازاد دادەمەزرێت، دەشبێتە هۆی خولقاندنی بارێکی واقیعی کەدەکرێ تیایدا هێزی ئابووری پەیوەست بێت بەبەشێك لەدەسەلأتی مەدەنی، ئەمەش ئەو بارەیە کەپەیوەندی نێوان دارایی‌و سیاسەت وەسف دەکات، توانای گەیشتنیش بۆ دەسەلأتی مەدەنی لەرێگای وێستگەو کەناڵەکانی دیکەی پەیوەست بەچالاکییە سەندیگای‌و پیشەیی‌و لەزانکۆیەکانە... تاد لەگرنگی ئەو خۆپاراستنەی سەرەوە کەمناکاتەوە . بەڵکو واقیعی قۆرخکارییە جیهانیەکان‌و سەرهەڵدانی یەکێتیە ئابوورییە زەبەلاحەکان‌و، گەشەی کۆمپانیا فرەرەگەزەکان‌و ئەوانەی کەلەسنوری نەتەوایەتی‌و جوگرافیا دەپەڕنەوە، لەکاتی بەجێهێشتنی بۆ گەشەی سروشتی ئاگایی دەدات بەچەقبەستنی هێزو دەسەلأت، کە رێگا دەدات بەکەمینەیەك لەمۆڵکدارە گەورەکان بەوەی نەك بەتەنها دەستبخەنە ناو کاروباری بەرژەوەندییەکانی ئەو دەوڵەتە دایکەی کە ئەو دەزگایانە لەباوەش دەگرێ‌و بەرێوەیان دەبات، بەڵکودەستبخەنە ناوکارو چارەنووسی زۆر لەو دەوڵەتانەش کەبەرژەوەندی دەسەلأت‌و ئەو دەزگایانەی دەگاتێ. ئەمەیان لەسەر ئاستی ئابووری، بەلأم لەسەر ئاستی سیاسی ئەو پەیوەندی ناچالاکانەی نێوان ولأتە سەرمایەدارە رۆژئاواییەکان‌و ولأتانی دیکەی دنیا، نێوان سەنتەرو کەناڵەکان( بەزمانی سەمیر ئەمین ) ئەنجامەکانیان زانرون. بەلأم پێش



گەیشتن بەئەنجامە کۆتاییەکان لەو بوارەدا، بەپێویستی دەزانین بگەڕینەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەئاستی لیبرالیەتی سیاسی ئەوەش لەرێگای وەستان لەبەردەم گرنگترین بیرۆکەو دیارترین مونەزیرەکانی لیبرالیەت، بەشێوەیەك بتوانێ رۆژمێرێك دابمەزرێنی کە لەرێگیەوە لەبەردەم ئەو خەسلەت‌و کەموکوڕیانە رابوەستین کە لیبرالیەت جیا دەکەنەوە بەمەش دواتر ئاشنا بین بەگرنترین ئەو گیروگازانەی کەدەیانوروژێنێت‌و بەو وەلأمانەش کە پێشکەشیان دەکات، لەئاستی لیبرالیەکی سیاسیدا،(جۆن لۆك) لەرووی فەلسەفیەوە بەدامەزرێنەری لیبرالیەت دادەنرێ. بگرە بابەتی ئازادی مرۆڤ بووە ئەو ئیشەی کە لۆك پێوە سەرقاڵ بوو، بەشێوەیەك هەموو نوسینەکانی دەربارەی بابەتی ئازادین. کتێبی (( نامەیەك دەربارەی لێخۆشبوون )ی لەساڵی ١٦٨٩بۆ بەرگریکردن لەئازادی ئایینی نوسین، کتێبەکەی تریشی (( بەهای دارایی)) ١٦٩١ بۆ بەرگریکردن لەئازادی ئابووری نوسراوە، بەلأم گرنگترین کتێبی "دوونامە لەحکومەتی مەدەنی" لەساڵی ١٦٩٠، سەرکەوتنێکی حوکمڕانێتی مەدەنی بوو بەڕووی زۆرداری‌و تۆتالیتاریەتی پاشاکان‌و، تەرخانی کردبوو بۆ بەرگریکردن لەئازادی سیاسی. دەکرێ کۆی ئەو پرەنسیبانەی کە " لۆك" دایمەزراندوون‌و خزمەتی رێبازی دیموکراتیان کردووە بەم شێوەیە کورت بکرێنەوە :

١-خەڵکی هەموو ئازادن‌و یەکسانیشن لەمافیان بۆ ئازادی .

٢-مافە سروشتیەکان بەخشراوی هیچ کەسێك نین، بەڵکو لەتایبەتمەندێتیەکانی خودی بەشەرین.

٣-خەڵکی هەموو یەکسانن لەماف و ئەرکەکاندا.

٤-دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بنچینەی هاوپەیمانی کۆمەڵایەتی بونیادنراو، لەسەر رەزامەندی هەردوو لای هاوپەیمانێتیەکە دادەمەزرێت.

ئەم پرەنسیبانە بەگرنترین پێکهاتە مانەوە کە لیبرالیەت پشتی پێ دەبەستی تاوەکو سەدەی نۆزدەهەم، کاتێك "جۆن ستیوارت مێل " هات و لەرێگای نووسینە هەمەجۆرەکانی دەستی کرد بەگەشەپێدان و پشگیریکردنی ئەو پەرنسیبانە لەئینگلتەرا، بەڕاستی مێل بەیەکێك لەپێشەنگە گەورەکانی بزووتنەوەی لیبرالیەت لە ئینگلتەرا دادەنرێت. دەکرێ لەبەردەم گرنگترین ئەو بابەتانە بوەستین کە مێل چارەسەری کردوون، لەپێشەوەی هەمووشیان مەسەلەی ئازادی و دەسەڵات. مەبەستی مێل لەدەسەڵات بەپەلەی یەکەم دەسەڵاتی کۆمەڵگایە، تاوەکو ئەو سنورانە بناسێت کەلێوە دەوەستێت، بۆ ئەوەی دەستکاری ئەو ئەو ئازادییە تاکگەراییە نەکات کە لەلای هەیە، لێرەدا دەگەینە جەختکردنی مێل لەسەر رەتکردنەوەی بۆ ئەو رەفتارەی تاك کە بە "تەحەکوم کردن" لەکاروبارەکانی کۆمەڵ ناوزەد دەکرێت لەرێگەی چەوساندنەوەو دەستبەسەراگرتن، جا چ ئەمە لەرێگەی هێزی جەستەیی بێت لەشێوەی سزادانی رێگە پێدراو، یان لەرێگەی ئەو رق لیبۆنەوە مۆرالیانە بێت کەرای گشتی پیادەی دەکات و(مێڵ) ناوی دەنێت پرنسیبی زۆرداری کردن زۆرینە بەسەر کەمینە.

مێل دەڵێت" تەنها ئامانج کە رێگە بەخەڵك دەدات، تاك و کۆ دەست بخەنە ناو ئازادی رەفتاری هەر ئەندامێك ئەوەیە: خۆی لێ بپارێزن، بەمانایەکی دی



تەنها مەبەست کەتیایدا دەسەڵاتە بەشێوەیەکی رێگەپێدراوو یاسایی، بەتاك بەکاردەهێنرێت، ئەوەیە رێگە لەتاك بگیرێت لەوەی زیان بەوانی دی نەگەیەنێت یان ئازاری بەرامبەرەکەی نەدات " [٥٥] .

بەلام دەست خستنە ناو کۆمەڵ و دەوڵەت"دەسەڵات" بۆ ناچارکردنی تاك لەکردنی کارێك ، یا وازلێهێنانی، بەبیانوی ئەوەی بۆ ئەو تاکە باشتر دەبێت، یان زیاتر بەختەوەری دەکات، دەستخستنە ناوێکە قەبوڵ ناکرێ، چونکە تەنها ئەوانی دی ئەوتاکە بوارە پێك دێنن کەتاك لەرەفتارکردندا بەرپرسیار دەبێت لەبەرامبەریان، بەلام ئەوەی پەیوەستە بەخاوەنی رەفتارەکە، واتە سەربەخۆیی و ئەوەی پەیوەندی بەخودی خۆی هەیە، ئەوا ئەو ئازادەو مافێکی رەهای تێدا هەیە. ئەمەش ئازادی بەشەرییەو پێك دێت لە:

١-هۆشیاری ناوەکی کەداوای ئازادی ویژدان و، ئازادی بیرو هەستو، ئازادیەکی رەهای رادەربڕین دەکات.

٢-ئازادی جێژوەرگرتن و گەڕان بەدوای ئەو حەزومەبەستانەی کە لەگەڵ سروشتمان دێننەوە، ئازادی لەوکارەی کە حەزمان لێیە، لەگەڵ بەرگەگرتنی ئەو ئەنجامەی لێدەکەونەوە.

٣- ئازادی کۆبوونەوەی تاکەکان لەگەڵ یەکتری و، ئازادی یەکگرتن و هەرەوزی بۆ بەدیهێنانی مەبەستێك کەگەیاندنی زیان بەئەوانی تر تێدا نەبێت. بەمەرجێك تاکەکان بالق و تێگەیشتوو بن، ئەو کۆمەڵگایەش کە ئەو ئازادیانە زامن و فەراهەم ناکات، کۆمەڵگایەکی ئازاد نییە جا شێوازی حوکمرانێتیەکەی تێدا هەر چیەك بێت [٥٦].

مێل پێیوایە ئازادیبیرو دەمەتەقێو ئەو ئازادی بڵاوکردنەوەیەی کە پێیانەوە پەیوەستە، یەکێك لەگەرەنتیەکانی ئاسایش پێکدێنێت دژ بەحکومەتی زۆرداریو حکومەتە گەندەڵەکان بەگشتی هەر بۆیە بەڕای ئەو، نابێت ڕێگە لەبەردەم ئازادی بیرو دەمەتەقێ بگیرێت، هەروەها نابێت رادەربڕینی خەڵکی بەشێوە جیاجیاکان، کۆنترۆڵ بکرێ جا بەهەر بیانوویەك بێت وەك ئەوەی دەگوترێت فلاّنە راگەندەڵە یان کاتێك خەڵکی لەسەر ناپەسندی رایەك کۆك دەبن. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو رایەی کە دەسەلأت هەوڵ دەدات بێدەنگی بکات رایەکی راست بێت، ئەگەرچی دەسەلأت ئنیکاریشی لێ بکات، دواجار دەسەلأت خۆیشی لەهەڵە پاراو نییە. نمونەش زۆرە بۆ رەتکردنەوەی خەڵکی بۆ راکانو دواتر لەباوەش گرتنیان. یەهودو مەسیح، ئەسینایەکانو سوقرات،مەسیەحیەکانو لۆسەر کالڤن ... تاد. لەلایەکی تریشدا حەقیقەت زۆر سوود لەهەڵەی ئەوانە وەردەگرێت کە بە(ئازادی) بیر لەخۆیان دەکەنەوە. لەوەش زیاتر ئەو رایەی واسەیر کراوە کە هەڵەیە، زامنێکە بۆ ئەوەی رای باوو بیرورایەك کەگفتوگۆو رەخنە هەڵنەگرێ نەبێتە بۆچوونێکی چەسپاو. بۆیە مێل "دەگاتە ئەو ئەنجامەی دەرفەتدان بەدەنگە بەرهەڵستکارەکان بۆ گوزراشت کردن لە راوبۆچوونەکانیانو،بەشداری کردنیان لەپرۆسەی ئەو ململانێ کۆمەڵأیەتەی کەلەئارادایە گونجاوترین ڕێگا بۆ دوورکەوتنەوە لەم دیاردەیە.[٥٧]

لەچوارچێوەی ئەو بۆچوونە گشتیەی کە بنەماکانی لیبرالیەتو دیموکراسیەت لەسەری دادەمەزرێو، بەچوونە ناو سەدەی بیست هەولێ" جۆن رۆلز"ی ئەمریکی لە کتێبە بەناوبانگەکەی "تیۆرێك لە دادوەری" زەق دەبێتەوە، بۆ



ئەوەی هەنگاوێکی چۆنایەتی لەبیری لیبرالی بهاوێژێت، ئەمەش لەڕێگای رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئاڵۆزترین کێشە کەدووچاری لیبرالییەتی دیموکراسی دەبێت ئەویش کێشەی دادەوەرییە کەواتە پێودانگە فیکرییەکانی "رۆڵز" کامانەنو چی بۆ بونیادی تیۆری دیموکراسیەتی هاوچەخ زیاد کرد؟ هەروەها نهێنی ئەوگرنگی پێدانە گەورەو پەرچەکرداره زۆرانە چییە کەلێکۆڵینەوەکانی دروستیان کرد؟

بیری "جۆن رۆڵز" گرنگترین ئەو پێشوەچوونانە دەگرێتەخۆ کە لیبرالیەتی دیموکراسی هاوچەرخ پێگەیشتووە ، هەروەها بیرۆکەی پێشینەیی ماف لەسەر چاکەو، خود لەسەر ئەنجامەکانی لە "کانت" ەوە وەردەگرت، ئەمەش ئەو بیرۆکەیەیە کە زایەڵە بەهێزەکان لەلای (هیگل)ەوە دەبیستین. بەلأم خۆی لەچەمکی خود لەفەلسەفەی "کانت"بەدوور دەگرێت ئەمەش لەپێودانگەوە ئەو خودەی کەبەبێ بنەمایەکی ئەزموونگەریو پێش ئامانجەکانی خۆی دەکەوێتەوە ( وەك رۆڵز دەیبینێت _ خودێك نییە بەرز بێت، لەمیانەی خستنەڕووی بۆ چەمکی (کانت) بۆ خود (رۆڵز) تێبینی ئەوە دەکات کە ئەو بەدەست جۆرێك لەنادیاریو رەمەکیەوە دەناڵێنێ، کەواتە دیار نییە چۆن خودێکی بەرجەستە نەبوو بۆی دەکرێ بەشێوەیەکی رێكو پێك (نارەمەکی) پرەنسیبی دیاریکراو بۆ دادەوەری بەرهەمبهێنێت ، یان چۆن دەکرێت ئەو یاسایانەی کە بۆ ئەو خودە دانراون لەسەر بوونەوەری بەکردار مرۆیی پیادە بکرێ بەم شێوەیە (رۆڵز) دەگاتە ئەو دەرنەجامەی کەمیتافیزیکیای نمونەیی ئەو راڤەکردنەی کە پێشینەیی خود لەسەر ئامانجەکانی بەرز دەنرخێنێت،

باجی گران دەدات، ئەمەش لەبەر هێشتنەوەی پێشینەیی بۆ دادەوەری رەتکردنەوەی رەوشتی مرۆییە .[٥٨]

چۆن دەکرێ ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت بەمەرجێك لایەنە پۆزەتیڤە پێکهێنەرەکانی تیۆری (کانت )ی لیبرالی وەکو خۆی بهێڵدرێتەوە ؟"رۆڵز" ئەم وەڵامە پێشکەش دەکات:"دەکرێت دارشتنەوەی پرەنسیبە سەرەتاییەکانی دادەوەری لەرێگەی دەست پێکردن لەبارودۆخێکی گریمانەییەوە بێتەدی کەبارودۆخی بنەڕەتیە ..ORICIONALPOSITION) ئەمەش رەوشێك دێنێتە ئارا کەتیایدا بوونەوەری ژیر لەسایەی چەند مەرجێکی دیاریکراو هاموشۆ دەکەن، بەمەبەستی گەیشتن بەرێکەوتنێك لەسەر ئەو پەرنسیبانەی کەکۆمەڵگایەکی دادپەرەوەری لەسەر دادەمەزرێ.[٥٩] ئاشکرایە کە بارودۆخی بنەڕەتی بارودۆخێکی لۆژیکیانەی نامێژووییە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ئەو مەرجانەی کەتاکەکان لەسێبەریدا هاموشۆ دەکەن بەشێوەی گریمانەیی وەردەگیرێن کە پەیوەستە بەرەوشی کۆمەڵە مەعریفیە جیاوازەکان، دەربارەی ئەوەی دەیزانن‌و نایزانن لەمەڕ رەوشی کۆمەڵایەتی‌و بەهاو بەرژەوەندیەکانیان: بۆ نمونە زۆر پێویستە هیچ زانیارییەکی وا لەلای ئەو کۆمەڵانە نەبێت کە جیاوازییەکیان لەنێوان پیشانبدات بەشێوەیەك پێویستە هاموشۆ کردن و دەستاو دەست کردن لەنێوانیاندا لەپشتەوەی ئەوە بێت کە (رۆلز) بە "پەردەیەك لەنەزانین " ناوزەدی دەکات. بەشێوەیەك کەکۆمەڵێك بێئاگا بێت لەبارودۆخی کۆمەڵایەتی و رەگەزی ئەو چینەی کە پێیەوە بەندە ئەو سامانەی کە هەیەتی‌و هەر بەهریەکی جەستەیی‌و دەروونی خۆی. بۆ ئەوەی هەر کۆمەڵێك چاکە تایبەتیەکان‌و ئامانجەکەی وێنا بکات، پێویستە



لەلایەن خۆیەوە بەنەزانراو بمێنێتەوە . مەبەستیش لەدەستاو دەست کردن لەو بارودۆخەدا زامنکردنی ئەمەیە کە هیچ فاکتەرێك لەرووی مۆراڵیەوە گرنگی نییە لەدەستاو دەست کردنەکەیان ، دەست دەخاتە ناو کاروبارەکان ئەمەش مەرجێکە بۆ گەیشتنیان بەرێکەوتنێکی بەکۆمەڵ.[٦٠] بەڵام تەنها شت کە پێویستە ئەو کۆمەڵانە بیزانن خۆی لەودا دەبینێتەوە کەچەند چاکەیەکی سنوردار بەرز بنرخێنن. لێرەدا ئەو چاکە بنچینەییەی کە پێویستە هەموو بونەوەرێکی ژیر داوای بکات بریتیە لە: مافو ئازادییەکان‌و سامان‌و هێز. بەشێوازێکی دی دەستاودەستکردنی کۆمەڵەکان لەباردودۆخی بنەڕتیدا بەئامانجی گەیشتن بەرێککەوتنێك تەنها بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوان بوونەوەرە مرۆییە ژیرەکان لەبەرچاو دەگرێت لەسەرووی ئەم بەرژەوەندیانەش، بەرژەوەندی لەسەر پەیمانی هاریکاری کۆمەڵایەتی دێتە پێشەوە، کە بۆ هەموو تاکێك ئەو پەڕی سوود وەرگرتن لەئازادی بەرهەم دەهێنێت‌و، لەگەڵ بەخشینی ئازادی بەوانی تر دەگرێتەوە. بەهاکانی دادپەروەری بەهۆی شیکردنەوەی (رۆڵز) بەسێ قۆناغ لەبارودۆخی بنەڕەتیەوە سەرچاوە دەگرێت: لەقۆناغی یەکەمدا(تیۆری لاوازلە چاکەدا THE THIN TJERORY OF COOOD) دێتە پێش و لەرەوشی هەڵبژاردنی یەکەمیدا بەرجەستە دەبێت، مەبەستیش لەو ناونانە ئەوەیە کە ئەم تیۆرە تیۆرێکی کامڵ نییە لەچاکەدا، چونکە هیچ بناغەیەك ناداتە کۆمەڵەکان بۆ هەڵبژاردن لەنێوان بەهاو ئامانجی جیاواز، لەقۆناغی دووەمیشدا بەهاکانی دادپەروەری لە ( تیۆری لاوازی چاکە) وەردەگرێت، بەڵام لەقۆناغی سێیەم‌و کۆتاییدا

بەهاكانی دادپەروەری دەبنە بناغە بۆ دیاریكردنی چەمكی چاكەو راڤەكردنی بنچینەیی وەك چاكەی كۆمەڵ.[٦١]

بەلام ئەو بەها كۆمەڵایەتیانەی كە لەپێودانگی بارودۆخی بنەڕەتیەوە رێككەوتنی لەسەر دەكرێت، لەدوو پرەنسیبی بنچینەیی دیاری دەكرێن. یەكەمیان: پەیوەستە بەئازادی مافەكانو، ناوەرۆكەكەشی ئەوەیە: هەموو تاكێك مافی ئەو پەڕی سوود وەرگرتنی لەئازادی هەیە بەمەرجێك دان بەمافێكی هاوشێوە بۆ ئەوانی تر بنێت.

دووەمیان: پەیوەستە بەدادپەروەری دابەشكردن، ناوەڕۆكەكەشی بریتیە لەوەی: نایەكسانی لەنێوان ئەندامانی كۆمەڵ شتێكی رێگە پێدراوە ، تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت كە لەبەرژوەندی ئەو كەسە دابێت كەكەمترین چانسی هەیەو ئەوانەش كەبارودۆخیان لەبارودۆخی بەرامبەر نالەبارەترە، ئەوەی كە دادوەری دابەشكردن لەحاڵەتی ئامادەگی یەكسانیدا لەدابەشكردنی چاكەكان، پێویستیەتی، ئەوەیە كە ئە نایەكسانیانە لەبەرژوەندی ئەوانەدا بێت كە رەوشیان كەمتر مەیسەرە لەناو كۆمەڵگادا، ئەگەرنا رێگە پێدانێكی ئەخلاقی وەرناگرێت .[٦٢] بەلام ئەو پەرنسیبانە كەخاوەنەكەی ویستوویەتی بێ لایەن بن ( لەنێوان سەرمایەداریو سۆشیالیزم) زوو بەزوو رووبەڕووی كۆمەڵێك بەربەستی تیۆریو پراكتیكی دەبنەوە بۆ نمونە چۆن دەكرێ پەرەنسیبی دووەمی پەیوەست بەبەشینەوەی دادوەری جێبەجێ بكرێت لەكاتێكدا بیرۆكەی پێشینەیی ماف لەسەر چاكەش پیادە بكرێت كە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت نابێت دەستكاری هیچ مافێكی تاكگەری بكرێت بەناوی بەرژەوەندی گشتی؟ یا بەمەبەستی بەدیهێنانی چاكەی گشتی؟ ئەگەر



ئەوەشمان لەبەرچاو گرت كە هیچ شتێك بەقەد دامەزراندنی سیستەمێكی كۆمەڵایەتی لەگەڵ بەرەژوەندییەكانی بۆرژوا پێچەوانە نابێتەوە، ئەوا راهاتنی زۆربەی ئەو تیۆریستانە لەسەر بەئەستەم كردنو بەیۆتۆبیا كردنی جێبەجێبوونی چەمكی یەكگرتوویی كۆمەڵایەتی تێدەگەین. بەلام وێرای ئەوەی هەوڵدانو خەون بینینی مرۆڤ بەدامەزراندنی كۆمەڵگایەكی ئازادو دادوەر، ناوە ئایدیۆلۆژیەكەی هەرچی بێت، پرۆژەو كرانەوەیەكە بەسەر تواناكارییە مرۆییەكان. ئەگەر لەگەڵ (فرانسیس فۆكۆیاما)ش كۆك بین [٦٣] .

لەسەر گرنگی ئەو دەسكەوتە لیبرالیە دیموكراسیەی كە مرۆڤایەتی لەرێگەی كاروانی پڕ ئەستەمو درێژی خۆیدا، بەتێپەڕبوون بەهەموو شێوازەكانی زۆرداریو تۆتالیتاریدا، پێیگەیشتووە، ئەوا بەپێچەوانەی ( هیگلو فۆكۆ یاما) وای دەبینن كەكاروانی ئازادی مرۆیی لەدەوڵەتی دەستوری هاوچەرخدا لەناو دیموكراسیەتدا بەرجەستەنەبووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت مێژوو گەیشتۆتە ئەو پەڕی ئامانجی خۆی كە ئێستا بە ( كۆتایی مێژوو) ناوزەد دەكرێت، بەجۆرێك مێژوو ئامانجی پێشوەختەی نییە كە بەئاراستەیەوە بجولێت، جا چ لیبرالیەتی دیموكراسی بێت یان كۆمۆنیزم، ئامانجە مێژوویەكانیش مرۆڤو بارودۆخە كۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییە گۆڕاوەكانو بارودۆخە مەرجدارەكان بەئاسوی مێژوویی مەعریفی ، دانابڕێن، هەروەكو چۆن "ماركس" لەمیانەی رەخنەگرتن لەهیگل ئەوەی سەلماند كە دەوڵەتی ئازاد لەچارەسەركردنی جیاوازییەكی جەوهەری ئاشكرا هەرەسی هێنا، كە ئەویش ململانێی چینەكانەو، دەوڵەتی لیبرالیش نوێنەرایەتی بەجیهابوونی ئازادی ناكات، بەڵكو بەرجەستە بوونی سەركەوتنی ئازادییە بۆ چینی بۆرژواو بەهەمان

شێوەش ئەزموونی کۆمەڵگا هاوچەرخەکان ( سەرمایەدایو سۆسیالیستی ) بەڵگەن لەسەر نامۆبوونی مرۆڤو لەدەست دانی کۆنترۆڵی بەسەر چارەنووسی پێشکەش کردووە ئەمەش بەرداومبوونی مرۆڤ دەگەیەنێت لەهەوڵی تیۆریو پراکتیکیانەی خۆی بۆ داهێنانی شێوازی نوێ لەرێکخستنو بەرێوەبردنی کاروبارەکانی لەگەڵ سووربوونێکی زۆر لەسەر تەوزیفکردنی یادەوەرییە کۆمەڵەییەکانو سوود وەرگرتن بەپێی توانا لەئەزموونو بەهرە سەرکوتووو نا سەرکەوتووەکان بەیەکەوە _ بۆ ئەوەی بتوانێت ئامانجو بۆچوونەکانی دابرێژێ ئەمەش بەپێی پێداویستی ئارەزووەکانی کە لەپێکهاتەی دانابرێتو، ئەوە دووپات دەکاتەوە کۆتایی مێژوو یان هەوڵەکانی وەستاندنی لەم وشوێن یا لەو شوێنی گەشەکردن. شتێك نییە جگە لەدرودێك کە زوو پۆڵێن دەکرێو لەتۆماری ئارەزووەکاندا دەپارێزرێت.



## بەشی دووەم

# کۆمەڵی مەدەنی لە دەقەکانی هیگڵ، مارکس، گرامشی

* کۆمەڵی مەدەنی لای هیگل.
*کۆمەڵی مەدەنی لای مارکس.
* کۆمەڵی مەدەنی لای ئەنتۆنیۆ گرامشی.
* کۆمەڵی مەدەنیودەوڵەت : گیروگازی گونجانوجیابوونەوە.
*کۆمەڵی مەدەنیو بنەماکانی گەشەکردنی دیموکراسیەت.

# کۆمەڵی مەدەنی لای هیگل:

گرنگی(ئسوڵی فەلسەفەی هەق) بۆ ئەوە ناگەرێتەوە دواین کتێبی (هیگل)ەو، تیایدا زیاتر روانینەکانی خستۆتە سەر کۆمەڵگاو سیاسەت‌و مێژوو،بەڵکو بۆ ئەو ئۆبژێکتیڤە دەگەرێتەوە کەوا چارەسەری دەکات، ئەویش شیکردنەوەی فەلسەفیانەیە بۆ کۆمەڵگا، یان راڤەکردنی فەلسەفییە بۆ پێکهاتەکانی کۆمەڵگا:( خێزان، کۆمەڵی مەدەنی ودەوڵەت).کە خۆی لە رەگەزەکانی فیکریی گشتگیریدا دەبینێتەوە:(گشتی، بەشی، تاکی).

لەو لێکۆلێنەوەیەدا تەنها بەو پێوانەیە دەچینە سەر بابەتی خێزان کەپەیوەندی بە کۆمەڵی مەدەنییەوە هەیە، لەوەی کەخێزان پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی تری لەسەر بونیاد دەنرێن.بەڵکو گرنگیدانەکان لەسەر چەمکی کۆمەڵی مەدەنی چڕ تر دەکەین بۆ ئاراستە کردنی پێکهاتە ناوخۆییەکانی‌و پەیوەندی بە دەوڵەت. هیگل چۆنی روانیوەتە کۆمەڵی مەدەنی، کۆمەڵی مەدەنی شوێنی لە راڤەکردنەکانی هیگلدا چییە، ئەو زێدە کردنە چییە کە هیگل بۆ ئەم چەمکە هەیبووە؟

لەراڤەکردنەکانی هیگل بۆ کۆمەڵی مەدەنی، وەك ئەوەی کە لەدواین شاکارەکانیدا هاتووە، ئاماژە بە گۆڕانی زمانەوانی‌و دەلالی دەکات‌و بەو پێوانەیە کۆمەڵی مەدەنی بۆ رەسەنایەتی لاتینی‌و ئینگلیزی دەگەڕێنێتەوە. دەستەواژەی(civil socity) گوازراوەتەوە بۆ ئەڵمانی burgerliche gesslschaft)))).و لەبەراوردکردنی(gemeinschaft) لەگەڵ ( gesselsch aft) ئەوە بەدەر دەکەوێت کە دەستەواژەی دووەم پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کلاسیکی نیشان دەدات‌و بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆنیینە بەکاردێت، لە هەمان کاتدا دەستەواژەی(gesselsch aft) ئاماژە بە ئینتیمایەك لەسەر بنەمای هەستکردنی هۆشیارانەی/ قەسدی بۆ بەرژەوەندیەکان دەدات.



بەکورتی ئەمەیان گوزارشت لە پێکهاتەی نوێ دەکات. ئەو جیاوازییە زمانەوانییەش تەنها شێوەیی نییە؛ نوێ بوونەوەی زمانەوانی لە لایەن هیگل بەدەگمەن دەلالەتی راستەقینەی ئەو گۆڕانە نیشان دەدا،وەك دەڵێن لە دۆزینەوەو راڤەکردنی کۆمەڵگای پێش دەوڵەت پێك نایەت، چونکە ئەو دۆزینەوەو راڤەکردنە وەك تێبینیمان کردووە هەر لە سەردەمی (لوك)ەوە ئەنجامدراوە. بەبەراورد لەگەڵ دوانەی کۆمەڵگای سروشتی – کۆمەڵگای مەدەنی کە لە سەردەمی (لوك)ەوە تاوەکو دەگاتە رۆسۆو فیزۆکراتیەکان بوونی هەبووە. تێگەیشتنی هیگل بۆ کۆمەڵی مەدەنی گەلێ دەوڵەمەندو فراوانە بەوەی تەنها لە پەیوەندیی ئابووریانەو پێکهاتە چینایەتییەکان پێك نایەت، بەڵکو بونیادێکی میکانیزمی دادوەری‌و کارگێری‌و هاریکارییە. نوێگەری هیگلیش، کۆمەڵی مەدەنی وەك نێوەند لەنێوان خێزان لەلایەك‌و دەوڵەت لەلایەکی تر بینا دەکات. لەبەر ئەم هۆیەش چەمکی هیگلی سەرجەم ئەو دام ودەزگاو پەیوەندییانەی پێش دەوڵەت وەك(خێزان) لەخۆناگرێ ،وەك ئەو کۆمەڵگا سروشتیەی لای(لۆك)، بەڵکو ئەو چەمکە ئاستی پەیوەندییە ئابوورییەکانە بەرێکخستنە دەرەکیەکانیشەوە لەسەر بنەمای دەوڵەتی لیبڕال. یان لە کۆمەڵی بۆرژوازی‌و دەوڵەتەکەی پێك دێت.

بیرۆکەی کۆمەڵی مەدەنی لای هیگل لەسەر بەزاندن/ هەڵوەشانەوەی ئاستەکانی خێزان بینا دەکرێ، ئەو منالانەی کە لەناو خێزان چاودێری‌و پەروەردە دەکرێن لەکاتێکدا کەگەورە دەبن‌و دەگەنە تەمەنی توانایی لە هەڵسوکەوتوو، بوون بە خاوەنی کەسێتی سەربەخۆو رەچاوکراو لەبەردەم یاسا، بۆ ئەوەیە کە لەخێزانەکانیان جیا ببنەوەو خێزانی نوێ بونیاد بنێن. بەو شێوەیە ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی بێلایەن لەوانەی کەپەیوەندییان بەرایەڵی دەرەکیەوە هەیە دەردەکەون بەو وێناکردنەی کە رەگەزی کۆمەڵایەتی سەربەخۆن(automization) ئەوان لەناو خێزانەکانیاندا، ویستە خودییەکانیان بەرتەڤ وئامانج نیین، بەڵکو ئامانجی سەرەکیان خێزانە.ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەوان لەدەرەوەی خێزان، کەسی سەربەخۆن‌و هەریەکەیان

لەخودی خۆیدا ئارەزویەکی هەیەو هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوانیتر (دەوروبەر) دەکات لەسەر ئەو بنەمایەی کە رێگای بەدیهێنانی ویستەکانیەتی.بەومانایەی هەر تاکە کەسێك پشت بەهەمموو تاکەکانی تر (بەرامبەر) دەبەستێت.چونکە بەبێ ئەوان ناتوانێ ویستەکانی بەدیبێنێ. بەم شێوەیەش هاوکاریو ئاڵوگۆڕ لەنێوانیاندا دێتە ئاراوە، ئەوحاڵەتەش، یان حاڵەتی پشت بەستنی کەسە سەربەخۆکان هەر یەکەی بەوی تریان، جەوهەری ئەوەیە کە(هیگل) ناوی ناوە کۆمەڵگای مەدەنی.

بەم شێوەیە بنەمای سەرەکی لە کۆمەڵی مەدەنیدا(تاك)ەو، لەسەریەتی لەئەندامانی سەربەخۆی پێك بێت کە هەریەکەیان روانینی تایبەتی بەرامبەر بەشتەکانی دەوروبەر هەبێو لەبنەڕەتدا کار بۆ پێویستیە کەسییەکان بکات. بەڵام وەك ئەوەی لە یەکەم تێڕوانیندا دەردەکەوێت کۆمەڵی مەدەنی ئەو مانایە نییە کە گشتگیریەکی رەها بێت. بەڵکو سیمای یاساییو ئۆرگانیکی بەخۆوە دەگرێت: بەشی خۆی لە گشتیەکەدا دەبینێتو بەرژەوەندییە خودییەکانی تاك لەسەر هەمان بنەمای هاوبەشە کە کۆی خەڵك لە سنووری یەك پانتایدا پەیوەندی لەگەڵ دەگرن.

لەو روانگەیەوە کەخەڵك، بۆ ئەوەی ئامانجە تایبەتیەکانیان بەدەستبێنن، ئەبێ ئامانج و چالاکیەکانی ئەوانیتر لەبەرچاو بگرن. ئەو مانایەش لەو دەقەدا روونە کە هیگل لە بەشی دووەم نووسینەکەی کە پەیوەندیدارە بە کۆمەڵی مەدەنی باسی کردووەو تیایدا دەڵێت"کەسی عەینی کە بۆ خودی خۆی ئامانجێکی تایبەتە، بەو وەسفەی کە کۆمەڵێك پێویستی هەیەو، پێکهاتەیەکە لە زەرورەتی سروشتیو ئیرادەی سەرکوتکەرانە، ئەوە بنەمای یەکەمە بۆ کۆمەڵی مەدەنی. بەوپێیەی کە کەسی تایبەت(خودی سەربەخۆ) لە جەوهەردا لە پەیوەندییەکی هاوشێوەدایە لەگەڵ بەرامبەر، تاوەکو هەرلایەیان( هەریەکەیان) خودی خۆی دەسەلێنێو، بەهۆی ئەوی ترەوە رازی دەکات، لەهەمان کاتدا ئەوەش ملکەچی تێپەڕاندنی شێوە گشتییەکەیە، کە ئەمەیان بنەمایەکی ترە".[٢]



کۆمەڵی مەدەنیش لە روانگەی هیگلەوە لەو سێ ساتەی خوارەوە پێك دێت:

- سیستەمگەرایی پێویستیەکان
- رێکخستنی دادوەری
- کارگێڕی ودام ودەزگا پسپۆڕییەکان.

لێرەشدا بەتەنها لە سەر شیکردنەوەی هەریەك لەو ساتانە رادەوەستین، با بگەڕێنەوەو لە سەر بنەمای پەیوەندییە ئاڵوگۆڕو تێك هەڵکێشیەکانیان ئاراستەیان بکەین.

## *سیستەمگەرایی پێویستیەکان (ئاتاجەکان)

چونکێ ژیانی کۆمەڵایەتی لە سروشتەوە سەری هەڵداوە، بەوپێیە رەگەزەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەپشتبەستن بەپاڵنەرو پێویستیە بەرجەستەکانی لەسەر ئاستی ژیانی بایۆلۆژی گەشە دەکات، بەڵام کۆمەڵی مەدەنی ئاسۆی ئەو پێویستیانە (ئاتاجانە) (خواردن،جل وبەرگ، شوێنی ژیان.. تاد) فراوانتر دەکاتەوە، خەڵکەکەش لەرێگای بیرکردنەوەیان ئامانجو ئاتاجی نوێ دەخوڵقێنن. ئەو نوێ بوونەوەیەش دیاری نەکراوە، بەو مانایەی لە کاتی تێر بوونی پێویستیەك لە پێویستیەکان، جێی ئەگەر نییە کە پێویستی تر سەر هەڵدەدەنو چەند بارە دەبنەوە. ئەمەش وادەکات پشتبەستنی هەماهەنگ لەنێوان خەڵکدا هەبێ. هیگل دەڵێت"ئەو پانتاییەی بۆ پێویستیەکی دیاریکراوو، بۆ وەسیلەیەکی تایبەتیش ئامادەباش دەکرێو لێیەوە دەسبەرداردەکات،(کار)ە.ئەمەیان بەشێوازی جۆراوجۆرەو،ئەو بابەتەش تایبەت دەکاتەوە بەهۆکاری جیاجیا کەوا سروشت پێی بەخشیوە "[٣] درێژەی پێدەداو دەڵی" لەتوانای گشتیو ئۆبژێکتیفیەتی (کار) هەیە بچێتە سەر ئەبستراك کردنی ئەو شتەی کە جۆری کەلوپەلو پێویستیەکان بەرهەم دێننو ، لێرەوە تایبەتکردنی بەرهەم ودابەشکردنی کار وەبەر دێت. لەو

ڕەچاوکردن‌و، لەو ئاڵوگۆڕەی نێوان کارو تێرکردنی پێویستیەکان، توانا کەسییەکانیش دەگۆڕێن بۆ بەشداری کردن لەتێرکردنی پێویستیەکانی هەموو ئەوانی تر"[٤] لەگەڵ ئەوەی کە بوونی پێویستیەکان لەکۆمەڵدا وەك زەرورەت دەبێ ببێتە هۆی بەدەرکەوتنی چین و توێژی کۆمەڵایەتی، کەکار بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کەلوپەل‌و پێویستانە بکەن کەدەبنە هۆی تێرکردنی ئەو ئاتاجانە." گروپە کۆمەڵییەکان شێوەیەکی ئۆرگانیکی پێکهاتوو لە دامودەزگا بەشیەکان پێك دێنن، تەکنیکاریەکان ، کارگەرایی ،شێوازی تێرکردنی پێویستیەکان‌و، ڕۆشنبیری تیۆری‌و پراکتیکی، ئەو دام ودەزگاو پێکهاتانەن کە تاکەکانیان بەسەردا دابەش دەبن، ئەمەش وادەکات کە جیاوازی لە نێوان چینەکاندا هەبێت".[٥]

لەروانگەی بوونی جیاوازی لەنێوان گوند(لادێ)و شار هیگل سێ چینی سەرەکی دیاریدەکات کە ئەمانەن:

چینی جوتیاران کە بەزەوییەوە پەیوەنددارن، چینی بازرگان‌و پیشەکار کە لەشار دەژین، چینی سێیەم کە گرنگی بە ڕێکخستن‌و کارگێری دەدات بەئامانجی بەدیهێنانی بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵ ئەویش بیرۆکراتەکانن.ئەو ناکۆکییەی کە لەئەنجامی ململانێی نێوان ئەو تاقم‌و چینانە دێتە ئاراوە ئەرکێك پێك دێنن کەبۆ کۆمەڵی مەدەنی گرانە پێی‌هەڵسێ. لەبەر ئەم هۆیەش ئەو توێژە ناکۆکانە بەشێوەیەك بەهێزی دەرەکی بەتواناتر لە دام ودەزگا ئابوورییەکان ڕێك دەخرێن، بەو مانایەی کە گواستنەوەی بۆ ئاستی ڕێکخستنی سیاسی کۆمەڵگا زەرورەتەو، ئەوەش لەرێگای کارکردن‌و پیادەکردنی دادوەری‌و پۆلیس‌و سەندیکاکان[٦]، یان لەرێگای گواستنەوەی قسەکردن لە سەر ماف بۆ دارشتنی یاساو شێوازی جێبەجێ کردن.



# ڕێکخستنی دادوەری

پێویستی بوون بۆ ڕێکخستنی دادوەری دێتە ئاراوە، ئەوەش دووەم ساتە کە کۆمەڵی مەدەنی لێپێك دێت، لەرێگای پشت بەستنی هەماهەنگ لەنێوان تاکەکان بۆ تێرکردنی پێویستیەکانیان، ئەو پشت بەیەك بەستنەش ڕێکخستنێکی گەرەکە کە شێوەیەکی یاسایی بەخۆوە بگرێ. بەروانینی هیگل دەکرێ رەگەزەکانی یاسا بۆ غەریزە بگەڕێنینەوە، بەو پێودانگەی غەریزەکان ڕێکخستنە سەرەتاییەکانی ژیانی بایۆلۆژی پێك دێنن. داب ونەریت دێت بۆ ئەوەی قۆناغێکی باڵاتر لەو ڕێکخستنانە پێك بێنێ، بەو پێیەی لە هۆشیاری‌و مەعریفە پێك هاتووە. بەڵام کێشە لە داب ونەریتدا ئەوەیە کە خودی‌و میکانیکی‌و پەرتییە، لەو کاتەدا کە یاسا گشتی‌و دانراوو ناسراوە لەلایەن هەمووان، هیگل دەڵێ" ئەو مافەی لەشێوەی یاسا دانراوەکان دێتە بوون(وجود)و ، بەدیش دێت، بەو سیفەتەی کەوا ناوەڕۆکێکی (دەقێکی) جێبەجێکراوە، لەو کاتەشدا دەچێتە سۆنگەی پەیوەندی لەگەڵ ئەو ئۆبژێکتیڤەی کە بارودۆخ / جۆرەکانی موڵکایەتی‌و گرێبەندەکان لە کۆمەڵی مەدەنی دەیخەنەروو، کەوا بارودۆخی تاکی‌و بێ کۆتاین"[٧].و"پابەندبوونیش لە هەمبەر یاسادا لە روانگەی ماف‌و هۆشیاری خودیەوە دێتە ئاراوە بەو زەرورەتەی کە لەلایەن هەموانەوە ناسراوە"(٨).لەبەر ئەم هۆیەیە هیگل ئاماژە بەپێویستی نووسینی یاساکان‌و بڵاوکردنەوەیان دەدات بۆ ئەوەی لەبەر دەست و ئالوێرییەکانی خەڵکدابن. پێیوایە وەلانان و دورخستنەوەی لە بەکارهێنان‌و ، هیشتنەوەیان لە ناو ئاخنی کتێبە تایبەتەکان سەرەتایەکە بۆ نەزانین‌و سەپاندنی لە رێگای یاساشەوە دان بەموڵکدارێتی دادەنرێ‌و بەهۆی گرێبەندییەکی خاوەن بەهای مافدارێتیەوە دەبێ.ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کەوا کۆمەڵی مەدەنی دانی بە کەسێتی‌و موڵکدارێتی ناوە، بەو شێوەیەی کە بۆتە هۆی ئەوەی سنور بەزاندنی هەریەکیان دەبێتە سنور بەزاندن بۆسەر شتێکی گشتی یان کۆمەڵ. چونکە یاسا تاك لە تاکێتی خۆی دادەبڕێت‌و وا مامەڵەی

لەگەڵ دەكات كە(كەسێكی گشتییە)و "بەهای مرۆڤیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە مرۆڤە، نەك بۆ ئەوەی كە یەهودییە یان كاسۆلیكیە یان برۆتستانتە یان ئەلمانییە یان ئیتالییە" [٩].

دەسەڵاتی یاسا پەیوەستە بە كەسی گشتی نەوەك بە تاكی عەینیو، بەقەد ئەوەی گشتیش بێت ئازادی دەگرێتەخۆ. ئەو مافەی كە لەشێوەی یاسایەك دێتە ئاراوە، دەبێت بەهایەك بۆ خۆی دابنێت، بەوەی كەوا گشتی بێت، ئەوەش بەومانایە دێت كە ئینتیمای بۆ دەسەڵاتی گشتی دەبێت كە دادگاو دەسەڵاتی یاسادانانەو ماف بەتاكی كۆمەڵی مەدەنی دەدات كێشەكانی بخاتەروو. لەگەڵ ئەوەشدا هیگل سەرجەم ئەو تیۆرانە ڕەتدەكاتەوە كە وادەكەن ماف پەیوەست بێت بە بڕیاری دادوەر نەوەك لەسەر گشتگیری یاسا. هەروەها ڕەخنە لەو بۆچوونە دەگرێت كە دادوەران دەكاتە" یاسا دانەری هەمیشەیی"، یان ئەوەی كە وادەكات ئەو بڕیارە كۆتاییەی كە پەیوەستە بە هەق و ناهەق بۆ بۆچوونەكانی ئەوان(دادوەران)ی بەجێ بهێڵێت.[١٠]

بەم مانایە، كۆمەڵی مەدەنی تێكەڵێكە لەو دژە بەرژەوەندییانەی كە پێویستیان بە زۆرێك لەرێكخستنو ڕێساو یاسا هەیە، بەجۆرێك شێوەیەكی زیاتر عەقلانی دەگرێتەبەر. ركابەرێتی ئازاد كەمترین ئاستی پاراستنی یەكسانی بۆ ركابەرەكان وەدەست دێنێت، دووبارە زامنێكە كە بۆ گرێبەستەو خزمەتگوزارییەكانی پشتی پێدەبەستێت. گشتگیری رووتی شكلگیریانەی یاسا لەگەڵ ئەوەی كەم وكورتیشی هەیە بەڵام هەر بە زامنێكی یاساو باشتریش لە خودگەرێتی تاك دەمێنێتەوە.

بەجۆرێك كە هەموو تاكێك لە نێو كۆمەڵی مەدەنیدا بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیە كە لە(كۆ)ی جیایدەكاتەوەو ، بۆ هیچ كامێكیشیان نییە بانگەشەی ئەوە بكات كە ئەو سەرچاوەی مافە، لەگەڵ ئەوەشدا یەكسانی ئەبستراكت لەبەردەم یاسادا هەڵە ماددییەكانی نێو خەڵك لانادات، یاسا دادوەرترە لە هەموو ئەو پەیوەندییە كۆمەڵایەتیە تایبەتمەندانەی كە لە نایەكسانیو بەدبەختیو زوڵمەتەكانی تر سەرچاوە دەگرن، فیكری هیگل ئەو



رایە دەگرێتەخۆ كە دەڵێت كیانی یاسایی ئەو شتەیە كە خەڵكی ئازاد، خۆیان بە عەقڵی تایبەتیان دەبەستنەوە، ئەوەش پێویستی بە(رێكردنێك) هەیە لەگەڵ كەلتووری فەلسەفەی دیموكراتی، هەر تاك ئەو یاسا دانەرە ئازادەیە كەوا یاسای داوەتە خودی خۆی، بەڵام ئەوە رێگە لە هیگل ناگرێت كە بڵێت یاسا لە" پاراستنی موڵكدارێتی لەرێگەی پیادەكردنی داد پەروەرییەوە" بەرجەستە دەبێت. دەسەڵاتی یاسا تەنها مافێك لە موڵكییەت بەرجەستە دەكات و"ئەركی دادوەری بریتییە لە بەدیهێنانی لایەنی ئازادی كەسێتی لە كۆمەڵی مەدەنیو تەماشاكردنی ئەو لایەنەش وەك یەكێك لە زەرورەتەكانی.. كەتیایدا زەرورەتی كوێرانە بۆ سیستەمی پێداویستیەكان هێشتا بۆ ئاستی هۆشیاری گشتی بەرزنەبۆتەوەو لەو تیلە نیگایەشەوە جێبەجێ نەكراوە"[١١]

## كارگێڕیو دام ودەزگا پسپۆڕییەكان

شوێنگەی ئەو بەشە لەو پێودانگەوە دێت كە گەشەپێدانی دوو بەشەكەی پێشوون: ئەگەر رێكی پێداویستیەكانو تێركردنیان بووبێتە هۆی دەركەوتنی یاساكان، ئەوا ئەو یاسایانە پێویستیان بەكەسانێك هەیە جێبەجێیان بكاتو بیانپارێزێت. لێرەدا رۆڵی دەزگا دادوەریو پۆلیسیەكان دێت. "بەدادوەری رێگە لە بەزاندنی پیرۆزییەكانی موڵكداریەتیو تاك دەگیرێت.. ، شێوازو پێكهاتەی واهەن كە دەكرێ بە هاوبەشی بەكاربهێنرێن. ئەو ئەركە گشتییەو، ئەو پێكهاتانەش كە سوودی گشتییان هەیە پێویستییان بە شەونخونی دەسەڵاتو توانایی لە ئاست پێش بینی كردن هەیە"[١٢]. خەڵك لە كۆمەڵگای مەدەنیدا بەپێ هەمەرەنگی یان لە رووی زێدو ئینتیماو كار دابەش دەبن، ئەمەش بە گوێرەی چەند پێوەرێك، گرینگترینیان: تەمەن، رەگەز، باوەڕ، پیشە، بۆیە لەو دەزگا مەدەنیانە رێك دەخرێن كە ئامانجی پارێزگاری كردنە لە بەرژەوەندییە گشتییەكانیان، بەو مانایەش سروشتی كار لە كۆمەڵی مەدەنی دابەش دەبێتەسەر چەند لقێكی جیاوازو چەندین

هاوبەندیو دەزگای پیشەییو سەندیکایی دێنە ئاراوە کە مافی بەڕێوەبردنی بەرژەوەندییە ناوخۆییەکان بەسەرپەرشتی دەسەڵاتی گشتی دەگرنە ئەستۆ.

(هیگل) دەڵێت" دەزگای پیشەیی لەتەك خێزان، ڕەگی دووەمی مۆڕاڵی دەوڵەت پێك دێنێت، ڕەگێك کە لەنێو کۆمەڵی مەدەنیدا چێنراوە". ئامانجی دەزگا پیشەییەکان کەئامانجێکی سنورداروکۆتاییە، حەقیقەتی ئامانجە گشتیەکەی لەوەدا دەبینێتەوە کە لە خۆیەتیو بۆ خۆشیەتیو، واقیعیەتێکی (ڕەها) شی هەیە، کەواتە بازنەی کۆمەڵی مەدەنی بەرەو دەوڵەتمان دەبات".[١٣] ئێمە لە بەرامبەر وێناکردنێکین لە خێزان دەست پێدەکات،لەوێوە بۆ کۆمەڵی مەدەنیو لەوێشەوە بۆ دەوڵەت.هیگل لە یەکێك لە تێبینییە ڕونکارییەکانی دەڵێت" ئەگەر تێکەڵیمان لە نێوان دەوڵەتو کۆمەڵی مەدەنی کردو، تایبەتمان کرد بە ئاسایشو پاراستنی موڵکیەتو ئازادیی کەسی، لەو حاڵەتەدا بەرژەوەندی تاکەکان ئەوپەری ئەو ئامانجە دەبێت کەوا لەپێناویدا کۆبوونەتەوە".[١٤]

ئەو وێناکردنە لەسەر زۆرێك لەو هاوبەندیودەزگایانە بەڕێوەدەچێ کەتاکەکان پێکی دێننو،بەرژەوەندییەکانیان لەیەك دەچنو هاوکاری لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندیو ئامانجەکانیان دەکەن، وەك حاڵەتی پێك هێنانی ئەندییەو هەرەوەزیو ژووری بازرگانیو پیشەسازیو چەندین ڕێکخراوەی هەرەوەزی تر، کە تاکەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەڕێگایەوە چالاکی ئەنجام ئەدەنو تیایدا گوزارشت لە چالاکیە سیاسیەکانو بەشداربوونیان لەدروستکردنی بڕیار بەپێ یاساو ڕێسای دەوڵەتی لیبراڵ دەکەن، یان جاری وا لەسەر ڕێچکەیەکی دژەبەر ئەو چالاکیە ئەنجام ئەدەن. لێکۆڵینەوە لەسیستەمی سەندیکایی فراوان(corporation) دەبێتە هۆی پەرینەوە(بازدان) لە بواری کۆمەڵی مەدەنی بۆ بواری دەوڵەت. لەوکاتەدا کە سیمایەکی سەرەکی کۆمەڵی مەدەنی زامنکردنی موڵکداریێتیو ئازادییە کەسیەکانو چاکسازییان بێتو، بەرژەوەندی تاك ئامانج بێت، دەوڵەت ئەرکێکی تەواو جیاوازی هەیە، هەروەها ئەو پەیوەستیەشی بەتاك لەپێناو بەدیهێنانی یەکێتیو گواستنەوەی



لەشێوەی بەشی بۆ گشتی، یان لە بەرژەوەندییە تاکییەکان بۆ بەرژەوەندی گشتی دەبێت، ئەوەش لەڕوانگەی هیگڵەوە لەقوڵترین ئەرکەکانی دەوڵەتن. لێرەدا ئەو شوێنگە تایبەتە دێت کە هیگل بۆ دەوڵەتی دیارکردوو وای لێکرد بەسەر کۆمەڵدا تێپەڕیو سەرۆکایەتی بکات، بەو پێوەرەی"کە خۆی لەخۆیدا هێزێکی پتەوو بێ لایەنە"و تاکەکان هیچیان تێدا نییە "چەند ساتێك نەبێت" ئەویش "کاروانی خوداییە لە دنیا".

بەڵام ئەوەی کە هیگل پێیوابوو ماهییەتی دەوڵەت لەخودی خۆیدا جگە لە شێوەیەکی مێژوویی بۆ دەوڵەت هیچیتر نییە، کەلەگەڵی ژیاو هەوڵیدا لەپێناو بەدیهێنانی ئەو ئەرکو دەسکەوتانەی کە ئەڵمانیای ئەوکات بە بەراورد لەگەڵ ئینگلتەراو فەرەنسا لە بەدیهێنانی دواکەوتبوون[١٥]، ئەوەش لە پێناو تێگەیشتنێکی باشتر بۆ ئەو باکگراوندە مێژووییەی کەهێڵە سەرەکییەکانی فیکری هیگلی لە مەسەلەکانی پەیوەست بە کۆمەڵی مەدەنیو دەوڵەت وێنایکردووە. وای بەباش دەبینین کە ڕوانینێك بدەینە ئەو بارودۆخەی کە ئەڵمانیا لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەو سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە تیایدا ژیاوە، یان لێکۆڵینەوە لە چوارچێوەیەکی مێژوویی کۆمەڵایەتیو گیروگرفتەکانو ئەو ئەرکەی دەیخاتەروو، هەروەها گرنگی کاردانەوەی فەلسەفی و فیکریو سیاسیو کۆمەڵگایی لە سەر ئەو دۆزانە.

بەشێوەیەکی کورت دەتوانین بڵێین کە بارودۆخی کۆمەڵایەتیو ئابووری لە ئەڵمانیا شڵەژاو بوو، بەپێوانە لەگەڵ ئینگلتەرا کە گەورەترین شۆڕشی پیشەسازی بەخۆوە بینیو فەرەنساش کە گەورەترین شۆڕشی سیاسی لەسەردەمی نوێدا بەرپاکرد، ئەوە سیمایەکی بارودۆخی ئەوکاتەی ئەڵمانیا بوو. گەشەی ئابووری لەسەرخۆو، چینی ناوەند لە ئەڵمانیا کەبێ هێزو پەرتو خاوەنی بەرژەوەندی جیاواز بوون، لەناو سیستەمی دەرەبەگی کۆندا، نەیتوانی بەئەرکی ڕێکخستنی نەتەوەییو ڕوانین لەگۆڕانکارییە شۆڕشگێڕیەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی هەڵسێ[١٦] لێرەوە بوو کە ڕەتدانەوەی ئەڵمانیا لەسەر ئەو بەرەنگاریانەی کەوا شۆڕشی فەرەنسا لەرووی فیکر

بەرپایکردن، بەو مانایەی کەمیسالیەتی ئەڵمانی (کانت، فیْختە، شیلینگ، هیگل) ئەو توانا مێژووییە عەینیەیان گواستەوە لە پێناو دامەزراندنی شێوەیەکی ماقوڵتری دەسەڵات، بۆ ئاستێکی فەلسەفی. شۆڕشی فەرەنسا وەك بیرمەندە ئەڵمانیەکان ئەیانبینی، تەنها بە ڕەتکردنەوەی جیاوازی دەرەبەگی ڕەهاو لەجێ دانانی سیستەمی ئابووری کۆمەڵایەتی بۆ چینی ناوەڕاست(سەرمایەداری) نەوەستا، بەڵکو ئەوەی تەواو کرد کە بزوتنەوەی ریفۆرمی ئایینی لە ئەڵمانیا دەستی پێکردبوو، تاکی ئازاد کردوو، وای لێکرد کەسەرەوەر بێت لە ژیانیدا. بەو شێوەیە پایەی مرۆڤ لەجیهانداو شێوازی کاری لەسەر چالاکییە ئازادەکانی بەدەر لەدەسەڵاتی دەرەکی وەستان. بەو مانایەی کە دونیای سبەینێ (سروشتیو کۆمەڵایەتی) سیستەمێکی عەقڵانییەو لەتوانای تێگەیشتن دایە. بەو شێوەیە بوو کە شۆڕشی فەرەنسا بە جەخت کردنە سەر حەقیقەتی ئازادی و بەتیشك خستنەسەر تواناییەکانی بۆ روون کردنەوەی ڕەهەندەکانی بیرۆکەی عەقڵ دەستی پێکرد. لەسەر ئەمە هیگل وای دەبینێ کە"مێژوو تەنها لە عەقڵ دەکۆڵێتەوەو دەوڵەتیش وەبەرهاتووی عەقڵە". [١٧]

ئێستا ئەتوانین نزیك بوونەوەیەکی باشتر بۆ ئەو ڕەخنانە بەدیبهێنین کەئاراستەی فەلسەفەی سیاسی هیگلو مەزهەبەکەی لەمەڕ دەوڵەت کراون. (هێربەرت مارکوزە) وای دەبینێ کە هەڵەی هیگڵ زۆر لە سەروەری کردنی موڵکدارێتی بروسی ڕەها قوڵترە، تیۆرەکە لەسیاسەتی دانەوەی کۆمەڵ بەسروشت و، ئازادی بۆ زەرورەتو عەقڵ بۆ حەزو ئارەزوەکان بوو، ئەمەش گوزارشتە لە بەلاداچوونی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەلای حاڵەتی سروشتی بچوکتر لە عەقڵ. "لێکدانەوەی جەدەلی بۆ کۆمەڵگای مەدەنی بەوە کۆتایی هات کەکۆمەڵ لە پایە پێدانی عەقڵ و ئازادی لە خودی خۆیدا بێ توانایە.. بۆیە هیگل پێشنیازی دەوڵەتێکی بەهێزی کرد بۆ بەدەست هێنانی ئەو ئامانجەو، هەوڵیدا هەماهەنگی لەنێوان ئەو دەوڵەتەو لەنێوان بیرۆکەی ئازادی بەرتەڤ بکات،لەرێگا پێدانی سیمایەکی دەستووری



بەهێز بە موڵکیەت."[١٨] "بنەماکانی فەلسەفەی هەق" تەوژمێکی فراوانی لەگفتوگۆو ناڕەزایی وروژاند، بەتایبەت تیۆری هیگل لەمەڕ دەوڵەت، کەوا زۆرێك بەرەورووی ڕاڤەکردنو شرۆڤە کردنو هەندێك جار ڕەخنەگرتنی بوونەوە، گرنگترین ئەو ڕەخنانەی کە لەلای مارکس بەدەرکەوتن، ڕەخنەبوون لە وێناکردنی هیگل بۆ دەوڵەت، ئەمەیە کە لەبەشەکەی دوایی باسی لێوە دەکەین. لێرەدا ئەوەی دەمێنێتەوە دوو ناڕەزامەندین کە ئاراستەی تیۆری هیگل لەمەڕ سیاسەت بەگشتیو لەمەڕ دەوڵەت بە تایبەتی کراون، لەهەمان کاتدا دوو ڕووی یەك بەرەنگاری بوونن، یەکەمیان: ئەوە بوو کەهیگل لە وێناکردنی لەمەڕ دەوڵەت بەوە کۆتایی هێنا کە ئەبێ تاك بەتەواوی ملکەچی دەوڵەت بێت، لەوانەیە لەو حاڵەتەدا تاك ئازادییەکەی لەدەست بدات کەلەلایەن ئەو (تنینە) زەبەلاحە ڕەتدەکرێتەوە کەناوی دەوڵەتە." جا لەبەر ئەوەی دەوڵەت خۆی سەرچاوەی ڕەگەزی هاوبەشە بۆ ئیرادە بەشییەکانی تاکەکانو نەخشەکێشیەتی، لەمەوە ئەوە بەرهەم دێت کەتاك تەنها لە سەردانەواندنی نەبێ بۆ دەوڵەت ئازاد نابێو، جێبەجێ کردنی ئەرکو ئیرادەکانی بۆ سودی دەوڵەتە. ئەمە وای لە هەندێك کەس کرد کە بگەنە ئەو وەبەرهێنانەی کەوا هیگل بانگەشەی پەرستنی دەوڵەت دەکاتو، ئەو لەرێگای گەیشتن بە تۆتالیتاریەتو دەسەڵاتی گشتگیری بازنەیەکی پێکهێناوە.(totalitarianism ) ، ئەوە هەر وەك (کارڵ پۆپەر) دەڵێ: هیگل لەمەڕ ئەو بەرەنگارییە وا وەڵام دەداتەوە، دەوڵەت ئەگەر ئامانجەکانیشی لەسەرشان بێت بەڵام پنتی کۆتایی نییەو، بۆ عەقڵ نییە جگە لەخۆی بۆ هیچ شتێك ملکەچ بێت. لەبەر ئەوە ئاستی ژیانی سیاسی لەبوارە ئازادەکانی وەك: هونەر، ئایینو، فەلسەفە.... تاد تێپەر دەکات..[١٩]

لەهەمان کاتدا بۆچوونی دووەم لە بەرەنگاریەکان جەختی لەسەر پیشاندانی هیگل بەو پێودانگە بوو کەوا بەتیۆرە سیاسیەکەی ئەو ئامانجەی پێکاوە کە ئەو بارەسیاسیەی ئەوکات لە پرۆسیا هەبوو تێیپەرێنێ، لێرەوە بەرەنگاری کرایەوە لە هەموو چاکسازییەكو بەڵکو کۆنە پارێزییەکی،

بەپشتبەستن بەو رستەیەی  کە کتێبی فەلسەفەی هەق خستیەروو تیایدا دەڵێت" هەرچییەك عەقڵانی بێت بەکردار بوونی هەیەو، هەرچییەکیش بوونی هەبێ بەکردار عەقڵانیە" زۆرێك لەو گوتەیەدا وای دەبینن کە بەو مانایەیە،ئەو بارەی ئیستا باشترین باری بەرجەستەکراوەو هەروەها زرەورەت نییە بگۆڕدرێت یان شۆرشی بەسەردابکرێ"[٢٠]

بەلام ئەوەی لە لێکۆلینەوەکەی ئێمەدا گرنگە کە پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان کۆمەڵگای مەدەنیو دەوڵەت بەمانا فراوانەکەی؛ ئاڵوێرکردنی ئامانجەکانە بەکالا(کەلوپەل) لەلای هیگل. جا ئەگەر کۆبوونەوەی سیاسیانەی مرۆڤەکان بۆ رێکخستنی کاروباریان لەناو چوارچێوەو یاساکانی دەوڵەت زەرورەت بێ، دەبێ بوونیشی هەبێ، ئەمەشیان ئەوە ناگەیێنێ کە ئەو کۆبوونەوە رێکخراوەییە بەشێکە لە ئامانجەکانی(ئارەزوەکانی) مرۆڤ، بەڵکو لە بنچینەدا ئامانجەکانیان لە زامنی مەرجەکانی بوونیانو باشکردنی بەردەوامی ئەو مەرجانە تۆکمە دەبێت. ئەمەش لەرێگای فراوانکردنی مەملەکەتی ئازادی، بۆ ئەوەی هەموو ئەندامانی دەستە کۆمەڵایەتیەکان وەخۆبگرێ، بەشێوەیەك کە ئەو بوارەیان بۆ برەخسێنرێ هاوبەشی لە دروستکردنی چارەنوسیانو دیارکردنی ئامانجە هەنووکەییو دوارۆژیەکانیان بەشێوەیەك بکەن کە بگونجێو لەئاستی هۆشیاریان دابێ. بەو مانایە کۆمەڵی مەدەنی پێشدەکەوێو گەشەدەکا، یان کارکردە کۆمەلایەتیەکان لەواقیعی ژیانیاندادەبن، کەئامانج و ئارەزووە یان رێکخستنێکی سیاسیانەیە بۆ کۆمەڵگاو دەوڵەتیش وەسیلەیەکە بۆ کامڵبوونی ئەو ئامانجە نەوەك بۆ خۆی ئامانج بێت.



## کۆمەڵی مەدەنی لە دەقەکانی کارل مارکس

بۆ پێکهێنانی نزیك بوونەوەیەکی چاکتر لە تێگەیشتنی مارکسی بۆ بابەتی کۆمەڵی مەدەنی، لەوانەیە سوودمەندتر بێت ئەگەر جیاوازی لە نێوان ئەو نووسینانەی  مارکسبکەین کە لە زۆرێك لە لێکۆڵینەوەکانی نووسیویەتی بەتایبەتی "ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی"و " پشکداری لەرەخنەی ئابووری سیاسی"و لەشوێنی جیایتری وەك "١٨برۆمێر"و"سەرمایە"و لەنێوان ئەو شتانەش کەلە دوایدا نووسیویەتی، تێگەیشتنەوەی وای پێشکەش کردوون کە بۆچوونو تێگەیشتنی مارکسییە بۆ کۆمەڵی مەدەنی. یان ئەو خوێندنەوەو تەئویلاتانەی دوایی کە بەشرۆڤەکردنو راڤەکردن لەقەڵەم درانو، لەوحاڵەتانەی کەکەمترین  پێشوەچوونن لە هەڵوێستی مارکسی لەمەڕ ئەو دۆزە.

لەمەڕ شوێنگەی کۆمەڵی مەدەنیو گرنگیەکەی مارکس لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا نووسیویەتی" شێوازی هەڵسوکەوتی  وابەست بە هێزی بەرهەم هێنانی بەرقەرار لەهەموو قۆناغە مێژووییەکانی رابردوو، رۆڵی لەو قۆناغەدا، کۆمەڵی مەدەنیەو، ئەو کۆمەڵگا مەدەنییە پێشینەو بنەمای لە خێزانی سادە(سەرەتایی)و پێکهاتەیدا هەیە، کۆمەڵی مەدەنی پانتاییەکی راستەقینە پێك دێنێو شانۆێکی راستەقینەیە بۆ هەموو مێژوو.[٢١] ئەو دەقەی پێشتر  بەهۆی  روونیو دیاریکردنی شوێنگەی کۆمەڵی مەدەنی گیروگازی نوێ ناوروژێنێ، بەلام ئەوەی جێی تێڕوانیینە ئەو گرنگییە ئاوەرتەیەیە کەمارکس بەلانی کەم لە سەرەتای قۆناغە فیکرییەکانیدا بەکۆمەڵی مەدەنی داوە. هەروەها ئەوەی جێی تێڕوانیینە پەراوێزکردنی هەموو ئەو بۆچوونانە بوون کەچەمکی کۆمەڵی مەدەنی لەمارکسیەتی کلاسیکدا هەڵیدەگرتو لەنموونەی تایبەتی سۆڤییەتیشدا هاتنە ئاراوە. چەمکی کۆمەڵی مەدەنی زۆر بەدەستەوایی مایەوەو وون بوو، بەو پێودانگەی

کەتێگەیشتنێکی بۆرژوازییە. ئەمەش لەروانینێکی هەڵوێستگەرایی ئایدیۆلۆژیانە سەرچاوەی دەگرت – کەمارکسییە ئەرتەدۆکسیەکان بونیادیان نابوو- لەپێناو بەکارهێنانی ئەم چەمکە لەتێڕوانینیاندا بۆی، وەك رووپۆشێك بۆ قسەکردنی ئاشکراو روون لە سەر ململانێ چینایەتیەکان[٢٢].
بەڵام ئەو دەقەی کەوا گفتوگۆو دەمودوێکی زۆری دەربارەی پێکهاتەی کۆمەڵی مەدەنیو گێڕانەوەی بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی( ژێرخان-سەرخان) هەڵگرت ئەمەیان بوو" کۆمەڵی مەدەنی لە سەرجەم پەیوەندییە مادديەکانی تاك لەقۆناغێکی دیاریکراو لەگەشەکردنی هێزی بەرهەمهێن پێکدێتو هەموو ژیانی بازرگانیو پیشەسازی لە قۆناغێکی دیاریکراودا لەخۆدەگرێ، بەو شێوەیە سنوری دەوڵەت و نەتەوە دەبەزێنێ، ئەمە جگە لەوەی کەدەبێ لەهەر حاڵەتێکدا لەدەرەوە جەخت لەسەر بوونی خۆی بکات کەدەوڵەتەو لەناوەخۆشیدا کە نەتەوەیە". لێرەوە دەستەواژەی کۆمەڵی مەدەنی( burgerlischesllschaft) لەسەدەی هەژدەدا بەدەرکەوت، ئەو کاتە بوو کەوا پەیوەندییە موڵکدارییەکان لە کۆمەڵە کۆنو ناوەندییەکان دەربازی ببوو، کۆمەڵگای مەدەنی بەو شێوەیەی لەگەڵ بۆرژوازیەت نەبێ هەرگیز گەشەناکات. ئەمەیان هەرچۆنێك بێت رێکخستنێکی کۆمەڵایەتیەو، وەك زەرورەتی راستەوخۆ لە بەرهەمهێنانو هەڵسوکەوت پێکهاتووە، کەوا لەهەموو سەردەمەکان بوونیادی دەوڵەتی پێکهێناوەو، هەموو پاشماوە سەرخانیە نموونەیەکانیش بەبەردەوامی بەهەمان ناو ناونراون".[٢٣] لەشیکردنەوەی ئەو دەقەشدا لەسەر دوو خاڵ دەوەستین، کەزۆر ناکۆکیو گفتوگۆی لەسەر تێگەیشتنی(مارکس) بۆ کۆمەڵی مەدەنی وروژاند. یەکەمیان پەیوەست کردنی کۆمەڵی مەدەنیە لەلای مارکس بەژێرخانی کۆمەڵایەتی، بەپشتبەستن بە سەرەتای دەقی پێشوو ، ئەو دیاریکردنەی کەوا یەك دەگرێتەوە لەگەڵ ئەو گرنگیە بێ پایەنەی کە بە ژێرخان دراوە ، کە لەلایەك بە مەیدانی ململانێی چینایەتی دەزانرێو لەلایەکیدی وەك بنەمایەك کە هەموو ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیەکانی لەسەر بونیاد دەنرێ. لێرەوە ئەتوانین ئەو گرنگییە بزانین



کە مارکس بەئابووری سیاسی داوە، بەو پێودانگەی زانست توانای شیکردنەوەو تێگەیشتنی ژینگەی کۆمەڵگای سەرمایەداری هەیەو، دەکرێ ئەو ناکۆکیە ئابووریانە تێبگەین کە بەلانی کەم فیکری مارکسی لەهەندێ لێکدانەوەدا هێنایە ئاراوە.[٢٤] کەچی لەگەڵ ئەوەی ئەو بۆچوونەی پێشوو ناسراوو بڵاویشە، بەڵام تەنها تێگەیشتنێکی فەراهام نییە. لەوەوە ئەتوانرێ تێبینی ئەوە بکرێ کەچەمکی کۆمەڵی مەدەنی لای مارکس کیان/بەمانای دوولایەنی لەخۆدەگرێ: کۆمەڵی مەدەنی ئابووری کەپێك دێت لە"سەرجەم پەیوەندیە مادديەکانی تاکەکان"و قەوارەی مەدەنی سیاسی "کەبنەماکانی دەوڵەت لە هەموو سەردەمەکانو هەموو پاشماوەو بۆماوەکان لە سەرخان پێکدێنێ"، لەرێگاشیەوە لە خاڵی پەیوەندی کۆمەڵی مەدەنی بە دەوڵەتەوە ناکۆك بووەو تیایدا دەڵێت"بەو شێوەیە ئەگەر دەوڵەت ئەو شکڵەبێت کە تیایدا تاکەکانی چینی سەردەستەو لەئارا جەخت لەسەر بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان بکەنو، هەموو کۆمەڵی مەدەنی بۆ سەردەمێکی دیاریکراو کورت بکەنەوە، لێرەدا ئەوە بەدی دەکرێ کە هەموو دەزگا هاوبەشەکان بەهۆی دەوڵەتەوە بەرێوە دەچنو، شێوەیەکی سیاسیانە وەردەگرێ. لێرەدا وەهمێکە کە بڵێین یاسا جەخت لەسەر ئیرادە دەکا، لەوەش زیاتر کەوا ئیرادەی ئازاد لە بنچینە دیاریکراوەکەی جیایە.[٢٥] بەڵام خاڵی دووەم پەیوەستە بەقسە کردن لەسەر بوونی کۆمەڵی مەدەنی بەدرێژایی مێژووو لە شارستانیەتەکانی کۆنو ناوەڕاستدا بەو تێڕوانینەی کە دەبێ دیاردە پێش دیاریکردنی، ناولێنانی هاوتەبا بێت.[٢٦]

ئەوەمان لە بەشی یەکەمداو لەکاتی قسەکردن لەسەر بنەماو پێکهاتەکانی کۆمەڵی مەدەنی تێبینی کرد کە دیاردەیەکی مێژووییە لەسیاقی گەشەکردنی بۆرژوازیەت پێکهاتووەو، لەگەڵ هەموو ئەو ناکۆکیە عەقلانیو عەلمانیو مرۆییانەی کەوا ئەو گەشەکردنە لە سەر ئاستی فیکری بەخۆیەوە دیوە، هەروەها لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە نموونەییە نوێیانەی لەسەر ئاستی سۆسیۆلۆژی روویان داوە. لێرەوە تێدەگەین" کەکۆمەڵی مەدەنی بەو

سیفەتەی کەهەیەتی لەگەڵ بۆرژوازیەت نەبێ گەشەناکات" ئەو وەسفکردنەش پشت بە کۆمەڵێك بنەماو کۆڵەگە دەبەستێت کە لەپێکهاتی ئەو دیاردەیە بەشدار بوون‌و، لەو سیاقەی پێشوی دووریناکەوێ کەهەندێك وای دەبینن کۆمەڵی مەدەنی کۆمەڵی شارستانییە".(٢٧) ئەمەیە وا دەکات پێویستی بەجیاوازی کردن لە نێوان ئەو دوو جۆرە کۆمەڵگایانە هەبێت. ئەوەی زانراوە(ناسراوە) مێژووی مرۆڤایەتی دیاردەی شاری بەر لەهەزاران ساڵ‌و لە شارستانیەتە جیاجیاکانی ناسیوە، ئەمەش ئەوکات ئەو مانایەی نەگەیاندووەکە بوونی کۆمەڵی مەدەنی بێت. ئەگەرچی شار بەو پێودانگە شوێنێکی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و رۆشنبیریەو مەرجێکی زەروری بۆ پێکهاتەی کۆمەڵی مەدەنی پێکدێنێ، کەچی ئەم مەرجە بەتەنها بەس نییە بۆ پێکهاتنی کۆمەڵی مەدەنی. ئەو شرۆڤە کردنانەی کە رەتکردنەوەکانی مارکس لەم دوایەدا ئەیگەێنێ لەسەر بەکارهێنانی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی‌و گۆرینی بەکۆمەڵی بۆرژوا لە لێکۆلینەوەکەی لەمەڕ ئابووری سەرمایەداری لەکاتی"بەشداری کردن لەرەخنەی ئابووری سیاسی" بەتێپەرینی بە چەندین بەشی جیاواز لە(سەرمایە) دەتوانین لەو دەقەی خوارەوە تێبینی بکرێ مارکس دەڵێت" لێکۆلینەوەکانم بەرەو ئەنجامێك پێشرەویان کردم کە ئەوەیە، پەیوەندیە مافگەراییەکان وەك خۆی، وەك شێوەکانی دەوڵەت، نەدەتوانرێ لەخودی خۆی تێبیگەی‌و نەبەوەش کە بە پێشکەوتنی فیکری گشتی مرۆڤەکان ناودەبرێ، بەڵکو ئەمە رەگەکانی لە بارودۆخی ماددی ژیانەوە سەرچاوە دەگرن. ئەوەی کە هیگل دەسپێك بە فەرەنسایی‌و ئینگلیزەکان لەسەدەی هەژدەم کۆیکردەوە، لەئابووری سیاسی نەبێ لە هەڵوەشانەوەی کۆمەڵی مەدەنی ناکۆڵێتەوە.(٢٨) لەوەی پێشەوە تێبینی یەکبوونێك لەنێوان روانینەکان مارکس لەگەڵ هیگل لەمەڕ کۆمەڵی مەدەنی دەکەین لەرووی سەرهەڵدان‌و گەشەسەندنی، هەروەها لەمەڕ پێکهاتە سەرەکیەکانی، تەنها جیاوازیەکیش کە لەوانەیە یەکلاکەرەوە بێت لە نێوانیان خۆی لە تێروانینی مارکس بۆ پەیوەندی نێوان دەوڵەت‌و کۆمەڵی مەدەنی



دەبێنێتەوە کە لەروانینی هیگل بۆ دەوڵەت جیایە. مارکس توانجێکی پێشوەختەی لەسەر ئەو بابەتە نووسیوە کە گوتوویەتی" هیگل بەهۆی ئەو وەسفە سروشتیەی کە بۆ دەوڵەتی نوێی هەبووە لۆمە ناکرێ، بەڵکو بەهۆی ئەو پێشخستنەی کەوا گوایە بەرهەمێکی وەدستهاتووە لەجەوهەری دەوڵەتدا".(٢٩)

ئەو روانگە جیاوازە لە چوارچێوەی رەخنەی هیگلیەوە هاتووە، بەو پێودانگەی وای روانیوەتە کۆمەڵی مەدەنی کەبنەمایەکی واقیعییە بۆ دەوڵەت‌و مەیدانی ململانێ‌و کێشمە کێشەو، بەتەنها ئابووریانەش نا وەك ئەوەی هیگل دەیبینێ ، بەڵکو سیاسی وچیناتیشە. ئەو مەیدانەی کە مارکس تایبەتمەندی ئەداتێ وەك لقێکی مەعریفی بێلایەن، ئابووری سیاسییە. کەچی وا پێئەچێ ئە و جیاوازیانەی پێشوو قوڵترو گشتگیرتربن لەوەی کە لە جاری یەکەم دەرکەوتن، کە دەرەنجامی کۆمەڵێك ناکۆکی، بەڵکو دژکاری بوون‌و روانینی مارکسی لەسەر چەند مەسەلەیەك جیاکردۆتەوە. ئەو گیروگازانەش کە هیگل خستنیەروو پەیوەست بوون بە ئازادی‌و دەوڵەت‌و کۆمەڵی مەدەنی‌و ئارەزووەکانی پێشکەوتنی مێژوویی....تاد. ئەمەش زیاتر لە رێگای گەڕانەوە بۆ ئەو رەخنانە روون دەبێتەوە کە(مارکس) ئاراستەی (هیگل)ی کردوون و خۆیان لەدەوری ئەو تەوەرانەی خوارەوە دەبینەوە:

یەکەم: بەپێچەوانەی هیگل مارکس وای دەبینێ کە دەوڵەتی ئازاد لە ئاست چارەسەرکردنی ناکۆکیە جەوهەریەکان هەرەسی هێناوە کە ململانێی چینایەتیە.

دووەم: دەوڵەتی ئازاد نوێنەرایەتی ئازادی جیهانی ناکات، بەڵکو تەنها بەگیان هێنانی سەرکەوتنی ئازادییە بەنیسبەت چینی بۆرژوازی. لەو کاتەشدا کە هیگل تیایدا باوەڕی وابوو کە(نامۆبوون) (alienation) بەشێوەیەکی مێژوویی‌و لەرێگای دانپێنانی فەلسەفیانە بەئازادی فەراهەم لەدەوڵەتی دەستوری نوێ چارەسەرکراوە، مارکس تێبینی ئەوە دەکات کە مرۆڤ

لەکۆمەڵگا ئازادەکاندا لەخودی خۆی نامۆدەبێ چونکە (سەرمایە) (کەمرۆڤ خۆی خەلقی کردووە) دەگۆڕێت بۆ سەروەری مرۆڤ و هەڵیدەسوڕێنێ.

سێیەم: بیرۆکراتیەتی دەوڵەتی ئازاد کەهیگل بە( چینی جیهانی) ناونا چونکە پێشەنگی بەرژەوەندیە گشتیەکانی گەلن، لەلایەن مارکس پێشەنگی " بەرژەوەندی تایبەتن لە ناو کۆمەڵی مەدەنی، یان نوێنەرو پێشەنگی ئەو سەرمایەدارانەن کەدەستیان بەسەر کۆمەڵدا گرتووە. ئەوە بەو مانایەی (هیگل) (هۆشیاری رەهای خودی) بەدەست نەهێناوە، بەڵکو ئەو هەر خۆی بووەو، هەروەها هۆشیاریەکەی بەرەنجامی سەردەمەکەی خۆی بوو."[٣١]

کەچی ئەو گۆڕانکاریانەی دواین نووسینەکانی مارکس ئەوەیان نیشاندا کەکۆمەڵی مەدەنی مەیدانی ناکۆکیو ململانێیە بەجیاوازی جۆرەکانیەوە( ئابووری، سیاسی، ئایدیۆلۆژی، رۆشنبیری) لەنێوان هەموو چینوتوێژە کۆمەڵایەتیەکان. هەوڵی سەرمایەدارەکان بۆ پیادەکردنی هەژمونو بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای چینەکەیان بەرەو رووی هەوڵی بڵاوبوونەوەی هەژمونی دژ دەبێتەوەو(gounter hegomony) خۆی لەو چینوتوێژانە دەبینێتەوە کە بەتواناو رۆڵی خۆیان هەوڵ دەدەن بۆ بڵاوبوونەوەی بۆچوونو روانینەکانیان لەمەڕ جیهانو کامڵ بوونی هۆشیار بە خۆیەتیە بێلایەنەکانیان. ئەو گۆرانکاریانەی کەچەمکی کۆمەڵی مەدەنی بەخۆیەوە دی لەرووی دەلالەتو پێکهاتەکەی بووە شوێن گرنگی پێدانی بیریاری ئیتالیایی ( ئەنتۆنیۆ گرامشی).

گرامشی چۆنی روانیە چەمکی کۆمەڵی مەدەنی، ئەو دەلالەتە مەعریفیو ئایدیۆلۆژیە جیاوازانە چین کەوا خستنیەسەر چەمکەکە، ئایا ئەمە لای ئەو گەیشتە سنوری پانتاییەکی مەعریفی- هەروەك لەکتێبەکەی بەناوی(لەمێژووی چەمکیەت)دا دەرکەوت؟



# کۆمەڵی مەدەنی لای ئەنتۆنیۆ گرامشی

گرامشی لە یەکێك لە دەقە گرنگەکانیو لە دەفتەرەکانی زیندانیدا دەڵێت" ئەوەی تا ئەو ساتە ئەتوانین بیکەین، جێگیرکردنی دوو ئاستی باڵاو بنەرەتین، یەکەم دەکرێ پێی بوگوترێ کۆمەڵی مەدەنی کەسەرجەم ئەو رێکخستنانەن بەزۆری بە (تایبەت) ناودەبرێن، هەروەها ئاستی دووەم کۆمەڵی سیاسی یان دەوڵەت دەگرێتەوە. ئەو دوو ئاستە لەلایەك ئەرکی هەژموونگەری ئەگرنەخۆ کەوا چینی سەردەستە دەسەڵاتی خۆی بەسەر کۆمەڵدا پیادە دەکات، لەلایەکیتر پیادەی هەژمونی راستەوخۆ یان رۆڵی دەسەڵات دەکەن لەمیانەی دەوڵەت یان حکومەتی شەرعی".[٣١]

کۆمەڵی مەدەنی لای گرامشی لەپەیوەندییە رۆشنبیری-ئایدیۆلۆژیەکان پێك دێتو هەموو چالاکیە رۆحی و عەقلانیەکان وەخۆدەگرێ. ئەگەر ئەوەی مارکس گووتی راست بێت کە کۆمەڵی مەدەنی پنتێکی ناوەندیو شانۆی هەموو مێژووە، ئەوا کۆمەڵی مەدەنی لای هەریەك لە مارکس و گرامش ساتی پۆزەتیف و ئەکتیڤن لە پیشکەوتنە مێژوویەکان. نەوەك دەوڵەت کە لای هیگل بەدەرکەوت. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو ساتە پۆزەتیڤە ئەکتیڤە یان کۆمەڵی مەدەنی ، لای مارکس خۆی لە دیاردەی بونیادی ژێرخان (بنچینە) دەبینێتەوە، بەڵام لای گرامشی خۆی لە ساتی سەرووی بونیادی ( بونیادی سەرخان) دەبینێتەوە. ئەوەیە کەوا گرنگیدانی فرەی گرامشی بە مەسەلە رۆشنبیریەکان راڤە دەکات، هەروەها گرنگیدانی تایبەتی بە چەمکی رۆشنبیران، لە رێگای ئەو جیاوازیە بەناوبانگەی کە خستوویەتە روو لەنێوان رۆشنبیرانی کلاسیكو رۆشنبیری بنچینەییو رۆڵی ئەوەی دواییان لە هەژموونگەریدا. لە دەقێکی وەرگیراو لە (ئێستا و رابردوودا ) گرامشی وەك تێگەیشتنەکانی هیگل قسە لەسەر کۆمەڵی مەدەنی دەکات، بێ ئەوەی ئەوە نیشان بدات کە مەبەستی کۆمەڵی مەدەنیە" هەژموونی رۆشنبیری و سیاسی،

که چینێکی کۆمەڵایەتی بۆ پیادەکردنی هەژموونی بەسەر هەموو کۆمەڵ پیادەی دەکات‌و وەك دەورانێکی مۆڕاڵییە بۆ دەوڵەت"[٣٢]. بەومانایەی ئەو کۆمەڵە مەدەنییەی کە گرامشی مەبەستیەتی‌و ئاماژە بەهیگل دەکا ئەو قۆناغە سەرەتاییە نییە بۆ تەقاندنەوەی ناکۆکیەکان، کە والە دەوڵەت بکات بەسەریدا زاڵ بێت، بەڵکو قۆناغی کۆتاییە بۆ ڕێکخستنی ئەو بەرژەوندیە جیاوازانەی کە لەبنەڕەتدا وەك قۆناغێکی ئینتقالی بەئاراستەی دەوڵەت دەخرێنەروو.

بەپێی ئەو شیکردنەوەیەی پێشوو کۆمەڵی مەدەنی بوونێکی تایبەتی لە دەرەوەی کیانی دەوڵەت هەیە، جگە لەو پەیوەندییە جەوهەریەی کەوا لەگەڵیدا هەیەتی، کۆمەڵی مەدەنی سەنتەرێکە لەنێوان پێکهاتەیەکی ئابووری‌و دەوڵەت‌و، هەریەکەیان بۆ قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو دەگەڕێنەوە.

گرامشی دەڵێ " لە نێوان بونیادی ئابووری‌و دەوڵەت کە دەوڵەت تیایدا لە یاسادانان‌و دەسەڵاتی تۆتالیتار پێك دێت، کۆمەڵی مەدەنی هەیە. ئەو کۆمەڵە ئەوەیە کە دەبێ بە شێوەیەکی واقیعی‌و بنەرەتی بگۆردرێت، نەوەك بەتەنها لە سەر کاغەزو لەرێگای یاساوکتێبی زانایان. دەوڵەت ئەو ئامێرەیە کەلە پێناو ئاسایی کردنەوەی کۆمەڵی مەدەنی لەگەڵ بونیادی ئابووریانە بەکاردێت‌و، لە ئەستۆی دەوڵەتە بەو کارە هەڵبستێ. لێرەوە لەسەر شانی پێشەنگانی گۆڕان لەبوونیادی ئابووری بوو کەوا پێشڕەوایەتی دەوڵەت بکەن"[٣٣]. ئەو وێناکردنە بۆ مێژووی کۆمەڵگاکان، پێکهاتەی ئابووری‌و کۆمەڵی مەدەنی جیا لەدەوڵەت بەدەردەخات، دوا جاریش پێکهاتەی ئایدیۆلۆژیایی؛ کەوا کۆمەڵی مەدەنی لەگەڵ دەوڵەت پێکدێنێ‌و بەدامەزراوەی سیاسی لە کۆمەڵگادا دەناسرێ. بەومانایەی گرامشی گوتوویەتی " دەوڵەت، کۆمەڵی سیاسی + کۆمەڵی مەدەنیە".[٣٤] کە کۆمەڵی مەدەنی لەسەر ریکخستنی سیاسی کۆمەڵگا لەپارتەکان‌و سەندیگاو ڕەوتە سیاسیەکانی پێکدێت.



دەوڵەتیش قۆرغی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگای دام‌و دەزگاو دامەزراوە جیاوازەکانی دەکات، بەو مانایەی پەیوەندی نێوان کۆمەڵی مەدەنی‌و دەوڵەت پەیوەندییەکی جەدەلییە. لەرێگایەوە دەوڵەت شەرعیەت لەکۆمەڵی مەدەنی‌و لەمیانەی کاری دام ودەزگا کۆنترۆڵیەکان‌و دەسەڵات‌و ئاراستەکردنی لەلایەك‌و لەرێگای باوەڕبوون‌و پێشوازی کردن‌و ڕەزامەندی لەلایەکی‌تر وەردەگرێ. ئەمەش لەرێگای دام‌ودەزگاکانی دەوڵەتەوە دەبێت کە هەوڵ دەدەن بەردەوام بن لە سەر چالاکی‌و شەرعیەتیان بە ئامانجی گەیشتن‌و باندۆریان بەسەر ڕێکخراوو دەستە تارادەیەك بێ لایەنەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەدەوڵەت هەبێ، لەگەڵ ئەوەی لەواقیعداو لە پیادەکردنی ئازادی‌و مافەکانیان بەهەندێ رایەڵ بەدەوڵەتەوە پەیوەستن. ئەو دامەزراوەو ڕێکخراوانەی کەوا کۆمەڵی مەدەنی پێك دێنن پانتاییەکی کۆمەڵایەتی فراوان وەخۆدەگرن‌و هەر لە خێزانەوە درێژ دەبیتەوە تا دەگاتە دامەزراوەی بەرهەمهێنی تایبەت، سەندیکاو دامەزراوە ئایینیەکان دام‌ودەزگا پەروەردەیی‌و ڕۆژنامەگەری‌و ڕاگەیاندن‌و لەوێشەوە تا دەگاتە پارتە سیاسیەکان‌و پەرلەمان. لەرێگای ئەو گروپ‌و دەستانەوە کۆمەڵی مەدەنی پیادەی چالاکی‌و جموجۆڵەکانی لەبوارە جیاجیاکان دەکات. لەهەمان کاتدا پاریزگاری لەسیما تایبەتیەکەی دەکات کە(مەدەنیەتە)و لە دەرەوەی ناوئاخنی دەوڵەتە. بنەمای ماددیش بۆ بوونی ئەو کۆمەڵە پەیوەندییە ئابوویەکان‌و شێوازی بوونیەتی لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو. کەلێرەدا قۆناغی سەرمایەدارییەو خەڵك لەسەر ئەو بنەمایە گروپ‌و دەستەوچینە کۆمەڵایەتەکان پێك دێنن. بەسەرجەمیشیان لەگەڵ دام‌ودەزگاو ڕێکخستنەکانی بەرقەراری ئەو کۆمەڵگایە ستراکتۆری سیاسیانەی کۆمەڵ پێك دێنن".[٣٥]

# کۆمەڵی مەدەنیو هەژموونی رۆشنبیری

گرامشی پانتاییەکی نوێی خستەناو ناوەرۆکە سیمانتیکیەکەی کێشمەکێشمی ئایدیۆلۆژیانە. (semantic) چەمکی کۆمەڵی مەدەنی، بەو بۆچوونەی کەوا پانتاییەکە بۆ کێشمەکێشمی ئایدیۆلۆژیانە، جائەگەر کۆمەڵی سیاسی پانتاییەك بێت بۆ کۆنترۆڵی سیاسی بەهۆی هێز/دەسەڵات، ئەوا کۆمەڵی مەدەنی پانتاییە بۆ هەژموونی رۆشنبیری ئایدیۆلۆژیو، ئەرکی هەژموونی (hegomony) ئەرکێکی ئاراستەگەرییە بۆ دەسەڵاتێکی سومبوڵی کەبەهۆی رێکخراوەکانیەوە پیادەی دەکاتو بانگەشەی تایبەتیان بۆ دەکا، وەك ماڵەکانی پەرستن، سەندیکاو خوێندنگاکان [٣٦]... تاد. سەربەخۆی ئایدیۆلۆژیایی لە هەژموونی رۆشنبیریەوە دەست پێدەکات بەو بۆچونەی جیهانبینێکە تواناو هێزی نە لەخۆزاڵ کردنو سەپاندنی دەسەڵات(وەك ئەوەی لە حاڵەتی کۆنترۆڵیدا هەیە) و، نە لە عەقڵانیەتو نە لە لۆژیکیەتی رووت(ئەبستراکت)وە نایەت، بەڵکو بەتەنها لەئامێزگرتنی بەشە لێکچووەکانی کۆمەڵو پێکەوە لکاندنیان سەرچاوەدەگرێت. گرامشی لەمەڕ ئەو مانایە نووسیویەتیو ئاماژەی بەزرەورەتی یەکبوونی هێزە هاوپەیمانەکان داوە لەپێناو ( خولقاندنی دەستەیەکی سیاسی ئابووری مێژوویی پتەوو نوێ بێ ناکۆکی ناوەخۆیی). هەروەها ئەوەی روونکردۆتەوە کە سەروەری هەر چینێکی کۆمەڵایەتی یان هاوپەیمانیەکی چینایەتی پێویستی بە هەژموونگەری هەیە. ( سەرکەوتنی هەر دەستەیەکی کۆمەڵایەتیش دوو شێوە وەردەگرێ کە" کۆنترۆڵ"و"بەرێوەبردن"ی رۆشنبیریو مۆراڵییە "هەژموونیە" [٣٧].

ئەو هەژموونە رۆشنبیریە هیچ سەنتەرێك ناناسێو لەئالیەتێکی یەکگرتووەوە نایەت، بەڵکو ئامانجێکی بەبرەوی چەندین ناوەندە، کەوا دەزگاو رێکخستنەکانی لە دەرەوەی دەوڵەت بەهێز دەکات، بەدیاریکراویش لەپانتایی



کۆمەڵگای مەدەنیدا، لەهەوڵیدا (هەژموونی) بۆ پایەکردنی سیاسەتێك بۆ ئایدیۆلۆژیا کەئامانجی گێرانەوەی کۆمەڵی مەدەنیە بۆ مافی لە پیادەکردنی شەرعیەتەکانو گەیشتنی بەسەروەرێتی لەرێگای پێکهاتە تایبەتەکانی. بەومانایەی کەگرامشی یەکەم کەسە چەمکی هەژموونی بەمانای سەرکردایەتی بەکارهێناوە، بوونی سیاسەتی رۆشنبیری ئامانجی هەماهەنگ کردنو یەکخستنی هەڵوێستی چینوتوێژە کۆمەڵایەتیەکانە، وەك پێشینەیەك کەدەبێ بۆ بەدەسهێنانی سەروەری سیاسیانە بوونی هەبێت. ئەمەش لەمیانەی چالاکیەکانی حزب( رۆشنبیری دەستەجەمعی)و تواناکانی لەسەر ئامادەکرنو کۆکردنەوەی هەر خاوەن بەرژەوەندییەك لە گۆڕان لەژێر سەرکردایەتیەکەیدا، چونکە هەڵگری ئاڵای ریفۆرمو گۆڕانەو دەیەوێ هەژموونی رۆشنبیریو سیاسی بەسەر هەموو کۆمەڵی مەدەنیدا بڵاوبکاتەوە. بەو شێوەیە گرامشی بەپێچەوانەی (ئیبنولخەلدون) کەوا درێژە پێدانی رۆشنبیری بنەماو مەرجی سەرکەوتنی بەردەوامبوونی سیاسەتە.

کەچی ئەو ئەزموونو شارەزاییە کۆمەڵایەتیانەی بەدوای نووسینەکانی گرامشیدا هاتن بەتایبەتی لەرۆژهەڵاتی ئەوروپا بانگەشەی چاوپێخشاندنەوەی رەخنەییان بەزۆرێك لەو وتەزایانە کرد کەوا گرامشی لەراڤەکردنەکانیدا پشتی پێبەستی بوون. قوڵایی وتەزاکان کە بە سیفەتەکانی دەوڵەتی هیگلی لە (گشتگیریو باڵاگەراییو توانای گشتی) دەناسرێنەوە. هەر ئەو ریفۆرمیستەو بەرگریکەری ریفۆرمیشە، لێرەوە ئەو پرسیارە زەق دەبێتەوە، کە کێ زامنی راستی ئەو ریفۆرمە دەکات کەوا ئەو ریفۆرمیستە گەورەیە پێی هەڵدەستێ؟ ئەو گرانتیکە راستەڤینەیەی کەوا گرامشی لەبارەیەوە نەدواوە بەشێوەیەکی دیاریکراو فرەهەندی حزبییە، چ ئەوەی مەسەلەکە پەیوەست بێت بە چینی باڵا دەست یان ئەو چینەی کە دەسەڵاتی بە سەردا دەسەپێ؛ ئەو فەرەهەندییە ئەگەر بەبوونی کۆمەڵێکی مەدەنی بەهێزو کاریگەر لەرووداوو شەپۆڵی وەرچەرخانە مێژووییو کۆمەڵایەتیە گەورەکان نزیك بگرین، ئەوا راستەڤینەترین زامنە بۆ چاککردنی

ریفۆرمیستو فێرکردنی فێرکار. ئەو پەیوەندییە جەدەلییەی نێوان دەسەڵات کەخۆی لەدەوڵەت دەبینێتەوەو، ئەو رێکخستنو پارتانەش کەنوێنەری کۆمەڵن، زامنی قوڵبوونەوەو بەبەردبوونی نوخبەی دەسەڵاتدارەو یەکلابوونەوەیەتی بۆ دەسەڵات. ئەوەش بەدەرکەوت کە بوونی هەر لاوازیەك زیان بەکۆمەڵی مەدەنیو دامەزاوەو رێکخراوە جیاجیاکانی دەگەیەنێو، دەبێتە هۆی لاوازبوونی رای گشتیو پاشگەزبوونەوەی ئیرادەی دەستەجەمعی، لێرەشدا بیرۆکراتیەت دێتەئاراوە بۆ ئەوەی ئەو بازنەیە تەواو بکات، ئەمەش وا لەحزبی چینی کارگەردەکات، ئەو حزبەی کە گریمانەی ئەوە دەکا ببێتە کەنالێکی رزگاری، دواجار تۆتالیتاریەت بەرهەمبهێنێو فرەهەندی رەشبکاتەوە. بۆیە ئەو حزبە یان ئەو دەوڵەتە دەبێتە عەقلێکی تەنیاو لەخودی خۆیدا لەهەموو ئەو ساتانە پێکدێت کەوا خۆیان لەمەعریفەو سیاسەتو مۆراڵیەت دەبینەوەو دەست بەسەر پرۆسەی رەخنەییدا دەگرێت، وەك گرامشی دەڵێت ئەو پرۆسەیە تاکە پرۆسەی بەرهەمهێنانیەتی.

## کۆمەڵی مەدەنیو دەوڵەت:

## گیروگازی گونجانو جیابوونەوە .

فیکری سیاسی رۆژئاوای نوێ کە لە هۆبزەوە بۆ هیگل درێژدەبیتەوە لە سەر سێ وێنا کردنی بنەرەتی بۆ دەوڵەت پێك دێت: دەوڵەتی سیاسی بەو سیفەتەی رەتکردنەوەیەکی رادیکاڵانەی توندرەوەو دەسەڵاتی سروشتی رەتدەکاتەوەو بەسەریدا زاڵ دەبێت، بەو مانایەی نوێبوونەوەیە بەبەراورد کردن لەگەڵ قۆناغی گەشەکردنی مرۆیی کەوا بەر لە دەوڵەتە(هۆبز-رۆسۆ). دەوڵەتیش بەو سیفەتەی کە پارێزەو رێکخستنی کۆمەڵگای سروشتییە، ئەوا بەپێی ئەو راڤەکردنە تەنها ئەڵتەرناتیڤێك نییە بۆ قۆناغێکی بەر لەخۆی، بەڵکو وەکو شتێکە بەجوڵاندنو تەواو کردنی هەڵدەستێ(لۆك-کانت). دواجا دەوڵەت بەو سیفەتەی پارێزەرو باڵادەستە(transcentendat ) بۆ کۆمەڵی



بەر لەدەوڵەت(هیگل).ئەمە بەو مانایەی کە دەوڵەت ساتەوەختێکی نوێیەو قۆناغی بەرلەخۆی تەواو ناکاتو لەسەر بنەمای رەتکردنەوەی رەها دانەمەزراوە. بەڵکو دەوڵەت لە روانگەی(هۆبز ورۆسۆ ) تارادەیەکی زۆر دوورە لە دەوڵەتی سروشتی، دەوڵەتی هیگل لەکۆمەڵی مەدەنی پێك دێت بەو پێودانگەی لەلایەن فەیلەسوفەکانی یاسای سروشتی، مێژوویێتی کۆمەڵگای سروشتییە. بەو شێوەیەی کە جیاوازە لە دەوڵەت لەلای (لۆك) ئەویش لەکۆمەڵی مەدەنی پێکدێت (کەچی وای تێگەیشتبوو کە کۆمەڵی سروشتییە) نەك بۆ باڵادەستکردنی بەڵکو بۆ ساغکردنەوەی بوونو ئامانجەکانیەتی[٣٨] بەبەراوردکردن لەگەڵ ئەو سێ رەگەزەی دیاریکران دەکرێ ئەو رەگەزە بنەڕەتیانە لە مەزهەبی مارکسی لە سەر دەوڵەت جوێ بکرێنەوە کە:

١-دەوڵەت بەو سیفەتەی کە دەزگایەکی لەناوبەرە (توندڕەویی فرەو رێکخراو لە کۆمەڵدا) ئەوا چەمکێکی ئامێرییە بۆ دەوڵەت کەوا لەلایەنی رکابەری دەوڵەتی مۆراڵی رەهادایە.

٢- دەوڵەت بەو سیفەتەی کە وەسیلەیەکە بۆ چینی دەسەڵاتگەرا(سەردەستە) بە پێی ئەو وتە بەربڵاوەی "دەوڵەت ئاداتی کۆنترۆڵ کردنی چینێکە بەسەر چینێکی تر) بە ئەدەبیاتی مارکسیزمی نوێدا بڵاوبۆتەوە.

٣- دەوڵەت بەو سیفەتەی دیاردەیەکی بەشیە یان ناسەرەکیە لە پەیوەندیدا لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنی، ئەوا دەوڵەت ئەوە نییە کە گەشە بە کۆمەڵی مەدەنی بداتو رێکی بخات، بەڵکو کۆمەڵی مەدەنیە کەوا گەشە بەدەوڵەت دەداتو رێکی دەخات. بەو شێوەیە دەکەوینە بەرامبەر وێناکردنی گرامشی بۆ دەوڵەت کە پێیوایە دەوڵەت لەخودی خۆیدا کۆتاییەك نییە-بەپێ بۆچوونی مارکسی ناسراو دەربارەی کۆتایی دەوڵەت- بەڵکو وەکو دەزگاو ئامێرێکە.[٣٩]

بەومانایەی دەوڵەت مەرجیەتی بە کۆمەڵەوەیەو بەشێکە لێی، دامەزراوەیەکی سەرمەدی نییە، بەڵکو دامەزراوەیەکی ئینتقالییە(بەمانای دەزگاو ئامێر) و پەیوەستە بەو ونبوونەی لەو کۆمەڵەی کۆنترۆڵی کردووە. ئەوەیە کەگرامشی بە (دەوڵەتی فراوان) ناوی بردووە یان پێکهاتەیەکی

سیاسیه به هەر دوو باڵی مەدەنی وسیاسی. کەواتە کۆمەڵی مەدەنی بۆی هەیە پاڵپشتی لەدەوڵەت بکات یان دژی بێت. لە حاڵەتی یەکەمدا کۆمەڵی مەدەنی سەرچاوەی شەرعیەت پێکدێنێ لەرێگای بەشداریکردنی رێکخراوەکانی وتوێژە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان لەدروستکردنی بڕیاردا. بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا کەوا دەوڵەت بە سەرجەم دام ودەزگاو دامەزراوەکانی بەرەو رووی هەموو شێوە تەنگەژەو شۆرشێك دەبێتەوە لەلای دەوڵەت وایە تەنها کۆمەڵە کەوا لە پێناویەوە هاتۆتە بوون نەك بەپێچەوانەوە.

راوەدوونان‌و تەنگ پێهەڵچنینی کۆمەڵەو رێکخراوە مەدەنیەکان بەهەموو شێوەی سانسۆرو بریارەکان کە لەکۆتایدا شێوەیەکی ماف‌و شەرعیەت وەردەگرن، یاساو فەرماندان پێکدێنن، بەو مانایەی کەوا زانای کۆمەڵناس (ماکس فیبەر) دەڵێ" دەوڵەت قورغکاری توندرەوی جەستەییە"و ئاداتێکی رێکخستنەو لە دەسەڵات‌و دامودەزگا پێکدێت.[٤٠] لەوەی پێشەوە واتێبینی دەکەین کەدەوڵەت‌و کۆمەڵی مەدەنی لەرێگای یەکبوون‌و رکابەریەکانیان ئاوێتەن‌و چوونەتە ناو یەکترەوە، دەوڵەت هەڵسوکەوتی تاکەکان لەرێگای یاساو بنەماکان رێکدەخات، لەگەڵ ئەوەیش لەوانەیە بەرژەوەندییە تایبەتەکانی سیستمی دەوڵەت ببەزێنن‌و تیایدا ئەرك‌و ئاستی دیاریکراو داگیرکەن.[٤١] ئەو پەیوەندیە جەدەلیەش لەسەر دایەلۆك‌و باوەرهێنان بەویتر بیناکراوە، کەوا لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی کەخۆی لەدەوڵەت دەبینێتەوەو رێکخستنە سیاسی‌وحزبیەکان کەخۆیان لە کۆمەڵدا دەبینەوە لەئارادایە، ئەمەش زامنی ئەوەیە کە نوخبەیەکی دەسەڵاتگەرا خۆی بۆ دەسەڵات یەکلایکردۆتەوە.

تایبەتمەندی گەشەکردن بووە جێی گرنگی پێدان‌و وایلێهات خۆی خۆی ئاشکرا بکات، لەوەی تایبەتە بە دەوڵەت‌و کۆمەڵی مەدەنی. دوای ئەوەی دەوڵەت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ پانتاییەکی لەگرنگیدان لەلایەن لێکۆلەرەوەو بیرمەندەکان(هۆبز، هیگل، مارکس، لینین،ماکس فیبەر، ریمۆن ئارۆن..تاد) بە خۆیەوەبینی، تائەو رادەیەی قسەکردن لەسەر دیاردەیی



سەرسورمان بە نموونەی دەوڵەتی (پۆزەتیف یان نێگەتیف)و، کۆکردنەوەی گرنگی پێدانەکان بەدەوڵەت لەسەر حیسابی پیادەکردنی کۆمەڵایەتی تر بووە سیمایەکی گشتی نووسینەکان.[٤٢] وای لێهات گرنگیەکان بەشێوەیەکی بەدواییەك هاتوو لەسەر دۆزینەوەی پیادەکردنە کۆمەڵایەتیەکان جێگیربوون‌و هەروەها دەربڕینی بابەتەکانی وەك:بزوتنەوە کۆمەڵایەتی‌و خوێندکارییەکان‌و ژنان پێشەوەی لێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆژی‌و سۆسیۆسیاسیەکانی سەردەمی گرتەوە. ئەمەو لەگەڵ گرامشی‌و لێکۆڵینەوەکانی لەسەر کۆمەڵی مەدەنی‌و رۆشنبیران وەرچەرخانێك دەستی پێکردو درێژدوویی لە لێکۆلینەوەکانی فێرگەی فرانکفۆرت(ئادرنۆ _ مارکۆز _ هابرماس )بینران، هەروەها نووسینە رەخنەییەکان لە ئەورووپاو بەتایبەت لەفەرەنسا کە بەوالاکردنی نوێگەری لەئەنترۆپۆلۆژیای بونیادی‌و زمانەوانی‌و لێکدانەوە(تەئویلیەت) دەستی پێکرد تا گەیشتە ئەو ئەبیستمۆلۆژیایەی ئەو پێودانگەی گێڕایەوە کە بە بەرەنگاربوونەوەی ئایدیۆلۆژی ناسرا، هەروەها تیشکخستنە سەر سەرمایەداری رەمزی‌و دووبارە گێڕانەوەی گرنگی بۆ کارکردە کۆمەڵایەتیەکان لەلێکۆلینەوەکانی زانای کۆمەڵناسی گەورە(بییر بۆردیو). ئەو گۆڕانکاری‌و گرنگیدانە فراوانەی بەمافی مرۆڤ و ئازادییەکانی وای لەدیموکراسیەت کرد ببێتە یەکێك لەبنەماکانی فیکری سۆسیۆلۆژی سەردەم، کەوا سەرلەنوێ هەوڵی دۆزینەوەی سیماکانی لیبرالیەتی نوێیدا؛ لەوەش زیاتر باسەکە وا فراوان بوەوە کە شێوازی نوێ لەرێکخستنی کۆمەڵایەتی درێژببێتەوە تا ئەو رادەیەی رەهەندەکانی لیبڕالیەت ببەزێنێ لەگەڵ ئەوەیش کەوا لەسەری دامەزراوە. بەو شێوەیە نووسینەکانی (چۆن رۆڵز) لەکتێبی (تیۆری دادوەری) گوزارشتیان دەکرد.[٤٣] هەروەها راکانی (نەعوم چۆمسکی) لەکتێبی(ردع الدیمقراطیة) لەرێگای پەیوەست کردنی بەدادوەری کۆمەڵایەتی‌و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە بەرەنگاری دیمکراسیەت دەبنەوە ئەمیش بەزێتر پیادەکردنی دیموکراسیەت[٤٤]. ئەمە وای

کرد شێوەیەکی نوێ لە تێگەیشتن‌و پیادەکردن بێتەکایەوە کە بەسەر هەموو بوارەکاندا کراوە بێت.

## کۆمەڵی مەدەنی‌و بنەماکانی گەشەسەندنی دیموکراسیەت

ئەو لێکۆڵینەوەیە بەخستنەروویێکی مێژووی شێوەکانی دەسەڵاتی دیموکراتی هەڵناسێ، وەك ئەوەی لەئەزموونی زۆرێك لەگەلان بەدەرکەوتن‌و پیادەکرا. هەروەها لەبەردەم جیابوونەوە زمانەوانیەکان نەوەستاوە وەك ئەوەی کە لەلایەن یۆنانیەکانەوە هاتووە، ئەمە جگە لەوەی ئەو شێوە خستنەرووە لەهەردوو رووی تێگەیشتن‌و مێژووییەوە سودی هەیە. لەبەر ئەوەش کە ئەو جۆرە شیکردنەوانە لەبەشی هەرە زۆری ئەو کتێب‌و لێکۆڵینەوانەدا هەیە کەباس لە مەسەلەی دیموکراسیەت دەکەن.. ئەوەی ئەو لێکۆڵینەوەیە هەوڵی بۆ دەدات بەیانکردنی سیماو بنەما گشتیەکانن کە بونیادی دیموکراسیەت پێك دێنن‌و ئەو گۆڕانکاریانەش کە لەرووی گشتگیری‌و ناوەڕۆکەوە بەسەر ئەو جەوهەرە داهاتوون، هەروەها راوەستان بەرامبەر گرنگترین رەخنە دەلالیەکان کەوا فەزڵی ئەوەیان بۆ دەگەرێتەوە دیموکراسیەت بەو تێگەیشتنە سەردەمیانەی ئێستای گەیشتووە.

دوای ئەمە هەوڵی دۆزینەوەی ئەو پەیوەندیە بەرقەرارانە ئەدەین کەوا دیموکراسیەت بە کۆمەڵی مەدەنی گرێ دەداو رەهەندەکانی گەشەسەندنی راڤە دەکەین؛ ئەمەش لە میانەی ئەو دوو پرسیارە بنەرەتیەی خوارەوە :

ئەو رەهەندانەی دیموکراسیەت چین کەوا هەڵسوکەوتی کۆمەڵگا مەدەنییە هاوچەرخەکانی لەسەر بەندە، یان دۆزینەوەی چەندێتی گەیشتنی نەریتی دیموکراتی لەناو بونیادی کۆمەڵگا مەدەنییە هاوچەرخەکان، دوایی لە نێوان ئەم و دەوڵەت؟ پرسیاری دووەم ئەو فەراهامییە چییە کەوا شێوەو پەیوەندی دیموکراسیانەی نوێ لەناو بونیادی هەر کۆمەڵێکی مەدەنی بەتەنها دێنێتە ئاراوە، کەتایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتی شارستانی بۆ هەر کۆمەڵێك



بەرجەستە دەکات. بەو مانایەی ئەوفەراهەمی‌و تواناییەی کۆمەڵی مەدەنی چییە لەسەر داهێنان‌و پێشوازیکردن‌و چارەسەریەکانی‌و بەرزکردنەوەی توانایی دیموکراسیەت بەپێی نوێگەرییەکان؟

ئەگەر دیموکراسیەت رووێکی هەرە گرنگی ئەو رۆڵە بێت کەوا خەڵك(تاکەکان) بۆ دیاریکردنی نمونەیەکی دەوڵەت پێی هەڵدەستن ئەوا ماف‌و ئەرکەکانی بۆ هەر هاوڵاتیەك بە پێی دەستور دیاردەکات، بۆیەش بوونی دیموکراسیەت‌و قوڵکردنەوەی لەسەر هەڵسانی بەو رۆڵە وەستاوە[٤٥]. بەگەڕانەوە بۆ ئەو بنەمایانەی کەوا لیبرالیەتی بە هەردوو رووە سیاسی‌و ئابووریەکەیەوە لەسەر بونیاد نراوە، کە دەتوانرێ لەئازادی خاوەندارێتی‌و مافەکانی هاوڵاتی‌و ئازادییە گشتیەکانی (ئازادی ڕا دەربڕین‌و گوزارشتکردن‌و ئازادی باوەڕوحزبایەتی) مافی هەڵبژاردنی سەراپایی بۆ ئەوانەی سەرووی هەژدە ساڵن، پەرلەمانی نوێنەرایەتی لەگەڵ هەندێ درێژ بوونەوەی سانسۆریی‌و راپەراندن‌و دادوەری..تاد ببینرێتەوە. کە ئەو زەمینە بنەڕەتیە پێکدێنێت‌و لێیەوە شێوەکانی رێکخستنی دیموکراسی جیاواز گەشەیان کردووە، پەیوەندیە ئاشکراکانی نێوان لیبرالیەت‌و دیموکراسیەتیش ئەوە بەدەر دەخەن، سەرەڕای ئەو گۆڕانکاریانەی لەگەڵ دەرکەوتنی بۆرژوازیەت‌و گەشەسەندنەکانیدا هاتوون، لە قۆناغی ململانێی (لێیگەرێ کاربکا، لێیگەرێ بڕوات) بۆ قۆناغی کۆنترۆڵکردنی گشتگیری بە قۆناغی ئیمپریالیەت ناونراو. کەچی لیبرالیەت لەروانگەی رەخنەگرانی گوزارشتە لەیەکسانی شێوەیی‌و رووت، یان یەکسانی یاسایی لە نێوان هاوڵاتیان، کەوا گرانتی ئازادییەکانی موڵکدارو بەتواناکان دەکات‌و، لەهەمان کاتدا سیفەتێکی یاسایی دەخاتە سەر ئەو هەڵ قۆستنەوەیەی کە لەکۆمەڵگای لیبرالیدا پیادە دەکرێ. رەخنەکانی پێشوو لەسەر گرنگیەکەی‌و راستی زۆرێك لەو نارەزامەندیەی کەوا دەیوروژێنن، ناتوانێ لەم دەسکەوتە دیموکراسیانە کەم بکاتەوە کە کۆمەڵگاکانی سەرمایەداری رۆژئاوا بەدەستیان هێناوەو بەگشتی لەئەنجامی ئەو ململانێیەوە دێت کە ئەو کۆمەڵگا مەدەنیانە لەو وڵاتانەدا پێیدا تێپەریبوون. جگە لەوەی گرنگترین دەسکەوتەکانی دیموکراسیەت وەك زێدەکردنێکی درەنگوەخت بۆ بازاری گۆمەڵگای رکابەری‌و دەوڵەتی لیبراڵی[٤٦].

بۆ بەڵگە بەسە کەوا بیرۆکەیەك لەسەر سەرەتاکانی گەشەسەندنی بدەین وەك ئەوەی لە ئینگلتەراو وڵاتە یەکگرتووەکان‌و دوایش لەفەرەنسا دەرکەوت.

ئەو گەشە سەندنەی کەپڕبوو لە ململانێی سیاسیو کۆمەڵایەتی، بەڵکو دواجار پڕبوو لەشۆڕشە کۆمەڵایەتیە یەك بەدوای یەکەکان. سەرەتاکانی دیموکراسیەت سنووردارو پەیوەست بوو بەچینێکی کۆمەڵ، کە چینی بۆرژوازی بوو(بازرگانی- پیشەسازی) کەوا بەرەنگاری ئیمتیازاتی پیاو ماقوڵو پاشاکان بوونەوە، ئەو شۆرشەی لە ساڵی ١٦٦٨ لە ئینگلتەرا بەرپابوو و سەری بە پاشا جێمسی دووەم کەچکرد ئەو یاسایەی دەرکرد کە بە یاسای ماف ناونرا لە ساڵی ١٦٨٩ (the bill of rights ). گرنگترین ئەو دەقانەی کە ناوەڕۆکی ئەو یاسایانەی پێك هێنابوو ئەمانە بوون:

_- پابەند بوونی پاشا بەڕێزگرتنی یاسا، پاشا لەسەروی یاساوە نییە.

_-باجدانان تەنها لەرێگای یاساوە دەبێ.

_-ئازادی هەڵبژاردنی پەرلەمانیو ئازادی ئەندامانی لەدەمودووە ناوخۆییەکان (بیرۆکەی حەسانەی پەرلەمانی).

-دۆزینەوەی سیستمی سوێندخۆران وەك گرانتیك بۆ یەکسانی بریارەکانی دادوەر.[٤٧]

دوای سەدەیەك لەمە، دەستوری ئەمریکی لەساڵی ١٧٨٧ دەرچوو، بۆ ئەوەی هەمان بنەماکانی پێشوو دووپات بکاتەوە: سەروەری یاسا، ئاسایشی کەسی، باج بەبێ یاسا نابێتو رەتکردنەوەی شۆرەت زیادکردن..تاد. بەماوەیەکی کورت دوای ئەمە راگەیاندنی مافی مرۆڤ و هاوڵاتی فەرەنسی دەرچوو کەجگە لەجەختکردنی لەسەر دەقەکانی پێشوو بۆ یەکەم جار جەختی لەسەر رێزگرتنو ئازادی راو بیروباوەڕو ئازادی قسەو رۆژنامەوانی کرد. ئەمە سەرەتای گەشەسەندنی دیموکراسیەت بوو، کە ئەوساش پڕ بوو لە کەموکورتی. بۆ نمونە یاسای ماف لە ئینگلتەرا تەنها گرانتیکی ئازادی رای بە پرۆتستانتەکان بەخشی، هەروەها لە ئەمریکا تاوەکو دوای شەرێکی ئەهلی درێژخایەن لەساڵی ١٨٦٥ دەست بەسەر رق وکینەدا نەگیرا. لە فەرەنساش مافی هەڵبژاردن تەنها پەیوەست بوو بە خاوەن موڵکەکانو ئەوانەی زۆرترین باجیان ئەدا. ئەمەش باجی بەوانەدا کەوا بە یەکسانیان زانی (the levellers ) لە هەریەك لە فەرەنسا(بابۆڤ) ولە ئینگلتەرا لە سەردەمی (کرومیل) تاوەکو داواکردن بە مافی هەموو خەڵك لە هاووڵاتی بوونو هەڵبژاردن.[٤٨] بەم شێوەیە فەرەنسا لەیەك سەدەدا سێ شۆرشی بەخۆوە بینێ، کە ئامانجی پیادەکردنی دیموکراسیەت بوو لە ساڵانی ١٨٣٠- ١٨٤٧- ١٨٧١و کۆمۆنەی پاریس



هاتەئاراوە. بەو شێوە لیبرالیەت ئازادی کەسی وەك بنەمایەکی سەرەکی سیستمەکەی خستەروو، ئابووری ئازادیشی وەك شێوازێکی تایبەت بەخۆی، بەڵام ئەو پرسیارە دەمێنێتەوە: چی لەسەر سیستەمی لیبرالیە کە پشت بە فرەحزبی دەبەستێو لەهەمان کاتدا چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی پیادە دەکاتو سەر بەداواکاری دادوەری کۆمەڵایەتی دادەنەوێنێ؟

بۆ بەدیهێنانی نزیك بوونەوەیەکی روونتر، ئەو گرنگیە دەبینین کە جیاوازی لەنێوان لیبرالیەتی کلاسیکی بکەین کە چەکی بۆرژوازییە ناوەندیەکان بوو لەململانێیان دژی فیودالیو خاوەنی ئاکارێکی پێشکەوتن خوازی بوو بەمانا مێژووییەکەیو، لە نێوان ئایدیۆلۆژیای لیبرالی کە ئازادی ئابووریانە بە هەل دەزانێ بۆ بەهێزکردنی هەژموونی سەرمایەداری. ئەوەی لەو جیاوازییەوە بەدەست دێت پێویستە جیاکاری لەنێوان بنەماکانی فیکری نوێی رۆژئاوای بونیادنراو لەسەر عقلانیەتو فرەهەندیو ناکۆکیە مرۆییەکان و، لەنێوان ئایدیۆلۆژیای ئەوروپی پەیوەست بە دەورووبەری خودی خۆی بکەین ، کەوا پێشەوای رۆژئاوا دەکات لەگەشەسەندنی ئیمپریالیەت ★ بە بەرنگاربوونەوەی گەلانی جیهانیتر. بۆ ئەوەش کە نارەزایی یەکمان لە شوێنگەی دووەممان دوور نەکەوێتەوە پێویستە جیاوازی لەنێوان ئاستی ئایدیۆلۆژیو ئاستی ئەبیستمۆلۆژی لەپێکهاتەی فیکری رۆژئاوایی بکەین، ئەمە لەگەڵ ئەو پەیوەندیە ئاشکراو نادیارانەی نێوان هەردوو ئاستەکەو بەتەماشا کردنی گرنگی پێکهاتە مەعریفییەکانو، دەوڵەمەندی ئەزموونی گەلانی ئەو وڵاتانە کەوای کردووە سودی لێوەربگیرێو شێوە نزیك بوونەوەیەکی باشتری تیۆریانە لەخۆبگرێ.

# بەشی سێیەم

# کۆمەڵی مەدەنی لە جیهانی عەرەبیدا

- روخسارە بنەڕەتیەکانی بونیادی کۆمەڵگای عەرەبی.
- چەمکی کۆمەڵی مەدەنی لە بیری عەرەبی هاوچەرخدا : رەسەنێتی تیۆری وگرفتی مەرجەعییەت.
- خوێندنەوەیەك لە نمونەکانی بیری عەرەبی دەربارەی کۆمەڵی مەدەنی.
- رەخنە گرتنی بەربەستە مەعریفی و ئایدیۆلۆژیەکان بۆ چەمکی کۆمەڵی مەدەنی.



## روخسارە بنەڕەتیەکانی بونیادی کۆمەڵگای عەرەبی هاوچەرخ

کۆمەڵگای عەرەبی خاوەنی سیما گشتییەکانی خۆیەتی‌و، وای‌لێکردووە لەچوارچێوەی وڵاتە تازەپێگەیشتوەکان بژمێردرێ. گرنگترین ئەو سیمایانەش بونیادی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی دواکەوتوو، شێواوەو خۆی لەکۆمەڵێك ئاماژەداری دەبینێتەوە وەك دووفاقی کەرتی بەرهەمهێنان( کلاسیکی _ نوێ)و توشبوونی بە وێرانکاریەکانی داگیرکاری‌و، ئەو پاشکۆییەی کە بواری بەرۆژئاوا داوە لەرووی کۆنترۆڵکردنی ئابووریانە" کەوا لە دەسبەسەراگرتنی کەرەستەی خاوو بەرهەمە سروشتییەکان گوازرایەوە بۆ ناردنەدەری شتومەك‌و ناردەنی سەرمایە، بۆ ناردەنی تەکنەلۆژیای نوێ‌و هەرچیەك لەتەکنیکاران‌و شارەزایان‌و کارگێران هەیە. لەوەشەوە بۆ ناردەنی بەکاربەرە تەرفیهیەکان لەپێناو هەڵمژینی تەواوی فائزی بەرهەمە کۆمەڵایەتیەکان."(١)

ئەمەو جگە لەو بارە لەئارایەی لەو کۆمەڵگایانەدا هەیە لەمەڕ جیاوازی لەدابەشکردنی دەرامەت‌و لاوازی بەرهەمهێنان‌و ئەو لێکەوتانەی بوونە هۆی سەپاندنی دواکەوتوویی‌و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی شێوازی سەرلەنوێی پاشکۆیی‌و چەسپاندنی زیاتری دیاردەی هەڵوەشانەوەو پەرتکردن، لەگەڵ دەستەوەستانێکی روون لەمەڕ دەرچوون لەو بازنەیە.

لەگەڵ ئەوەش ئەو بارە تەنگەژەیەی واقیعی وڵاتانی عەرەبی‌و وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان بەگشتی، سەرجەم ئەو گۆڕان‌و دەسکەوتانە ئەشارێتەوە کە لەئاستی بوارە هەمەجۆرەکاندا بەدەست هاتوون. هەر لەسەردەمی سەربەخۆییدا گۆڕانکاری نمونەیی‌و گرنگ بەدەست هاتوون‌و بزوتنەوە نیشتیمان پەروەرە رزگاریخوازییەکان سەرکردایەتیان کردووەو، خۆشی لەگۆڕانکاری بنەرەتی لەبوارەکانی پەروەردەو تەندروستی‌و ریفۆرمی کشتوکاڵی و ئامادەکرنی نەخشەی گەشەپیدان بینیەوە بۆ چارەسەرکردنی

ئەو كێشانەی لە ئاراد بوون‌و، رووداوەكان ئاماژەیان بە رێڕۆیشتن بەئاراستەیەكی پۆزەتیڤانە ئەدا.
كەچی گۆڕانكاریەكانی تر لەسەر ئاستی هەرێمی‌و جیهانی بە شكەستی حوزەیرانی ١٩٦٧ دەستی پێكرد. ئەمەو پاشەكشەكردنی تەیاری نەتەوەیی، ژێربوونی نفوزی وڵاتە نەوتدارەكان، هەڵوەشانەوەی یەكێتی سۆڤییەت، جەنگی دووەمی كەنداوو لێكەوتەكانی ئەو وەرچەرخانانەش لە ژێر بوونی هەژموونی ئەمریكاو دەركەوتنی سیماكانی سیستەمی نوێی جیهان، سەرباری ئاڵۆیری سەرمایەو قوڵبوونەوەی دابەشكردنی نێودەوڵەتیانەی كارو سامان لەنێوان باكوورو باشوورو لەگەڵ باری ناتێری بازرگانی نێودەوڵەتی، كۆتاییان بەو هیوایانە هێنا كە لەسەر رێچكەو پلانی گەشەكردن بونیاد نرابوون ووای‌لێهات ئەو وڵاتانە بوونە هەڵگری زیاتری كێشە بۆماوەو نوێیەكانیان. وەك هەرەشەی ئاسایشی خۆراك‌و، هەرەشە بۆ سەر بوون‌و سەروەری راستەوخۆیان. لە ناو ئەو گۆڕانكارییە قوڵانەشدا كۆمەڵگای عەرەبی خۆی _ لەگەڵ كۆمەڵێك كۆمەڵگای جیهانی تازەپێگەیشتوودا بە داتەپیوی‌و گەڕان بەدوای رۆڵ‌و شوێنگەی لە نەخشەی جیهانی هاوچەرخدا بینیەوە. رووەكانی ئەو قەیرانەش شێوازی جیاوازی گوزارشتی لەبونیادی رۆشنبیری هەڵگرت‌و ئەو نوێكارییانەی لە رێگای فرەهەندی بیرو بۆچوون‌و چەندین پرۆژەی وەخۆگرت. بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر بونیادی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگای عەرەبی لەرێگای هەندێك ئاماژەكاری ئەو ناوئاخنە كۆمەڵایەتییە بەراوردكارییە راڤە ئەكەینەوە كە نەتەوە یەكگرتووەكان ساڵی ١٩٩١ دەری كردووە ئەمەش لەرێگای ئەو خشتە ئامارییەی خوارەوە[٢].



| | جیهانی دروستكار | ئەووڵاتانەی بەرێگای گەشەكردندا رۆیشتوون | وڵاتەعەرەبیەكان |
|---|---|---|---|
| داهاتی‌نیشتمانی بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان (بەدۆلاری ئەمریكایی) ژمارەی دانیشتوان (بەملیۆن) | ١٢٥١٠ | ٧١٠ | ١٨٢٠ |
| ١٩٦٠ | ٩٥٠ | ٢٠٧٠ | ١٢٠ |
| ١٩٩٠ | ١٢١٠ | ٤٠٧٠ | ٢٧٠ |
| ٢٠٠٠ | ١٢٧٠ | ٤٩٨٠ | ٣٤٠ |
| رێژەی‌گەشەی دیمۆگرافیانە ١٩٦٠-١٩٩٠ | ٠,٨ | ٢,٣ | ٢,٧ |
| ١٩٩٠-٢٠٠٠ | ٠,٥ | ٢,٠ | ٢,٦ |
| رێژەی كرێكار بۆ دانیشتوان (٪) | ٤٨,٥ | ٤٣,٩ | ٣٠,٧ |
| رێژەی كرێكاری كشتوكاڵی ١٩٦٥-١٩٨٥ | ٢٢ | ٧٢ | ٦٣ |
| رێژەی ژنانی كرێكار(٪) | ٤٠ | ٣١ | ١٥,١ |
| رێژەی دانیشتوانی ئێستا (٪) ١٩٦٠ | ٦١ | ٢٢ | ٣٠ |
| ١٩٩٠ | ٧٣ | ٣٧ | ٥٣ |
| ٢٠٠٠ | ٧٥ | ٤٥ | ٦٠ |
| رێژەی‌بێسەوادی‌لەنێو گەوران(٪)١٩٧٠ | - | ٤٦ | ٣٤ |
| ١٩٨٥ | - | ٦٠ | ٥٣ |
| رێژەی‌خوێندكارانی (سەرەتایی) ١٩٧٠(٪) | - | ٥٥ | ٥٠ |
| رێژەی‌خوێندكارانی دواناوەندی ١٩٧٨(٪) | - | ٧٠ | ٧١ |
| رێژەی خوێندكارانی زانكۆ (٪) | ٣٣,٨ | ٦,٥ | ١١,٩ |

شیكردنەوەی سۆسیۆلۆژیانە بۆ ئەو ناوەڕۆكەی پێشوو پێویستی بە خۆگرییەك هەیە لەمەڕ كۆمەڵێك ئاماژەدەر بەهۆی لاوازی دەلالەتەكانی‌و وێنانەبوونی بە شێوەیەكی وورد بۆ واقیع. بۆ نموونە ئاماژەدەری داهاتی نیشتیمانی كەوا پشت بە دابەشكردنی داهاتی گشتی بەسەر ژمارەی

دانیشتوان ئەبەستێ، بەهۆی هاوئاست کردنی وڵاتە عەرەبیە دەوڵەمەندەکان لەگەڵ هەژارەکان دەبێتە بۆچوونو شتێکی بێ پێشینە، هەروەها بەهۆی جیاوازی چڕی دانیشتوان لەنێوان وڵاتە عەرەبیەکان (کوێت- میسر) دواجار بەهۆی پشت بەستنی بەناوەندێکی حیسابی کەخۆی لەجیاوازی سامانو شوێنگە پێگەییەکەی بێ ئاگا دەکات، ئەمەش لەنێوخۆی وڵاتێك یان لەنێوان وڵاتانی جیاواز. هەر ئەمەشە کە بەسەر وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانو دروستکارەکان جێبەجێ دەبێت. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو خۆگریانەی پێشوو، هەندێ لە دیاردەکان بە شێوەیەکی گشتی بە دەلالەتداری دەمێننەوە.

لە خشتەکەی پێشوودا بەدەردەکەوێت کە ڕێژەی کرێکار بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی ڕێژەی دانیشتوانیان نزمە لەوڵاتە عەرەبیەکان دەگات( ٣٠,٧٪) کەچی لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان ٤٣,٩٪ پێك دێنێو، لەوڵاتە پیشەسازییەکان دەگاتە ٤٨,٥ ٪، بەهەمان شێوە ڕێژەی هێزی کاری ژنان کە لە جیهانی عەرەبی ١٥,١٪ تێپەرناکات، لەوڵاتە تازە پێگەیشتووەکان دوو هێندیەو ٣١٪، لە وڵاتە پیشەسازییەکان دەگاتە٤٠٪. بەپێچەوانەی ئاماژەدەرییەکانی پەروەردەی پۆزەتیڤی بەتایبەت لە قۆناغی زانکۆدا، لەکاتێکدا ڕێژەی پەروەردەیی زانکۆ لە ١٩٨٨ لەوڵاتە عەرەبیەکان دەگاتە ١١,٩٪و تائێستاش لەوڵاتە تازە پێگەیشتووەکان لە ٦,٥٪ دایە. کەچی لە وڵاتە پیشەسازییەکان دەگاتە ٣٣,٨٪. کێشەی زێدە بوونی خێرای دیموگرافی بە ٢,٦٪ دەخاتەروو بەرامبەر ٢,٣٪ لە هەموو وڵاتە تازەپێگەیشتووەکانی ترو٠,٥٪ لە جیهانی سەنعەتکارو بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەنجانو مێرمنداڵو منداڵ لەکۆمەڵی مەدەنی، لەگەڵ هەموو ئەو لێکەوتانەی خۆیان لە کێشەی نیشتەجێ بوونو خزمەتگوزاریو دامەزراندنو زێتربوونی ڕێژەی بێکاری دەبیننەوە، جگە لە دەرکەوتنی توێژی نوێی پەراوێزکارو، فراوان بوونی سنوری ترس لەدەوری پایتەختو شارەگەورەکان، ئەو نوێگەریانەش کارکردەی کۆمەڵایەتی نوێ لە( گەنجان- ژنان) دەخاتەروو. کەوا پێشبینی دەکەن لەم ساڵی ٢٠٠٠ دا دانیشتوانی نیشتمانی عەرەب بگاتە نزیکەی(٣٠٠) ملیۆن کەسو زۆرینەشیان لە گەنجانو



مێرمندالان دەبن. بەتایبەت ئەو لاوانەی کە شێوازی نوێی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیان لە ڕێگای دامەزراوەکانی پەروەردەی هاوچەرخ(خوێندنگا-زانکۆ) پێدەگات. لەگەڵ ئەم هەمەچەشنییەی کە چینی ناوەراستی کارگەر لە کەرتە خزمەتگوزارییەکان بەخۆیەوە دیووە( مامۆستایان، ڕۆژنامەوانان، پارێزەران، پزیشکان، کارمەندان) بۆتە هۆی باڵابوونو بەدەرکەوتنی کارکردە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان. ئەگەر شێواویش بێت ئەمە کەمتر لە نیوسەدە گەشەکردنی بڕیوە. گرێوگردی ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتیو هەجۆری زێترو فرەهەندی بارەکانی کارو ژیانی پێکهێناوە. دواجار گەشەکردنی باڵا بۆ پیادەکردنی کۆمەڵایەتی بەدەرکەوتو، ئەو پێکهاتەو کیانە نوێیانە بە شێوە کلاسیکیەکەیان بەشی ئەو ململانێیانە ناکەن، کە لەسەر بنەمای دەسبەسەراگرتنو هێز بونیاد نراون، لێرەوە پێویستی بوون بۆ دوبارە بیرکردنەوە بەقەناعەتو چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لە ڕێگای شەرعیەتو یاساکان بەدەرکەوت.(٣) یان پێویستی بوونی بە ڕۆشنبیریو سیاسەتی پەیمانی کۆمەڵایەتی بەدەرخست، بەومانایەی گەشەپێدانی هاوکاریو ئاڵوگۆڕ بەشێوەیەك کەوا ئالیەتی کۆنترۆڵو ڕقوکینە بەرتەسك بکاتەوە بە شێوەیەك کە شەرعیەتی سیاسی لەسەر پرەنسیپی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتیو مێژووی نەتەوە دامەزرا، ئەگەر بمانەوێت گەشبین بین بەپرۆژەی بوژانەوەی عەرەبی ،ئەوا لەجیهانێکدایە بەرەو ئاراستەی دەستەگەراییو هاوپەیمانێتیو هەماهەنگی زێدەترو بەردەوام گرنگی قەوارە بچووکەکان گەورەتر دەبێتو بە پەراوێز بوونیشیان زیاتر دەبێت.

## چەمکی کۆمەڵی مەدەنی لە بیری عەرەبی هاوچەرخدا
## ڕەسەنێتی تیۆریو گرفتی مەرجەعیەت

لەوانەیە جیاوازی لەو گوتەیەدا هەبێ کە بیری عەرەبی لە خودی خۆیدا بە چەمکی کۆمەڵی مەدەنی ئاشنا نەبووە، بەڵکو ئەو ناسینە لە ڕێگای

ئەو گرنگیدانەوە دێت کە دانراوەکانی ئەنتۆنیۆ گرامشی لە جیهانی عەرەبی دوای ساڵانی هەفتاکان پێیگەیاندن. کە چەمکەکانی وەك: رۆشنبیری بنەڕەتی، رۆشنبیری کلاسیکی، پێکهاتەی مێژوویی، کۆمەڵی مەدەنی، هەژمونگەری..تاد هاتنە ئاراوە. لەناو پێکهاتەیەکی چەمکگەرایی گرامشیانەداو بەشێوەیەکی کەمتر زاراوە فەلسەفیو فیکری لیبرالی بڵاوبوونەوە لە رێگای وەرگێرانی هەندێك کاری فەلسەفی کلاسیکی وەك (پەیمانی کۆمەڵایەتی رۆسۆ، لە دەسەڵاتی مەدەنیدا کەهی جۆن لۆك ) بوو. بەومانایەی کەوا بیری عەرەبی ئەو ماوەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەو چەمکەدا ، وەك دیاردەیەکی سەبەخۆ لەخودی خۆیدا، نە لەسەر ئاستی رەسەنێتی تیۆری‌و نە لەسەر ئاستی بەکارهێنانی ئاداتی ئایدیۆلۆژی نەکردووە. هاوئاست لەگەڵ ئەمەش، دیاربوو چەمکی کۆمەڵی مەدەنی بەرەو بیری عەرەبی هاوچەرخ دەکشا. لە هەشتاکانی ئەو سەدەیەو بەتایبەتی لە وڵاتانی رۆژئاوای عەرەبستان دەستی پێکرد، کەوا گفتوگۆی ئەو چەمکە بەئامانجی بیرکردنەوە لە بارودۆخی گۆرانی تاك حزبی بۆ فرەحزبی هاتە ئاراوە [٤] (تونس، جەزائیر) روونترین بەکارهێنان بۆ چەمکی کۆمەڵی مەدەنی بەمانا گرامشییەکەی، ئەکرێ بۆ بەشەکانی کتێبی(فەلسەفەی کۆمەڵایەتی) د. غانم هنا ئاراستەبکرێ، کەتیایدا گرنیدانەکەی لەسەر بارودۆخی جیاوازی نێوان کۆمەڵی مەدەنی‌و کۆمەڵی سیاسی بەرخوردتر دەکاتو، تیایدا پێکهاتەکانی کۆمەڵی مەدەنی‌و تایبەتمەندیی تێگەیشتنی گرامشی لەروانگەیەکی فەلسەفی رەخنەگرانە دیاریدەکات[٥]. جگە لەو کۆرەی کە لە (حەماماتی ئەنف) ی تونسی لە مەڕ کۆمەڵی مەدەنی بەستراو تاهیر لەبیبو ئەوانی تر تێیدا ئامادە بوون. گرنگی دان بەو چەمکە بەردەوام بوو تاوەکو گوسترایەوە بۆ سەر روویەکی فراوانی لاپەرەکانی گۆڤارو رۆژنامەکان، هەروەها کۆرو کۆبوونەوەی تایبەت سازکران بۆ گفتوگۆ کردن وەك ئەوەی لە کۆری قاهیرە ١٩٩٠و کۆری بەیروتی ١٩٩٢و چەندینی تریش.



لێرەشەوە مەبەست رەشکردنەوەی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی‌و شێوە جیاوازەکانی لە بیری عەرەبی هاوچەرخدا نییە، بەڵکو مەبەست لێرەدا وەستانە لەسەر گرنگترین ئەو وێستگانەو بارودۆخی ئەو شێوەیەی زیاتری ئامادەگی‌و چالاك، ئەو دەلالەتە چەمکییە کەوا تا ئێستاش لەحاڵەتی پێکهاتەیی دایە لە ناو رۆشنبیری عەرەبیدا. ئەمە بە شێوەیەکی پاژی ئەو جیاوازیە لەسەر پێکهاتەو ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی روون دەکاتەوە.

بەڵام ئەو خستنەرووە تیۆریانە چین کە هەماهەنگی دەرکەوتنی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی بوون لە گوتاری سۆسیۆلۆژی‌و سیاسی لە سەرەتای هەشتاکاندا؟ یەکەم خستنەرووی تیۆری پەیوەستە بە گۆران لە تاك حزبی بۆ فرە حزبی لەگەڵ ئەو گرنگیدانەی کە بە پرۆسەی دیموکراسی درا. لەکاتێکدا وەبەرهاتووی دووەم خۆی لەبەیەکگەیشنی بزوتنەوەی بیری تیۆری‌و بزوتنەوەی کۆمەڵ دەبینێتەوە، بۆئەوەی شێوەکی دوولایەنی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی ئاشکرا بکا. لەلایەك کەکۆمەڵێك دانراوی سیاسی‌و ئایدیۆلۆژییەو لەلایەکی تردا لە توانایدایە بەشێوەیەکی زانستی‌و لەرێگای کۆمەڵێك نیشانەی چەندی دیاری بکرێ. یان شێوەی نوێ روون دەکاتەوە بۆ پیادەکردنی سیاسەت(پارتەکان- کۆمەڵەکان – چالاکی دیموکراسیانە) هەر وەك شوێن/ بارێکی نوێیە بۆ شیکردنەوە دەکرێ لە رێگایەوە گۆرانکارییەکان بۆ ستراکتۆری کۆمەڵایەتی‌و رێچکەکانی ژیان‌و نیشتەجێبوون‌و ئاکار ئاراستە بکرێ [٦]. ئەو رێچکانە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا کە بە ئاراستەی گەشەکردنی بەرژەوەندی هۆشیارانەو ئینتیمای ئاگایی لە بڕی شێوەکانی هاوبەندی کۆمەڵایەتی کلاسیکی گەشە دەکەن، باڵابوونی پەیمانی رۆشنبیری دەردەخات. کەوا دەکرێ لەرێگای بڵاوبوونەوە شێوازی نوێ کۆمەڵگایی لەهەندێ شوێن‌و وڵاتی عەرەبی دەلالەتی لێوە بکرێ[*]. بەڵام دواین خستنەرووە تیۆرییەکان ئەو ئەنجامە بوو کە لەئەزموونی دەوڵەتی سۆڤییەتی روویدا لە رووخان‌و هەموو دەرهاویشتەکانی لە بانگەشەکردن بۆ گفتوگۆکردنی مەسەلە نیشتیمانی‌و دیموکراتییەکان لەگەڵ سەرنج دانە

کێشەی رۆشنبیریو پێدانی رۆڵی سەرەکی تر لەراڤەکردنەکان. زۆرێك لەرۆشنبیرانی ئەوروپاو جیهانی عەرەبی بەتایبەت ئەوانەی لەگەڵ چەپدا ناکۆك بوون، دەستیان بە دۆزینەوەی لایەنە باشەکانی لیبرالیەت کرد، کەوای کرد بە شێوەیەکی فراوان بۆ گرامشی بگەڕێنەوەو گفتوگۆی بکەنو وەریگێرن، ئەمە جگە لە چەندین بیرمەندیتر. رێگا کرایەوە کەوا بیرمەندی عەرەبی بتوانێ لە قولاییو رەهەندەکانی تیۆری نوێ تێبگات کە لە پێشووشدا بۆی گرنگ بوون(۷). پێش ناسینی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی لەگوتاری هاوچەرخی عەرەبیداو پێشنیارو ئالۆیرکردنی، وەك هاوهەڵوێستو لەگرنگترین وێستگەو بەکارهێنانەکانیو دواجار پێکهاتە مەعریفیو ئایدیۆلۆژیەکانی، ئەمە وایکرد لە پێناسەی سەرەتاییو پیادەکراوی دەست پێبکات، ئەمەش ئامانجی روونکردنەوەو دیاریکردنی ئەو بنەمایانە بوو کە لەسەری بونیاد نراوە. بەتایبەت کەوا بەربڵاوبوونی بەکارهێنانی زیاتر شێواویو تەنگەژەو زەرورەتی بیرکردنەوەی لەرەسەنێتی تیۆری هێنایە پێشەوە، تارادەیەکی زۆریش توانای وەرگرتنی رەخنەگرانەی تیادا ونبوو. کۆمەڵی مەدەنی لە رووی بەرقەرارییەوە پێك دێت لە( کۆمەڵێك دامەزراوەی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری کە لەبوارە جیاجیاکان، سەربەخۆو لەدەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت کار بۆ بەدیهێنانی چەندین ئامانج دەکەن لەوانە: ئامانجی سیاسی وەك بەشداری کردن لە دروستکردنی بڕیار لەسەر ئاستی نەتەوەیی، نموونەی ئەمەش پارتە سیاسیەکان، ئامانجی سەندیکایی وەك بەرگری کردن لە بەرژەوەندیە ئابوورییەکانی ئەندامانی سەندیکا، ئامانجە پیشەییەکان وەك ئەوەی لەسەندیکاکاندا هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەییو بەرگریکردن لەبەرژەوەندی ئەندامانی، ئامانجی رۆشنبیری وەك ئەوەی لە یەکێتی نووسەرانو رۆشنبیرانو کۆمەڵە رۆشنبیرییەکان دەردەکەوێت، ئامانجی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری رۆشنبیری بەپێی بۆچوونی ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك. هەروەها ئامانجی تری ئامانجی کۆمەڵایەتییە بۆ پشکداری کردنی لەکاری کۆمەڵایەتی بۆ بەدهێنانی



گەشەکردن، بەوشێوەیە دەکرێ بڵێین نموونەی باڵای دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ئەمانەن: پارتە سیاسیەکان، سەندیکا کرێکارییەکان، سەندیکا پیشەییەکان، کۆمەڵە رۆشنیریو کۆمەڵایەتییەکان).(۸) شیکردنەوەی رەخنەیی بۆ پێناسە بەرجەستەکانی پێشوو ئەوە بەدەردەخات کە جەوهەری کۆمەڵی مەدەنی لە سەر چوار رەگەزی سەرەکی بونیاد نراوە، رەگەزی یەکەم خۆی لە بیرۆکەی (هۆشیارکردنەوە) دەبینێتەوە کە پێکهاتەی کۆمەڵی مەدەنی لەژێر هەر پێودانگێکەوە بێت لەهەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی تری باڵاترگرتووە. رەگەزی دووەم لە بیرۆکەی(دامەزراوەییەوە) دێت کە نزیکەی سەرجەم ژیانی ژیاری لەخۆدەگرێو بوارەکانی ژیانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری دەگرێتەوە. لەکاتێکدا رەگەزی سێیەم پەیوەستە بەو ئامانجورۆڵی ئەو رێکخستنانە دەیگێڕنو گرنگی گەورەی بۆ سەربەخۆیی لەدەسەڵاتی سیاسیو هەژمموونی دەوڵەت هەیە. لەو رووەی کە رێکخستنی کۆمەڵایەتی سەربەخۆنو لەو چوارچێوەو رایەڵانە کاردەکەن کە ئاماژە بەپەیوەندی هاوبەندیو هاوپەیمانی کۆمەڵایەتی دەدەن. دوایین ئەو رەگەزانە لە زەروورەتی روانین لە چەمکی کۆمەڵی مەدەنی تەواو دەبێ بەو پێودانگەی کە بەشێکە لەو پێکهاتە چەمکییەتەی پێیەوە بەندەو ئەو چەمکانە لەخۆدەگرێ: هاوولاتی بوون، مافی مرۆڤ، بەشداری سیاسی، شەرعیەت..(۹) کەچی ئەو پێناسەیەی پێشوو، لەمیانەی جەخت کردن لەسەر هەموو ئەو رەگەزانەی شوێنی رێککەوتن لەنێوان ئاراستەی جیاوازو فرەبواردا، رەهەندە مێژووییەکەی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی وەلادەنێو بەزەروورەتی بەدوادا چوونی ژیانو گەشەکردنییەوە پابەند دەبێ، بەو مانایەی ئەو شارەزاییە مێژوویەی وەلادەنێ کە خۆلێبووردنی گرانە بەتایبەت لەکاتی هەوڵدان بۆ رووتکردنەوەی چەمکەکە بە بەداوایەکی ئیجرائیو زەرورەتەکانی. هەروەها ئەو هاوتەباییەی گەشەکردنی کۆمەڵی مەدەنی لەگەڵ پێکهاتەی سەرمایەداریو ئایدیۆلۆژیاکەی کە لەسەر ئازادی بازاری ئابووری، دەسەڵاتی فرە بوو لەئیرادەی نەتەوە، گەل لەرووی سیاسیو،

لەسەر چەمکی هاووڵاتی بوونی یاسایی هاتۆتە بونیادنان. گرنگی ئەو دیاریکردنانەش لە کاتی گفتوگۆی شێوازەکان زیاتر روون دەبنەوە، کە لەرێگایەوە بیری هاوچەرخی عەرەبی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی وەرگرتووە، چ لە ئاستی گەڕانەوە بۆ مێژوو لە پێناو گەڕان بەدوای شێوەو رێکخستنێك کە تەئویل بکرێ بەوەی دیاردەو نیشان دەرێکن بۆ بوونی کۆمەڵی مەدەنی لەجیهانی عەرەبیدا، یان لەسەر ئاستی نزیك کردنەوەیەکی راستەوخۆییانە بۆ دیاردە کۆمەڵایەتیەکان‌و رێکخستنەکانی بەوەی کەبەشێکی کۆمەڵی مەدەنییە لەمێژووی عەرەبی‌و، وای کردووە ببێتە هۆی زۆرێك لەتێکەڵاوی‌و هۆکارێك لە ئاشکرا کردنی گیروگازی نوێ لەسەر ئاستی تیۆری‌و هەروەك لەرووی واقیعی‌و مەیدانیش. ئێستا فیکری هاوچەرخی عەرەبی چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ چەمکی کۆمەڵی مەدەنی کردووە، تاچ رادەیەك توانیویەتی لەرووی چەمکە تیۆرییەکەی بگاتە رەسەنێتی‌و چۆن هەڵسوکەوتی لەگەل کێشەی مەرجەعییەت کردووە؟

وا پێدەچێ هەوڵەکانی بیری هاوچەرخی عەرەبی بۆ دۆزینەوەی چەمکیەت‌و وێناکردنی ئەڵتەرناتیڤانە بۆ چەمکیەتەکانی رۆژئاوا، حاڵەتێکی تایبەت پێك بێنێ لە حاڵەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی بیری رۆژئاوایی، بەڵام ئەڵتەرناتیڤی ئایدیۆلۆژیانە بەپلەی یەکەم لەرووی رواڵەتی مەعریفیانەوە هیچی پێنییە، لەلایەکی‌تر ئەوسیاقە مێژووییەی بەفیڕۆ ئەدا کە ئەو وێناکردنانەی بەرهەم هێناوە. لێرەوە چەمکەکانی وەك کۆمەڵگای ئەهلی لەجیاتی کۆمەڵی مەدەنی، جەماعەت لەجیاتی کۆمەڵگا، چەمکی موئمین لەجیاتی هاولاتی بوون، بەوەشڕا کە هەندێك بەمافی مرۆڤی عەرەبی لەبەرامبەر راگەیانراوی جیهانی مافی مرۆڤ ناویدەبەن، ئەمە ئەگەر لە پاشئاخنێکی رۆشنبیری‌و خەیاڵێکی کۆمەڵایەتی عەرەبیشەوە نزیك بێت. بەڵام بەپرۆسەی قەربووکردنەوەیەکی وەهمیانە هەڵدەستێ بۆ کۆکردنەوەی ناکۆکی وازهێنان لەوی ترو لە قەڵەم دانی وەك دوژمن‌و داگیرکەرێك، ئەمە بەگشتی مانای دەست هەڵگرتنی ئارەزوو مەندانەیە لە دەسکەوتەکانی



زانست‌و رۆشنبیری نوێ‌و بەرەنگاربوونەوەی رۆژئاوایە بەزیاتر گەڕانەوەو گۆشەبەندبوونی لەسەر ئاستی شارستانیەت، بەزیاتر بوونی وەهمی هێزو کەف وکوڵ لەسەر ئاستی واقیعی [١٠].

ئەو تێروانینەی پێشوو کە رۆژئاوا بە شێوەیەکی رەها بڵاو دەکاتەوە هەروەك ئەو تێڕوانینەی بەرامبەری کەبانگەشە بۆ لەخۆگرتنی تەواوی هەموو شتە رۆژئاواییەکان دەکات - توانستی شیکردنەوەو رەخنەگرتنی ئەوی تری(رۆژئاوایی) تێدا نییە، مەعریفەی رەخنەگرانە لە رۆژئاوا دوفاقی ئەو کۆمەڵە ئاشکرا دەکات، چونکە ئەو لەلایەکەوە شاڵاو بەرەو داگیرکەرو دژی گەلانی جیهانی سێیەمە کە ئێمەش بەشێکین لێی، لە لایەکی ترەوە نوێنەری پێشکەوتنی زانستی‌و تەکنەلۆژییەو لەرێگای ئەزموون‌و بیرمەندەکانیەوە بەهاو چەمکی ئازادی‌و یەکسانی‌و مافی مرۆڤو عەقلانیەتی پێشکەش بە بەشەریەت کردووە. ئاخۆ حیکمەت لەوەدا چی‌یە کە ئەم‌و ئەویان وەکو یەك تەماشابکەین؟ ئاخۆ دەکرێ بە جددی بەرەنگاری رۆژئاوا ببینەوە بێ ئەوەی کەڵك لە دەرهاویشتەکانی زانست‌و تەکنەلۆژیای هاوچەرخ وەربگرین؟. بێ ئەوەش کە ئاگاداری‌و بەدواداچوونی رەخنەگرانەمان هەبێ بۆ ئەو پەرەسەندن‌و شۆرشانەی کە رۆژئاوا لە بوارەکانی سیاسەت‌و ئابووری‌و زانیاری‌و مرۆڤایەتی بەدەستی هێناوە، واتا بێ ئەوەی خاوەن بوارێکی رەخنەگرانەی کەرەستەکانی مەعریفەو میتۆدی نوێ‌و هاوچەرچ بین؟ [١١].

لە بەر رۆشنایی تێبینیەکانی پێشوو بەرهەڵستیەك پێکدێنێ بەوەی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی چەمك‌و تێگەیشتنێکە رۆژئاوایی هاوردەیەو، رەتکردنەوەیەکی شکڵیانەیە بۆ هەژموونی رۆژئاوایی. ئەگەر چەمکی کۆمەڵی مەدەنی بەمانا نوێیەکەی کە لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە شارەزایی‌و گەشەی سیاسیانە لەرۆژئاوایی سەرمایەداری‌و پیشەسازی، ئەمە وەك زەرورەت دووبارەکردنەوەی ئەزموونی رۆژئاوایی بۆ نوێکردنەوەی ناگەێنێ، ئەگەرنا ئێمە لەگەڵ ناکۆکیەکانی سێنترالیزمی ئەوروپایی کۆك دەبین، بەبوونی تەنها رێگایەك بۆگەشەکردنی مرۆییانەی تەیارکراو بەتایبەتمەندیە مێژووییەکانی

کۆمەڵگاکانی‌تر، ئەو کۆمەڵگایانەی کە دیاردەی کۆمەڵی مەدەنی دەناسێنن‌و ئەگەر لەکاتێکدا ئاستی پێگەیشتن و دەستاودەست کردنی ئەو دیاردەیەش لەهەردوو حاڵەتەکەدا جیاواز بێت؟

بوونی بەرەنگاری بەرامبەر لەسەر چەمکی کۆمەڵی‌مەدەنی ئەم جارەیان سەرچاوەکەی گوتاری مارکسیستی کلاسیکیە، وەك دەڵێت چەمکی کۆ مەڵی مەدەنی تێگەیشتنێکی بۆرژوازیەو ئاڵوگۆرکردن‌و بونیادنانی دەچێتە خانەی خزمەتکردن بە ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازی. لێرەوە لەهۆی بەدەرنەکەوتن‌و بزرکردنی لەکتێبەکانی مارکسیەت‌و بەتایبەت سۆڤیەتی تێدەگەین، لەبەرامبەر گرنگی پێدان‌و گەشەپێدانی لەلایەن مارکسیستە ئەوروپیەکان (بەشێوەیەکە تایبەت گرامشی)و گەڕانەوە بۆ ئاڵوگۆرکردنی فراوانی لەڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا لەدوای کۆتایی هاتنی شەری سارد(هاڤل).

## خوێندنەوەیەك لە نموونەکانی بیری عەرەبی دەربارەی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی.

مەسەلەی رێککردنی چەمکەکان‌و دیاریکردنیان لەروانگەی سۆسیۆلۆژیای رۆشنبیری زۆر گرنگە، بەومانایە هەوڵ دەدەین چاودێری‌و بەدوادا چوونی ئەوتێکەڵاوییە چەمکیانە بکەین کە دەیانەوێ سنوری جیاکردنەوەی نێوان چەمکەکانی وەك ( کۆمەڵی مەدەنی، کۆمەڵگای ئەهلی، کۆمەڵی سیاسی، کۆمەڵگای شار، سیاسەتی مەدەنی...تاد ) ببەزێنن.

لەگەڵ سەختی دەستگرتن بەسەر نموونەی فیکری بەرچاو، دەکرێ بەو پێودانگە بچینە سەری کە گوزارشتە لە هەڵوێستی فیکری هاوچەرخی عەرەبی لەمەڕ چەمکی کۆمەڵی مەدەنی چ لە رووی مەرجەعییەتی مێژوویی یان مەرجەعیەتی مەعریفی، هەروەها لەرووی قەبوڵکردن یان رەتکردنەوەی چەمکەکە لەدیدێکی عەرەبیانەوە، لەگەڵ ئاستەکانی قەبوڵکردن یان رەتکردنەوەی، پەنا دەبەینە بەر فەرزو دامەزراندنی ئەو رایەڵە هاوبەشانەی



کە لەیەك کاتدا خاڵی کۆکردنەوەو جیاکردنەوەن لەنێوان رەوتی رەتکردنەوەی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەم چەمکە کە لەمەرجەعیەتی رۆژئاواییەوە دەسپێك بێت، بەهۆی پێودانگی ئایدیۆلۆژیای‌و مەعریفی، لەبری ئەمەش هەڵێنجانی لە نموونەو ئەزموونی‌و وێکچوی پێکهاتەکانی ئەو چەمکەیان وروژاندوە دەسپێك لە شارەزایی مێژوویی عەرەبی، کە بووە بەدواداچوون‌و دانانی چەمکی ئەڵتەناتیف کەوا گوزارەیان لە چێوەی ناولێنانە کۆنەکان لەسەر راستیە نوێیەکان دەبینرانەوە یان دیاردەی کۆن‌و پۆشینی بە چەمکیەتی نۆی بەو بانگەشەیەی کەدیاردە دەکرێ بوونی هەبێ روونکردنەوەی‌و ناونان‌و کۆنترۆڵکردنی دەستەواژەیش لەدوایدا بەدیدێ. روانگەیەك لە فیکری عەرەبی بەرەو پشکنینێك دەچێ لە مێژووی عەرەبیدا کە هاوتەریبی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی نوێ‌و پاساودانەوە بۆ خۆی بەو گوتەیەی رایدەگەیێنێت‌و دەڵێ ( گەرانەوە بۆ مێژووو خوێندنەوەی دیاردە هەنوکەیەکان( بۆ نمونە کۆمەڵی مەدەنی) لەگۆشەی هەڵدانەوەی رەگەکانی‌و، روانینی ئەوەی کە ئەنترۆپۆلۆژییە(جێگیر)ەو ئەوەشی کە مێژووییە( گۆراوە) ئەوا گرنگی میتۆدێ بەدەست دێنێت نەك مەرجەعییەت). [١٢] لێرەوە بێگومان دەتوانرێ دەست بەسەر رەگەکانی کۆمەڵی مەدەنیدا بگیرێ، وەك حاڵەتی سەربەخۆی یان هاوسەنگی لەگەڵ دەوڵەت، لە قوڵایی مێژوویی هۆشیاری عەرەبی، ئەو قوڵاییەی کەوا گوزارشتەکانی لە رۆشنبیری کەلتوری‌و ئایین‌و پێکهاتە خەیاڵی‌و وەهمەکان‌و مێژووی کۆمەڵایەتی وەردەگرێ. بەڵام بۆ ئەو پێودانگەی دەگێرینەوە کە ئاماژەداری بەشی‌و خۆئامادەکردنێکی پێشینەیە بۆ مەدەنییەت‌و علمانیەت‌و پێکەوە ژیان.زیاتر لەو گوزارشتانەی لە سەر ئەوپێکهاتە ئەنترۆپۆلۆژیانەی کەبەدوای شێوەی پەیوەندییەکانی‌و بەردەوامبوونی لە ژێر رووپۆشی ناسنامەی رۆشنبیری لەسەرووی مێژووییەوە دەکرێن کەگوزارشت لە رۆحی نەتەوە بکات. بەردەوام بوونمان لە خوێندنەوەی هەنووکە لە رێگای رابردووەوە لە بڕی خوێندنەوەی رابردوو لەرێگای پێویستیە هەنووکەییەکان‌و ئەو پرسیارانەی بەردەوام تیایدا نوێ

دەبنەوە. دەستپێك لە گرنگی خوێندنەوەی هەنووکە لە ڕێگای پێویستیو پرسیارەکانیو ئاستی گەشەکردنی هەنوکەیی (مەعریفیوئایدیۆلۆژی)، لەسەر هەندێ لە نیشانەی دەلالی لەمێژوومان دەوەستین کەچەند پنتو وێستگەیەك پێك دێنێتو پێویست دەکات لە سەری بوەستین.یەکەمینی ئەو پنتو نیشانانەو زیاتری گوزارشتکردنی "دیکۆمێنتی مەدینە"یە، یان کە هەندێك بە ( دەستوری مەدینە) ناوی دەبەنو پێغەمبەری عەرەبی محەممەدی کوڕی عەبدوللا لە کاتی نشتەجێبوونیدا لە شاری (یەسرب) دەستی پێکرد، بە ئامانجی پێکەوەنانی پاڵپشتی ناوخۆیی بۆ گۆمەڵگایەکی نوێ . کە محەممەد دەکەوێتە ریزی بونیادنەرە یەکەمەکانیەوە.(الصحیفە) لە پێکهاتەکەی ئێستایدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٦١٧ی کۆچیو ڕێکخستنێکی روونی ئەو پەیوەندییانە دەگرێتەخۆ کە سەرجەم ئەو توێژو تیرەو ئایینانە کۆدەکاتەوە کە ئەو کات لەو شارەدا بوونیان هەبووە، سەرەڕایی کۆچکردوانو پشتیوانان کە سەرەتاکانی یەکەمی کۆمەڵگای ئیسلامییان لەو کات پێکهێناوە[١٣].

لە سۆنگەی گرنگی دیاریکراوی (دیکۆمێنتەکە) لە رووی شوێنگەی مێژووییەوە، هەروەها لە رووی دەلالاتی هاوچەرخی، ئەوا دەقە رەسەنەکەی بەتەواوەتیو وەك ئەوەی لەژیانی (ئیبن هاشم)دا هاتووە جێگیری دەکەین[*] .ئەو رەگەزە گرنگانەی کەوا (دیکۆمێنتی مەدینەی) لێ پێکدێت بە پێی خوێندنەوەی ( د. تەیب تیزینی) بە سێ ئاست دیاری دەکرێ: یەکەمیان بەرقەرارکردنی باوەڕی هەماهەنگی بوونی ئەوی ترو دانان بەتەواوی شەرعیەتی. دووەمیان لەسەر بنەمای راهاتنو بەڵێندان بەدەست درێژی نەکردن لەلایەن هەریەك لە لایەنەکان بۆ سەر ئەویتر[١٤]. لەکاتێکدا رەگەزی سێیەم ئاماژە بەبانگەشەی هەموو لایەنە بەشدارەکانی دیکۆمێنتەکە دەکات بۆ بونیادنانی کۆمەڵگایەك تیایدا ئینتیماکان تەنها لەسەر بنەمای ئایین دیاری نەکرێن، دەستپێك لەدیاریکردنی کۆمەڵی پەیوەست لەشوێنە ئایینیەکەیو نائایینیەکەی، " بەڵکو بەئامانجی بەزاندنی ئەو بۆ چوونەو، گەیاندنی بە رێکخەرێکی زیاتر سەراپاگیر، کە لە بنەڕەتدا لەبونیادی



کۆمەڵایەتی مەدەنیدا بوونی هەیە، کەوا بە شێوەیەکی دەستوری گوزارشتی لێدەکرێ، یان لەوانەیە دروست بێت کەوەك دەستورێکی هاووێنەی (الصحیفە) بدرێتە قەڵەم"[١٥]. بەڵام دەلالەتە هاوچەرخیەکانی، کە دەکرێ بخوێندرێنەوەو لەسەری بوەستین لە(الصحیفە)ی دیاریکراودا زۆرێکن، لەوانەو لەسەرەتادا توانای یەکەم کەسی ئیسلام کە کەسێتی محەمەد دەگەیێنێت لەبەرێوەبردنی کاروباری دەسەڵاتو کۆمەڵو بەرێوەبردنی هاوپەیمانیو ململانێکان بەپێی پێکهاتەو یاسای دانراو، بەو مانایەی کە سیستەمی دەسەڵات لەئیسلامدا بۆ بەشەر جێهێڵراوە. بە پێی پێویستیەکانیانو بارودۆخیانو ئەو سەردەمەی تێیدا دەژین. کە هاو دژ دەبێت لەگەڵ بانگەشەی( باڵا دەسەڵاتی خودا)وەك ئەوەی لەگوتاری ئیسلامی هاوچەرخدا بەدەر کەوت.

بەڵام دەلالەتی دووەمو، گرنگترینیان لەروانگەی ئەبیستمۆلۆژیایی، توانستی خوێندنەوەو تەئویلی ئەزموونی ئیسلامییە لەشوێنگەی فیکریو کۆمەڵایەتی فرەجیا. دوور لەپروپاگەندەی دەسبەسەراگرتنی راستەقینەو یەکتاگەریەکەی. بەو مانایەی کەلتور فاکتەرێکی پۆزەتیڤو ئەکتێڤ دەبێت، ئەمە رێژەیەکی هاویەك لەگەڵ پشکنینو تێگەیشتنی پشتبەست بە دۆزینەوە مەعریفیەکانو ئەو کەرەستە میتۆدییانەی کەزانستە هاوچەرخەکان پێشکەشیان کردووە. هەروەها دەتوانێ تیشك بخرێتە سەر چەند شوێنێك لەکەلتوری بزر یان نادیارو هاوکاری بکات بۆ دۆزینەوەی. (سیاسەتی مەدەنی) لای بیرمەند عبدولرەحمانی کوری خەلدون لە کتێبەکە " المقدمە" وەك دووەمین وێستگە دەبینرێ کە ئیبن خەلدون جیاکاری لەنێوان دروستکراوی مرۆییو سیاسەتی مەدەنی لە ئاستی یەکەمدا دەکات، دوایی جیاکاری لەنێوان سیاسەتیمەدەنیو سیاسەتی شەرعی لەئاستێکی تردا دەردەخات. خەلدون سیاسەتی مەدەنی وا پێناسە دەکا کە " رێکخستنی ماڵ یان شارە کە دەبێ بەپێی مۆراڵو حیکمەت بێ بۆ جەماوەرو بیخاتەژێر چەند میتۆدێك کە جۆرو مانەوە تیایدا پارێزراو بێت." ئەمەش زێدە دەکا

که " مانای ئەمە لای دەسەڵاتداران ئەوەیە کە دەبێ هەریەك لە کەسانی کۆمەڵگاو خەڵك لەسەری بن، تاوەکو سەری دەسەڵاتداران بەدەست دێنن". ئەمە ئاماژەیەکی روونە بۆ ئەوەی بە(شاری نموونەیی) **(المدینة الفاضلة)** ناو دەبرێتو یاسا بەرقەرارەکان تیایدا لە رێی (سیاسەتی مەدەنی)یەوەن [١٦].

ئەو نیشانانەی پێشوو، هەروەها هەندێ ماوەی گەشە سەندنەکان لەمێژوویی عەرەبی بە تایبەتی(قۆناغی مەئمون) وامان لێ دەکات بڵێین تەکانو هەژانی فیکری کۆمەڵی مەدەنی لەمێژووی ئیسلامی عەرەبیدا بوونی هەبووە، لەگەڵ جیاوازی دەلالەتەکانیشی جیایی لە ماناکانیو ونکردنی پەیوەندییە زەمەنییەکانی، دواجار نەبوونی توانایی لە پێکهێنانی رەوتێکی خاوەن پێگەو تەبا لەرووی (سیاسیو فیکری)، وەك رەگێکی پەرشوبڵاو لەچێوەی مێژوویی دژدا مایەوەو توانی ئەو ساتە جێیانە بە پەراوێز بکاو لەیادی خەڵکی بباتەوە، بۆ ئەوەی جێگای ئەو رێچکە مێژووییە رەسمیانە بگێرێتەوە کە سەرکەوتووەکان بەپێی ویستو بەرژەوەندیەکانیان ئەینووسن، بە شێوەیەك کەبگونجێ لەگەڵ ئارەزویان لەگشتگیرکردنی وێناکردنەکانیانو زامن کردنی هەژموونو رووکەشکردنی سەرجەم لایەنە جیاکانیەوە بەمەشروعیەت. شێوەیەکیتر لەشێوەکانی گوزارشت کردن لەکۆمەڵی مەدەنی، بەڵام بێ دەسنیشان کردن یان ناوهێنانی راشکاوانەی، خۆی لەو خستنەرووو دۆزانەی بیری بوژانەوەی نوێی عەرەبی دەبینێتەوە لەلایەن (رفاعة طنطاویء خیرالدین التونسی)و بەپلەیەکی کەمتریش لەنووسینەکانی جەمالەدینی ئەفغانیو محەمەد عەبدەو عبدولرەحمان کەواکیبیو شیبلی شمیلو فرخ انگوان دەردەکەون. ئەو نووسینانەی کە مەسەلەکانی نوێگەریو بەشاریبوونو پێشکەوتنو بوژاندنەوەو دەسەڵاتی وەخۆگرت لە لوتکەدا خۆی لە کتێبەکەی (عەلی عەبدولرەزاق) بەناوی (ئیسلامو شێوازی دەسەڵات)دا بینیەوە. جگە لەگرنگیدانی بە بونیادنانی ئەو دامەزراوەو دەسەڵاتە کۆمەلایەتییانەی کە تارادەیەك خاوەنی سەربەخۆییەك بوون لە دەرەوەی دەوڵەت، بێ دیاریکردنی روونی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی لەلایەن هەریەك لە



شیبلی شمیلو تەها حوسێنو ئەوانیتر.ئەوەی زیاتر مەسەلەکە ئاڵۆزو تێکەڵاو دەکاو، وا لە نموونە دەلالیو گوزارشت لێکراوەکە دەکا ببێتە پرۆسەیەکی تارادەیەك ئەستەم هەر دوو هەڵوێست، قەبوڵ کردنو رەتکردنەوەش لەبەرامبەر چەمکەکەدا تەنها ئاوڕ لێدانەوەیەکە لەنێوان ئەوانەی چەمکەکەیان قەبوڵەو ئەوانەشی رەتی دەکەنەوە هەندێ پێکهاتەی بنەرەتی دەبینین، پێچەوانەش بارەکە پێچەوانە دەکاتەوە. جگە لەجیاوازی لەهۆکارەکان رەتکردنەوەو قەبوڵ کردنو پلەپلە بوونی لەئاستەکانیاندا. ئەمەیە کە وادەکا لە تەك چاودێری شێوەو شێوازی چوونە ناو چەمکی کۆمەڵی مەدەنی یان جیاکردنەوەی شێوازو چەمکە نزیكو زیاتر گونجاوو پێویستەکان لە بواری چەمکگەراییەوە بوەستین. لەنێوان تێکەڵاوییە زۆرتر پەرشبووەکانی گوتاری هاوچەرخی عەرەبی لە مەڕ کۆمەڵی مەدەنی، کە ئەوە دێنێ لەرووی شیکاریەوە لەسەری بوەستیت- بە ئامانجی رەخنە لێگرتنو دیاریکردنی ئەو وتەزایانەی کە وەك ئەلتەناتیڤ بۆ چەمکی کۆمەڵی مەدەنی خراونەتە روو- لە بالاّ ترینیشیان وتەزای ( کۆمەڵگای ئەهلی) کە برەوێکی (رەواجێکی) فراوانی بە هۆی نزیکی لەشارەزاییەکانی نوێی عەرەبی، گەڕانەوەی بۆ ئەو باکگراوندە قوڵەی رۆشنبیری عەرەبی بەرکەوت.

پەیوەندیەکانی کۆمەڵگای ئەهلی ئەو سیمایانە دەگرێتەوە کەکۆمەڵگا کلاسیکیەکانی پێ دەناسرێتەوەو لە تیرەو عەشیرەتوخێڵو بنەماڵەپێکدێت، هەروەك لەو رێکبەندییە کۆمەڵایەتیە کلاسیکیانە پێك دێت کە پەیوەندیی نێوان مرۆیەکان رێك دەخات. وەك پەیوەندی نێوان "گەورەو بندە، پیاوو ژن، خاوەن باوەڕو بێ باوەڕ ....تاد [١٧]. ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە رێکبەندیە زۆرەملێیەش پشت بەنزیکایەتیو دراوسێیەتی دەبەستێو، تیایدا خێزانو پەیوەستی نزیکایەتی نێوانیانو پەیوەندییە شوێنگەیەکان (شارۆچکە_ گەڕەك) پارێزگارییەك بۆ خەڵکەکە لە بەرەنگاری کردنی بێگانەو رەمزیەتی دەوڵەت پێك دێنێت.هەروەها پەیوەندییە گەرمو گوڕەکان کە لە بنەرەتدا لەسەر سادەیی ژیان هاتبوونە کایەوە ئەوەیە کە ئەو سۆزی پەیوەندیانە

شیئەکاتەوەو لەهەمان کاتدا گوزارشت لەو هەماهەنگییە کۆمەڵایەتیە تارادەیەك بەهێزو ئەکتێڤە دەکا، بەجەختکردن لەسەر کۆمەڵێك داب‌و مۆراڵیاتی کۆمەڵایەتی کە چالاکیەکەی لە ڕەسەنێتی ئایینیو سەقامگیربوونی لەژیانی کۆمەڵ سەرچاوەدەگریو بەرهەمهێنانەوەی لەرێگای پرۆسەی پەروەردەو گواستنەوەی ئەو رۆشنبیرییە بۆماوەییە باکگراوندەکەی بیرو هەستی کۆمەڵایەتی دەبێت، نەك پەیوەستیە نزیکایەتیەکان ئەگەرچی شێوەیەك بێت لە شێوەکانی پابەندبوونی کۆمەڵایەتی جگە لە پەیوەستی تر کە خاوەن کارە دەستیو پیشەکان کۆئەکاتەوەو رێکخستنی کارو پەیوەندیەکان لەناو کەرتی بەرهەمهێنانی پیشەکاری کە گەشەسەندنی لە زۆر قۆناغی مێژوو ناسراوە بەتایبەت لە شارە عەرەبیە گەورەکانی وەك(قاهیرە، فاس، دیمەشق، بەغدا) هەروەها چالاکیە شارییەکان کە لەبنەرەتدا لەبەرهەمهێنانی پیشەکاریو بازرگانی کۆدەبوەوەو بەشێوەیەك رێکخرا بوو کە بە (جۆر) یان (تەوائف) ناونرابوو، کە رێکبەندییەکەی بە رێکبەندیەکی تەسەوفی دەچوو، دەسپێك لە (مورید) بۆ دروستکەر بۆ فێرکار بۆ شێخ(پیر)ی پیشەکارو بۆ شێخی بازاڕ( گەورەی بازاڕ). ئەو ئاستانەش لە سەر دابونەریتو تقوساتو مۆراڵیەت بونیادنرابوونو ئاستەکان لێك جیادەکاتەوە، هەروەها لە زانینو بەهای؛ یان بەپێی پلەی وەدەست هێنان یان زانینی (نهێنی پیشەکە). (عزیز الدوری) دەڵێ ئەوەی سەردەمی عەباسیەکانی خوێندبێتەوە دەتوانێ تێبینی ئەوە بکات ( بۆ هەر پیشەیەك داب‌وشێوازی تایبەت بەخۆی هەیە تا ئەو رادەیەی دابەکە لەلایەن دادوەریش قەبوڵ بووەو لە چوارچێوەی کێشە پیشەییەکانیان دادەنا) [١٨]. پێدچێ لەو هۆکارانەی کە ئاڵوزیو گیروگازی پەیوەندیەکانی نێوان کۆمەڵی مەدەنیو کۆمەڵی ئەهلی زێترکرد ئەو جیاییە دوایی بێت بەو سەربەخۆییە رێژەییەی دەوڵەتو دامەزراوەکانی لەلایەك، هەڵسانی (کۆمەڵی ئەهلی) بە رۆڵی رێکخستنی کۆمەلایەتیو پەروەردەو پێشکەشکردنی هەندێ لە خزمەتگوزاییە تەندروستیو کۆمەڵایەتیەکان لە رێگای دامەزراوە خاوەن پێشینییە مرۆییەکان لە لایەکی تر، وەك: وەقف،



زەکات، جگە لە مزگەوتو خوێندنگاو تەسەوفخانەو تەکیەو نەخۆشخانەکان کە" محەمەد کورد عەلی" لە شارەکانی وڵاتی شام ئاماژەی پێکردوون، کە دەکرێ هەمان ئەوپێکهاتە لەرۆژئاوای عەرەبیو میسرو چەند شوێنێکیتر ببینین[١٩]. بەڵام ئەو وێکچوونەی پێشوو کە لە ئەنجامی هەڵسان بەهەندێ کارو کرداو رۆڵگێڕان بەرهەمهاتوون، هاوجووتی ناگەێننو پاساو بۆ ئەو نموونانە ناهێننەوە کە هەندێ لە بیرمەندە عەرەبەکان دەیلێن.

ئەو گۆڕانکارییە هەمەجۆرانەی بەسەر ژیانی کۆمەلایەتیدا هاتن لەگشت ئاستەکانی ( ئابووری ، سیاسی، رۆشنبیری) وەلائی ئەهلی بێ هێز کرد. خێزانی فراوان گواسترایەوە بۆ خێزانی چرکراوەو سنوردار کەوا تەنها باوكو دایكو منداڵەکان دەگرێتەوە بۆ ئەوەی سنورێك بۆ ئەو پەیوەندییە نزیکایەتیو شوێنگەییە باوە بە رێژەو پلەی جیاواز دابنێ. هەروەها ئەو هەوڵانەی کە دەوڵەتی نیشتیمانی دوای سەربەخۆ بوون پێی هەڵسا بە شداربوون لە پێناو نوێکردنەوەی دام ودەزگاو سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی داهاتی نیشتیمانی، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە پرۆسەکانی چاکسازی کشتوکاڵیو سەربەخۆییان بەخۆوەدی، خودی ئەو هەوڵەش وایکرد ژمارەیەکی گەورەی هاووڵاتیان لە پرۆسەی سیاسیدا بەشدار بن، لەو هەڵقوڵانەوەی کەئینتیما بوونە بۆ نیشتیمان. لەگەڵ ئەمەش ئینتیماکانیتر بە وونی لە ژێرەوە مانەوە لەچاوەڕوانی هەر هەلێك بۆ بەدەرکەوتن، بەتایبەت لەماوەکانی شەڕی ناوخۆو تەنگەژەی کۆمەڵایەتی(لوبنان —سودان-یەمەن) بەو مانایەی دووبارە پیاچوونەوە بەپێکهاتەکانی ئینتیمابوونو گرنگی بەزاندنی ئەو وەلائە کلاسیکیانەی پێشوو وەك زەرورەت لە سەر بنەمای مافی هاووڵاتی بوون بۆ هەمووان هاتنە پێشەوە. ئەوەی لە سەدەی دوایشدا لە چوار چێوەی کۆمەڵگای عەرەبیدا روویدا لەگۆڕانی سەراپایی لە رێچکەکانی بەرهەم هێنانو بەکاربردنو هاوکاریو پاڵپشتیو پەیوەندیەکانی خێزانو خێڵو شار، هەروەها لە رێگاکانی گوزارەو بنەماکانی مۆراڵیو ئامانجو هیواکان، وەك

(بورهان غیلیۆن) دەبینێت هەڵگەڕانەوەیەکی سەراپا گیری نەبوو لە بونیادی کۆمەڵگای مەدەنی.

بەڵکو گواستنەوەیەکی پلە بە پلەو کەمبوو لە بوونیادی کۆمەڵگای کلاسیك بۆ بوونیادی کۆمەڵگای نوێ، بە شێوەیەکی روونتر وەرچەرخانەکە لەبونیادی کۆمەڵگای ئەهلی بوو بۆ کۆمەڵی مەدەنی. ئەو قۆناغە ئینتیقالیە لە کۆمەڵی مەدەنی ماوەیەکی تابڵێی سەخت پێکدێنێت، ئاواڵە لەسەر زۆرێك لە توانستەکان، سەرکەوتنی هەریەکێکیان پشتبەست بوو بە هاوسەنگی هێزە کۆمەلایەتیەکانو ستراتیژیەتی گەشەکردنی بەردەست لەهەردوو ئاستی ناوەخۆو جیهانی. لەلایەکی تر هەندێك وایان دەبینی کە کۆمەڵی مەدەنی هەمان کۆمەڵی مەدینەیە( کۆمەڵی شار- یەسرب) بەومانایەی (خالید زیادە) پێشنیار دەکات " گێڕانەوەی کۆمەڵی مەدەنی بۆ (مەدینە)، نەك تەنها لە بەر نزیکی لەرووی زمانەوانیەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە مەدینە ئەو شوێنەیە کە کۆمەڵی تێدا بەرجەستەبووە، هەروەها ئینتیما بوون بۆ کۆمەڵ ئینتیما بوون نییە بۆ دەوڵەت. کە دەکرێ لە (نەتەوە)و(کۆمەڵ) ئەوە بدۆزینەوە کەبەزمانی سەردەمیمان پێی بڵێین (کۆمەڵی مەدەنی).[٢١] (ناصیف نەصار ) لەگەڵ ئەو خستنەرووەی پێشوو کۆکە جگە لەجیاوازی هۆیەکانیو کۆمەڵی مەدەنی لەو پێناسەیە کۆدەکاتەوە: کۆمەڵگا بە سەرهەڵدانو پێکهاتنو گەشەکردنیەوە پەیوەستە بە دیاردەی شارەوە، بەمانا دانروە گشتییەکەی، لەکۆمەڵێك پەیوەندیو پەیوەستیو چالاك کۆمەڵایەتیو ئابووریو رۆشنبیری پێك دێت لەنێوان ئەندامانی یەك شاردا، ئەمەش بەشێوەیەکی بونیادنراو لەسەر ئازادی ئاڵوگۆرو پێشنیارە تاكو کۆییەکان لە چوارچێوەی دامەزراوەو رێکخراوەیی‌دا کە داکۆکی لەخۆیو تێڕوانینەکانی لەبارێکی مێژووی دیاریکراودا دەکات. دوای ئەو پێناسەیە (د. نەصار) کۆمەڵی مەدەنی بە سێ رەمز دیاریکرد یەکەمیان (شەقام) لەدەرەوەی مانای سیاسی، بەو وێناکرنانەی سیمبولێکە بۆ بەردەوام بوونو جولە کردن.



دووەمیان بازاڕ بەمانای بووێکی رەمزی کۆمەڵایەتی بۆ بەرهەمهێنانو بەکاربردنو ئاڵوێر. سێیەمیان کۆمەڵە، رێکخراوو دامەزراوەکان ...تاد. وەك سیمبوڵێك بۆ هاوکاریو بەردەوامبوون، هەروەها گواستنەوەی مرۆڤ لە بوونی تاکێتی بۆ چوار چێوەیەکی گشتی، لە سنوری ئەو رێکخستنانەی داکۆکی لە تەباییو بەردەوامبوونی بەرژەوەندی دەکەن. لەکۆتایدا لێکۆڵەرەوە سێ پێویستی مەزنی پێشنیار کرد بۆ بە دەستهێنانی کۆمەڵی مەدەنیو بەردەوام بوونی کە ئەمانەن:

١- " پەروەردەی مەدەنیانە"

٢- " بەگەرخستنی دامەزراوەو رێکخراوەی ئازادو داکۆکی کەر لە بەرژەوەندیەکانی تاكو کۆمەڵەکان لەچوارچێوەی ئەو یاسایانەی کە دەوڵەت دایان دەنێ".

٣- ئازادکردنی بازاڕو تێڕوانینی وەك بوارێك بۆ ئاڵوێریو پێشبرکێ کردنی مەرجە دیراسەکراوەکان" [٢٢].

لێرەوە ئەوەی جێی گرنگی پێدان بێت جەخت کردنی هەردوو لێکۆڵەرەوەیە لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵی مەدەنی ، کۆمەڵگای شارە، ئەمەیە کە دەبێتە سەرچاوەی یەکەم هەڵەو دەکرێ بەو شێوەی خوارەوە بەدوایدا بگەرێین: شار بەو پێودانگەی بارێکە ژمارەیەکی زۆر مرۆی تێدا دەژی، وەبەرهاتووێکی مێژووییە بۆ شارستانیەتە کۆنەکانو چەندین شوێن دەگەرێتەوە، وەك شارستانیەتی میزۆپۆتامیاو شارستانیەتی میسریو رۆمانیو تادەگاتە شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامی...تاد. لە هەریەکێکیش لەو شارستانیەتانە پێکهاتەی شار بوونیان هەبووە وەك بنکەی ئایینیو سەربازیو گەلێك جاریش وەك پێگەیەکی بازرگانی. لەگەڵ ئەوەش کە ئەو شارانە لەهەردوو شێوەی شەقام و بازاڕ بەو مانایەی کە رەمزی بەردەوامیو کرداری ئاڵوێرین خۆیان بینیەوە. بەڵام ئەوە رێگامان پێنادا سیفەتی کۆمەڵی مەدەنی بەو جۆرە ببەخشین، لەگەڵ تێبینی کردنی ئەوەی کە شار وەك بنەمایەکی پێکهاتەیی بۆ کۆمەڵی مەدەنی لە قەڵەم دەدرێ. بەڵام مەرجێکی کامڵ نییەو

وەك بەشێکە لە پێکهاتە گشتیەکەی کۆمەڵی مەدەنی. یان بەو مانایەی کە پەیوەست کردنی کۆمەڵی مەدەنی بە دیاردەی شارنشینی شتێکەو حیساب کردنی بەوەی هەمان کۆمەڵگای شارە شتێکی ترەو تەواو جیاوازە. تێکەڵاوییەکی تر دەمێنێتەوە لە نێوان کۆمەڵی مەدەنیو کۆمەڵی سیاسی، لەهەرە تێکەڵاییەکان کە پەیوەندیەکانی نێوان مەدەنیو سیاسی توشی شێوانو شڵەژان دەکات، هەروەها لە نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگا چ لەسەر ئاستی چمکگەرایی نێوان دوو کەرتی کۆمەڵایەتی زۆرجیاوازو لەهەمان کاتدا هاوبەش، یان لەسەر ئاستی واقیعیدا کە پەیوەندی نێوانیان رێك دەخات. چەمکی کۆمەڵی مەدەنی —لە بنەرەتدا- بۆ ئەوە هاتووە تاوەکو بەرەنگاری ئەو دژیەکیانە ببێتەوە کە بۆرژوازیەتی ئەوروپایی لە سەدەکانی هەژدەو نۆزدەدا ژیاندیانەوەو، گونجاو بوو بۆ بوونیان. ئەو دژیەکیە چۆنیەتی کۆکردنەوە بوو لەنێوان تاکێتی وەك بەهاو وەك مومارەسە بەئابووری کردنی بازاڕ، هەروەها لە نێوان پێوانەکانی کۆمەڵ بۆ نەتەوە کە چوارچێوەی سیاسیانە بۆ ململانێی ئابووری دەگەێنێ. یانە ئەوەیە کیشەکە ئەو کات خۆی لە پەیوەستی ئۆرگانیکیو ململانێدا دەبینێتەوە لە یەك ساتدا لە نێوان ئایدیۆلۆژیای فەردانیەت بۆ ئابووری بۆرژوازی، هەروەها لەنێوان ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی کۆمەڵگا بۆرژوازیەکان [٢٣].

لێرەوە زەرورەتو رەخنەگرتنی ئەو رایانە دێتە پێشەوە کە بەرەهایی هەرلێکچونێك لەنێوان کۆمەڵی مەدەنیو کۆمەڵی سیاسی رەتدەکەنەوە. (نەصار) ئەو دەمامکە دابراوانەی پەیوەندی بەردەوامی مەدەنی بەکەسی سیاسیەوە گرێدەدات، ئەگەر ئەوە راست بێت سەربەخۆی کۆمەڵی مەدەنی پێویستیە بۆ ئەوەی پێکهاتەو رێکخراوەکانی بەرۆڵی خۆیان هەڵبستن بەدەر لە هەر توندییەکی کۆمەڵی سیاسی/ دەوڵەت، ئەوە بەهیچ شێوەیەك مانای شیزۆفرینیای رەهایی لەنێوانیاندا ناگەێنێت. کێ بەرپرسیاریەتی تەواوی ئەو تەنگەژەو ئالوزیانەی توشی کۆمەڵگای عەرەبی دەبنەوە بیخاتە سەر شانی تاکی سیاسی، کە هۆکاری سەرەتاو کۆتایی لەدەوڵەتدا دەبینێتەوەو، بانگەشەی



دامەزرانی کۆمەڵی مەدەنی دەکات لەسەر حیسابی دەوڵەت یان وەك ئەڵتەرناتیڤێك بۆی. کەچی کێشەکە لە جەوهەردا بەو شێوە ساکارە نییە. رەتکردنەوەی دەوڵەتو دورخستنەوەی لەلایەن کۆمەڵی مەدەنی کەمتر نییە لە ترسناکی رەتکردنەوەی کۆمەڵی مەدەنیو بە پەراوێزکردنی لەلایەن دەوڵەت. لە هەردوو حاڵەتەکان دورخستنەوەی لایەنێکی بوونی کۆمەڵایەتیو لەباربردنی رێڕەوی هاوسەنگی پێویست لە نێوان هەردوو لایەندا، کەدەبێتە هۆی بەرپابوونی شەڕی ئەهلی لەرووی تیرەییو عەشائیریو بنەماڵەیی، بەشێوەیەکی شێتانەو وێرانکار. یان دەبێتە تۆتالیتاریەتێکی رەهای کاروباری کۆمەڵگاو بونیادی دامەزراوەکانیو هەموو دەرهاویشتەکانیش لەو شێوە تۆتالیتاریەتە جیا دەبنەوە، کەخۆی لە گەندەڵیو لەکارکەوتنو توندو تیژیو بزربوونی شەرعیەتی کۆمەڵگا دەبینیەوە. لەبەر ئەوە هەوڵدانی رونکردنەوەو دیاریکردنی پەیوەندی نێوان کۆمەڵی مەدەنیو کۆمەڵی سیاسی مەشروعیەتی مەعریفی وەدەست دێنێ. کۆمەڵی سیاسی /دەوڵەت بەشێکە لە کۆمەڵی گشتیو لە دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵگا پێك دێنێت. ئەوەیان یەکێکە لە ئاستە بنەرەتیەکانی بونیادی کۆمەلایەتی، ئەو ئاستە لە رووی رۆڵو ئەرکدا پەیوەستە بەو بونیادەوە، بەمانایەك کە بەرهەمی ئەو بونیادەیە. کۆمەڵی مەدەنی، پارتە سیاسیەکان دەگرێتەوە جگە لە رێکخراوەکانو سەندیکاو دامەزراوەکانیتر، یان خاوەن رەهەندێکی سیاسیەو بەگشتی رێکخستنێکی سیاسیانەی کۆمەڵگا دەگرێتەوە. لەکاتێکدا کە کۆمەڵگای مەدەنی لە پارتو رێکخستنە سیاسیەکان پێك دێت، کۆمەڵگای سیاسی لەرووی پیادەکرنەوە تایبەتمەندە بە دەسەڵاتی سیاسی. لە کۆمەڵگا دیموکراتیەکان دەسەڵات سیاسی تەنها لە ئیئتلافی دەسەڵاتدارو پارتەکانی کۆنابێتەوەو، ئۆپۆزسیۆن شێوە حکومەتێك پێکدێنێتو بەرێگای ناراستەوخۆ پیادەی دەسەڵاتی سیاسی دەکات. بەڵام دواجار زۆر چالاکانەیە. ئەوەی گرنگیشە رێکخستنی پەیوەندییە لەنێوان کۆمەڵی مەدەنیو کۆمەڵی سیاسی بەشێوەیەك کەخزمەتی پێشکەوتنی کۆمەڵ بە گشتی بکات. کۆمەڵگای سیاسی

بەرەو رووی پێکهاتە جیاکانی کۆمەڵی مەدەنی دەبێتەوە لە رێگای میکانیزمە یاسایی‌و دادوەرییەکانی دەوڵەت کەزامنی مافی تاکەکان‌و ئازادیەکانیان دەکات لە دەسپێشخەری‌و کارکردن بەپێی بەندەکانی دەستور، ئەوە لە کاتێکدا کۆمەڵی مەدەنی رێگا لە مەشروعیەتی دەسەڵاتی سیاسی دەگرێت‌و یەکێکە لەو هۆکارانەی بوونەتە مایەی مانەوەو بەردەوامبوونی. بەمانایەکی تر دەبێ چاودێری ئەو ئاویتە بوونە زێدەیەی نێوان تاکی مەدەنی‌و کەسی سیاسی بکەین، شێوەی شپکردنەوەو بە پەراوێزکرنی یان دورخستنەوەی هەر یەکەیان لەسەر حیسابی ئەوی‌تر دیاربکەین[*]. لەگەڵ ئەوەش چاودێری کردنی جیاوازییە چەمکیەکان‌و لاوازی دیاریکردنێکی میتۆدیانە بۆ چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی وەك ئەو شێوەیەی کە بیری هاوچەرخی عەرەبی وەریگرتووە بەو نموونانەی کە لە پێشەوەدا دیاریکران هیچ شتێك ناگەێنێ جگە لە لایەنی گیروگازی بەکارهێنانی چەمکەکەو بلاوکرنەوەی. لە کاتێکدا لایەنەکەی تر بەندە بە کۆمەڵێ بەربەست‌و رێگری ئایدیۆلۆژی‌و مەعریفی کە گواستراونەتەوە بێ ئەوەی چەمکەکە بە شێوەیەکی زانستی‌و رەخنەگرانە وەربگرێت. ئەو بەربەستانە چین‌و تاچ رادەیەك هاوکاری لە ئاشکرا کردن‌و هەڵوەشاندنەوەی دەکەن لە پێناو بونیادنانی نزیك بوونەوەیەکی بەرهەم هاتووی بابەتیانە؟

## رەخنەگرتن لە بەربەستە ئایدیۆلۆژی‌و مەعریفیەکانی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی

دەمارگیری بە هەموو شێوەو لێکەوتەکانیەوە لە یەك کاتدا بەربەستێکی ئەبیستمۆلۆژی‌و کۆمەڵایەتی پێك دێنێت، کە فرەهەندی‌و هەمەجۆری‌و جیاوازی لەپێکهاتەکانی گریمانە دەکات. بە شێوەیەکی نێگەتیڤیش باندۆری بەسەر پەیوەندیە نێو خۆییەکانی کۆمەڵی مەدەنیدا



دەبێ، هەروەها دەبێتە بەربەستی بەردەم توانستی گفتوگۆو ئاڵوگۆڕو راوبۆچوونی نێوان چین‌وتوێژ کۆمەڵایەتیەکان. دەمارگیری لە جەوهەردا رەتکردنەوەی ئەویتر(بەرامبەر)و رەتکردنەوەی دەنگ‌و رایەکانیەتی‌و چەقبەستنە بەدەوری باوەڕێك یان ئایدیۆلۆژیایێك یان خود، کە رێگە لەخاوەنەکەشی دەگرێت هەر وێناکردنێکی بۆ راستیەکان لە دەرەوەی ئەم چێوەیەدا هەبێت. وایدەبینێ کەتەنها یەك راستی هەیەو خۆی خاوەنیەتی. هەروەك وەڵامی پێشینەو ئامادەیی‌و بوونی ئەو پرسیارو گیروگازە لەئاراکان گریمانە دەکات.

دەمارگیری بەو مانایەی پاڵنەرو هاندەری لێکۆڵینەوەو پشکنین لەو وەڵامە نوێیانەو دارشتنەوەی پرسیارە کۆنەکان بەشێوەیەکی داهێنەرانە دەکوژێت، یان بەشداری لە سەپاندنی ئەوەی لەناسراوو کلاسیك لەئارادایە دەکات‌و دەست بەسەر هەرچی جیاوازو نادیارو داهێنەرە دەگرێت. لەو لۆژیکیەتەوە پی دەچێ گرنگی‌دان بەپرەنسیی(لێبوردن) بە تەواوی مانا، کۆمەڵگای بەشەری پێویستی بە بلاوکردنەوەی رەسەنێتی بنەماکانی لێبوردن هەیە وەك روانینێ مرۆی‌و مۆراڵی، بەگشتی کردنی بیرۆکەی قەبوڵکردنی بەرامبەر کەجیاواز بێت لە بوارە سیاسی‌و ئایین‌و نەتەوەیی‌و کۆمەڵایەتیدا. لەوانەشە یەکێك لە رێکەوتە دەلالیەکان ئەوە بێت کە نەتەوەیەکگرتووەکان ساڵی ١٩٩٦ بە ساڵی لێبوردن(toleration ) دابنێ، مەسەلەی لێبوردن بەپراکتیکی کێشەیەکی کۆمەڵگا کراوەکان پێکناهێنێ کە گەیشتوونەتە جێگیرکردنی پرەنسیپی (لێبوردن) ئەمەش دوای ناسۆری‌و ماوەیەکی زۆرو شەری وێرانکار کە کۆمەڵگاکانی رۆژئاوای گەیاندە دارشتنی عەلمانیەت وەك چارەیەك بۆ رێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوان ئاینگەراو دونیاگەراکان، کە بووە هۆی دوورخستنەوەی ترسناکی دیاردەی دەمارگیری‌و توندوتیژی‌و سەروەری عەقڵانیەتی حەرام کردن کەدەبێتە هۆی تۆتایتاریەت.[٢٥]

لەسەر ئاستی (فیکریش) ونی لێبوردن/ دەمارگیری ئاشکرادەکا بەرەو وەلانانی مافی بیرکردنەوەو دەسبەسەراگرتنی ئازادی رەخنەو گوزارشت

دەچێت‌و لەرێگای دارشتنی کۆت‌وبەندەکان رێ لەو مافە دەگرێت‌و هەڵدەستێ بە دابەزاندنی سزاو بنەما دەرهەق بە مافی ئەوانەی لە بارە بەرقەرارەکە لادەدەن. لەسەر ئاستی سیاسیش دەمارگیری یەکلابوونەوە بۆ دەسەڵات‌و دەستبەسەراگرتنی رای جیاواز دەگەیەنێ کە کورترین رێگایە بۆ کامڵ بوونی تۆتالیتاریەت‌و دەسەڵاتی رەهاخواز. لەکاتێکدا دەمارگیری لە رووی ئایینەوە مانای رێگرتن لەئارەزووەکان‌و حەرام کردنی هەر ڕایەکی تری جیاوازە. ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە ئیسلام جەخت لە سەر بنەماکانی لێبوردن‌و مومارەسەی ئارەزوومەندانە دەکات. بەتایبەت لەماوەکانی گەشەکردنی شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامی.

قبوڵ کردنی پرەنسیپی لێبوردن‌و پێکەوەژیان مانای رەزامەندیە لەسەر هەر شتێك کە هاوبەشە، هەروەك مانای بەزاندنی شێوازەکانی دابەش بوونی لەکۆمەڵ‌و مافی گوزەران لە سەر شێوەی جیاواز لەمافی ژیان دەگەیێنێ جگە لە ماف‌و ئازادییە بنەڕەتیەکان کە لە شۆڕشی فەرەنسای ١٧٨٩ گەشەیان کردوو، دەستوری ئەمریکاش قەبوڵی کرد ئەو بنەمایەشی لێ پێکهات کە راگەیانراوی جیهانی مافەکانی مرۆڤی لە سەر بونیادنراو، بووە بەشێك لەدیموکراتیەتی هاوچەرخ.

پرەنسیپی لێبوردن لەسەر کۆمەڵێك لە پێشختەی فیکری پێك دێت لەوانە:

١- بیرۆکەی هەڵەو دروستی، یان پێشبینی کردنی هەڵەو راستی بۆ هەردوولا، ئەمیان جێگیرکردنی پرەنسیپی مەعریفەی رێژەییە کە سوکرات دۆزیەوەو ڤۆلتێرو مارکس‌و ئەنیشتاین‌و چەندینی تر گەشەیان پێدا.

٢- بیرۆکەی لەیەکگەیشتن‌و عەقلانیەت‌و، گرنگی گفتوگۆو دەمودوو، راستکردنەوەو تێپەراندنی هەڵەکان، بێ قوڵبوونەوە لە لێکۆڵینەوەی ئەوەی کێ بەرکەوتووەو کێ هەڵەیە. کە بوار بە توانای نزیك بوونەوە لەراستی لەرێگای گفتوگۆو گەیشتن بە ئەنجام دەدات.



٣- بیرۆکەی بەدەرنەبوون لە هەڵە، بەومانایەی زانایان‌و بیرمەندانیش هەڵە دەکەن.[٢٦] جگە لەوەی کە تاغور دەڵێت" گەر هەموو دەرگاکانی هەڵە داخران، ئەوا راستیەکان لە دەرەوەدا دەمێننەوە".

بەو شێوەیە بەدەر دەکەوێت کە پرەنسیپی لێبوردن لەسەرچاوەی جیاوازی فیکری‌و ئایینی‌و کۆمەلایەتی‌و فەلسەفی دەسپێك دەبێت، ئەمە ئەگەر رۆشنبیری لێبوردن بەهۆی فاکتەری چەپاندنی دەمارگیری لەئارادا نەبێ. ئەگەر ئەمە لە گرنگیشی کەم نەکاتەوە جەخت لەسەر زەرورەتی بلاوبوونەوەی بنەماکانی فرەهەندی‌و لێبوردن‌و گفتوگۆ دەکات وەك زەمینەیەك بۆ بەزاندنی فاکتەرەکانی توندو تیژی‌و دەمارگیری‌و جیاکاری لەکۆمەڵدا. ئەو بەربەستانەی کە بەرەورووی رۆشنبیر دەبنەوە لەپەیوەندیەکانی بە کەسی سیاسی گەلێکن، کە بەرتەڤ نەبوونی پێگەیەکی رۆشنبیری یان پانتایەکی رۆشنبیری کراوە بەسەر هەموو توانستەکانی بیرکردنەوەو ئازادیەکان پێکدێنن. ئەگەر بەشێکیش لەکۆنترۆڵکردن‌و گوشاری سەروەری‌و دەسەڵاتەکانی ئایینی یان سیاسی بێت. بەربەستێك پێکدێنێت‌و دەگوازرێتەوە بێ رەخنە گرتن لە ئایدیۆلۆژیاکان لەرووی مەعریفیەوە[٢٧]. ئەمە جگە لە سانسۆری رەسمی‌و باندۆری قوڵی بەسەر بەرهەمهاتنی سانسۆری خودی لەمیانەی شاردنەوەی پرەنسیپی دەسەڵات کەدەبێتە هۆی پەستانی بیرکردنەوە لە چوار چێوەی رێگە پێدراوو بەرتەڤو قەبوڵکراو، کە لەوانەیە ببێتە هۆی وون بوونی ئەو نێوەندە رۆشنبیرییە گرنگانەی کە خاوەنی رۆشنبیری نارەسمین‌و پەیوەستن بەژیانی چەندین توێژی بەرفراوان لەکۆمەڵگا هاوچەرخەکان‌و پەیوەستن بەسەرمایەی رەمزی‌و شێوەی ژیان‌و ئاکارەکانیان.

لەسەر ئاستی کۆمەڵگاشدا تێڕوانینێکی نێگەتیڤی لە بەرامبەردا پێك دێنێت‌و گەلێ شوێنی جیهانی عەرەبیش دەگرێتەوە، ئەمە جگە لەو بارە نێگەتیڤەی کە لە شوێنەکانی‌تردا هەیەتی‌و بەربەستێکی جددیە، نەك لەبەر ئەوەی ژن نیوەی کۆمەڵە، بەڵکو بەهۆی ئەو رۆڵ‌وئەرکە کۆمەڵایەتیە

ژیاریەکەیە کە لەناو خێزانو کۆمەڵدا پێی هەڵدەستێ. لە میانەی پەروەردەو گەشەپێدانە کۆمەڵایەتیەکانیش ژنان بەشدار دەبن لەپێکهێنانی روخساری نەوەکانی دوارۆژو بالاَی رۆڵیان لەژیانی گشتی، لەبوارەکانی پەروەردەو تەندروستیو رۆشنبیریو پیشەو ئەرکی جیاواز. کەوای لێهاتووە قسەکردن لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی بەرتەڤ لەسایەی پەراوێزکردنی تواناکانی ژنان کارێکی بێ بەها بێ. ئەمە جگە لەوەی کە گەشەکردنی دیموکراسیەت لەهەر کۆمەڵگایەك بەندە بۆ ئەوەی ئارەزووەکانی بێنەدی. بەتوانای بەسەر جوڵاندنو چالاککردنی ژمارەیەکی زۆری ژنان لەرێگای زەمینەدانیان بۆ هاتنە ناو ژیانی گشتی، چ سیاسیانە یان رۆشنبیریانە بەو شێوەیەی دەگونجێو یاساکانی مافی مرۆڤو راسپاردەی کۆنگرە نێودەوڵەتیەکانی لەمەڕ ژنان ئاماژەیان پێداوە، جگە لە ئامانجەکانی بزوتنەوەی ژنان کە لەگەڵێ کۆمەڵگا وەك روخسارێکی تر لەبزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان پێك هاتووە بەردەوام لەگەشەدان.

لە بەربەستە ئادیۆلۆژییە فراوانەکان بلاّوبوونەوەی بیرۆکەی تۆتالیتارێکی دادوەرە ئەو بیرۆکەیەی لە دژیەکیەکی ناوخۆییو نالۆژیکیەتی کۆمەل بەتاك دادەتاشێو پێویستی گەڕان بەدوای هێزە چالاکەکانی کۆمەڵو رێکخراوەکانی رەتدەکاتەوە. بەکارکردە کۆمەڵایەتیەکانیش دەڵێت بەبێ ئەو تێروانیینەی سەرەوە کە تەنها جێبەجێ کەری بیرۆکەکانو نموونەی تۆتالیتارن، لە باشترین کاتەکانیان مێگەلێکنو ئەوە دەکەن کەپێیان دەگوترێ. کەزانستی سیاسیەت بەهێز دەکەن لەرێگای رەتکردنەوەی پێویستی بوون بەشەرعیەتی سەرچاوەگرتوو لەپرتۆکۆڵ یان بۆندێك کە دادوەرو دادبەسەردراو لەسەری کۆکن. بیرۆکەی تۆتالیتاری دادوەر بەشێوەی جیاواز لەسەر هەندێك ئەدەبیاتی نوێ بەدەرکەوتووەو.. هەندێك ئەو بیرۆکەیە وا دەبینن کە دەرگایەکە بۆ چاکسازیو نوێ بوونەوەی سیاسیانە. هەندێکی تر بەتاکە چارەیەکی دەزانن بۆ هەموو ئەو کێشە ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسیانەی کە رووبەرووی ولاّتە عەرەبیەکان دەبنەوەو هەندێك بوێری ئەوە



بەخۆیان دەدەن کە بڵێن بەشێکە لەکەلتور، بەپێی ئەو گێڕانەوە سەرکەوتووەی چارەسەریەکانی رابردوو، ئەوا تۆتالیتاری دادوەرە، ئەلتەرناتیڤێکمانە بۆ پەرلەمانو فرەهەندیو مافی مرۆڤو دەوڵەتی یاساو هەرچیەك کەلەچێوەی بیرۆکەی چارەسەییەکانی رۆژئاوا دادەنرێنو هاوردەن.[٢٨] لەبەر ئەوەش کە کۆکردنەوە لە نێوان تۆتالیتاریەتو یەکسانی مەسەلەیەکی تەموومژاوییە، ناکرێ یەکسانیودادوەری دوور لەبنچینەو یاساکان وێنا بکرێ ئەمەش لەسەردەمی فرە جۆری ئەرکەکانی دەسەلاّتو ئالۆزبوونیاندا کەجێبەجێ کردنی لەسەر کاری دامەزراوەکان لەئاستی دەوڵەتو کۆمەڵ دەوەستێت. گرنگترین شتیش کە ئەو وتەزایە لێی بێدەنگە، گومان کردنو لەدەستدانی متمانەیەتی بە توانای چینوتوێژە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان لەهەڵسانیان بەئەرکی رێکخستنو کارگێڕی لەئاستی دەوڵەتو هەروەسا کۆمەڵیش.

لاوازی رەسەنێتی تیۆری چەمکی کۆمەڵی مەدەنی یەکێك لەبەرەبەستە مەعریفیە جددیەکان پێك دێنێ کە دەگۆرێت بێ گۆڕانی بۆ بەشی بنەرەتی لە رۆشنبیری هاوچەرخی عەرەبی. ئەمە جگە لەباو بوون بەکارهێنانی لەم دوایانەدا ،کەچی ئەمەش نەبووە هۆی رەسەنێتیەکی تیۆری پتەو بۆ ئەم چەمکە لەرووی پێناسەو بەرجەستەکردنو دیاریکرنی گۆڕانکاریو مەرجەکانی دەرکەوتنو گەشەکردنی. ئەمەشە یەکێك لەپاڵنەرەکانی ئەم لێکۆلینەوەیە پێکدێنێت بۆ بەشداریکردنی لەو پرۆسەیە کەتوانایی زیاتری پێویستە، هەروەك پێویستی بە بەشداری لێکۆڵەرەوەکانی تر هەیە لە بەشو پێگەی مەعریفیانەی جیاواز. دوورگرتنی فەلسەفیانەی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی بە لانی کەم لەدوو رووی ماناوە گرنگە: یەکەمیان بەمانای تەنزیری چمکگەرایی بۆ پانتایی مەعریفیانە کە دەستەواژەکانی تری هاوکار بەکاری دەبەن وەك( هاوولاّتی، مافی مرۆڤ، عەلمانیەت، دیموکراتیەت). دووەمیان بەمانای گرنگیدانی رەخنەگرانەی فەلسەفیانە بەکاروباری کارکردە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوانەی کەوا ناوئاخنی واقیعی کۆمەڵی مەدەنی پێك دێنن، کە یەکێکە لە ئامانجە هەرە گرنگەکانی گوتەی

فەلسەفیانە. گرنگی هەڵسان بە لێکۆلینەوە سۆسیۆلۆژیە مەیدانیەکانی لەوەوەدێ کە پلەی گەشەکردنی بونیادو کەرتەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەنیشتمانی عەرەبی لەخۆدەگرێ. هەروەك لەتوانای نزیککردنەوەی ئابووریانەدایە کە هەوڵی ناسینی واقیعی ستراکتۆری ئابووریو ئاستی پێگەیشتنی دەدات، بە شداربوون لە شیکردنەوەو زانینی ئەو کێشانەی کە خاوەن سیمایەکی ئابووریانەن‌و بەرەنگاری گەشەکردنە کۆمەڵایەتیەکان دەبنەوە، وەك پەیوەندیەك لە نێوان کەرتە جیاوازەکانی ئابووری ( گشتی – تایبەت –تێکەڵاو). لەو نزیکبوونەوە هەمەجۆرەو هەروەها ئەو نزیکبوونەوەی کە ئەم لێکۆلینەوەیە پێشکەشی دەکات لەروناهیەکانی زانستی کۆمەڵناسی رۆشنبیریانە دەکرێ بە سەر کێشەی لاوازی رەسەنێتی تیۆری بۆ چەمکی کۆمەڵی مەدەنی زاڵ بیت کەهاتۆتە ناو رایەڵەکانی رۆشنبیری هاوچەرخمان، لەدوای ئەوەی عەرەبەکان بۆیان دەرکەوت کە یەکبوونەی رۆشنبیریان لەگرنگترین فاکتەرەکانی مانەوەی نەتەوەییانە، لەم رێگایەشەوە ناسنامەی هاوچەرخیان لەناو جیهانی گەیاندن‌و پێشکەوتنە بەپەلەکانی زانیاریو زانست‌و روناکبیریەکان بونیاد دەنرێ. دوا بەربەستی دروستبوونی پەیوەندییە دژیەکیەکان‌و ئاڵوگۆریەکانی نێوان دیموکراتیەت‌و عەلمانیەت بەرهەمدێت. کە هەندێك لە بیرمەندە عەرەبەکان وای دەبینن پێویستی ئەمرۆمان گەرەك بوونە بەدیموکراسیەت نەك عەلمانیەت. بۆ زانینیش گرنگترین بنەماکانی عەلمانیەت لەسەر گرانتیکی ئازادی بیروباوەر لەکۆمەڵگادا بەندەو بەبونیاد دەگات. ئەو بنەمایەش خۆی لەجەوهەری دیموکراتیەتدا دەبینێتەوەو یەکێك لە گرنگترین پێکهاتەکانی پێکدێنێ. دوایی چۆن دەتوانرێ دیموکراتیەت وا ببینرێ کە خەوشکەری عەلمانیەتە، ئەوەش لەباشترین حاڵەتەکانی دەگاتە ئەوەی کە(جۆن ستیوارت مل) بە توغیانی زۆرینە ناوی دەبات، بە پێچەوانەی ئەمەش چۆن وێنای عەلمانیەت بەبێ دیموکراتیەت بکرێ. ئاخۆ ئەمە نابێتە هۆی هیتلەریەت‌و ستالینیەت‌و سەرجەم جۆرەکانی توغیان‌و تۆتالیتاریەت، هەروەها پێش هەموو ئەو نموونانە ئاخۆ شۆڕشی فەرەنسا نەگەیشتە گەردەلووی توندوتیژیو قەسابخانە یان لەباربردنی؟ هەریەك لە دیموکراتیەت‌و عەللنیەت



لەچوارچێوە ئەبستراکتە زەینیو تەنزیریەتە سەرخانیەکان سێبەرێك دەکەن، ئەمە لەکاتێکدایە ئەگەر لەسنوری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان‌و لەنێوان کارکردە کۆمەڵایەیەکان مومارەسە نەکرێن کەئەو پەیوەندیانە لەسنوری کۆمەڵی مەدەنی بوونە راستەقینەکەیان پێك دێنن. لەگەڵ ئەوەش ئەمە لەلایەن زۆرێك لەبیرمەندە عەرەبەکان لەو پەیوەستیە روونەی نێوانیان کەم ناکەنەوە. کەمال عبدوللەتیف دەڵێت" چۆن دەکرێت بەرگری لەدیموکراتیەت بکرێ بێ بەرگری کردن لە عەلمانیەت، یان بەرگری کردن لەپرەنسیپی ئازادیەکانی هاووڵاتی ژیر لە سنوری کۆمەڵی مەدەنی"[٢٩]. ئەمەیە کە ناصیف نەصار جەختی لێدەکاتەوە بەو وتەیەی " بەرگریکردن لەفەلسەفەی دیموکراتی بەرگریکردنێکی کەم‌وکورت دەبێ ئەگەر لە حیساب‌و بەهای دۆزی عەلمانیەت بهێنرێتە خوارەوە"[٣٠]. ئاخۆ ئەوەی پێشوو پەیوەستی بەدووبارە بیرکردنەوەی عەلمانیانە هەیە، ئەمەش لەسۆنگەی دووبارە هاتنەکایەی وێناکردنی جیاواز بۆ پەیوەندیەکانی نێوان کەسی ئایینیو تاکی سیاسی، کەخاڵی دابڕانەکان تێدەپەرێنێ‌و، عەلمانیەتیش دەتوانرێت لە رێگای بڵاوبوونەوەی بە رایەڵەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا بوونی هەبێت.

## بەشی چوارەم

# توانای پیادەکردنی عەلمانیەت
# لە کۆمەڵگای مەدەنیدا

*دیموکراتیەت کرۆکی کۆمەڵگای مەدەنییە .
*عەلمانیەت وەك چەمك.
*چەند نموونەیەك لە بیری هاوچەرخی عەرەبی دەربارەی عەلمانیەت ( حەسەن حەنەفی، محەمەد عابد جابری، فوئاد زەکەریا )
* ئەو رەخنانەی لە تێڕوانینێکی رەخنەییەوە ئاراستەی عەلمانیەت کراون.
* خەسڵەت و پێداویستییەکانی عەلمانیەت.



## دیموکراتیەت کرۆکی کۆمەڵی مەدەنییە

لەوانەیە دیارترین ئەو مەترسیانەی کە ئێستا رووبەرووی کەمەڵی مەدەنی دەبنەوەو تا ئاستێکی دوور سیماو ئەدگارە گەشەسەندووەکانی ئایینەدەی دیاری دەکەن، رووبەروو بوونەوەی بێت لەگەڵ دیموکراتیەت چونکە دیموکراتیەت بەتەنها سیستمێکی سیاسی نییە، بەقەد ئەوەی شێوازێکە لە ژیانداو سەرکەوتنیشی بە ئەندازەی ئەوە زیاد دەکات کەسەرجەمی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا بگرێتەوە( دامەزراوەکان، قوتابخانەکان، یانەکان، کارگەکان، سەندیکاکان، زانکۆکان، شێوازەکانی پێگەیاندنو رێکخستنو کارگێڕی..تاد).

دیارە گوتاری عەرەبی پێویستی بەجەخت لەسەرکردنەوەی گرنگیو دیاریکردنی زەرورەتی دیموکراتی نییە، هەرچەندە ئەگەر تێڕوانینەکانیش بۆ بنەماو سەرچاوەو رێگاکانی بەرجەستەکردنی ئەو دیموکراتیەتە جیابن، چونکە ئەو گرنگییە جیاکەرەوەیەکی هاوبەشی زۆربەی رەوتە فیکریو سیاسییەکانی گۆڕەپانی عەرەبییە. بەجۆرێك هوشیاری زیاتر بۆ مەرجی دیموکراتی وەك یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی رۆشنبیری عەرەبی هاوچەرخ بەڕوونی دەرکەوتووەو، خەریکە ئەو هەوڵانەی کە بۆ دواخستنو رێگەپێگرتنی لێشاوی دیموکراتیەت دەدرێن لاواز دەبنو بەرەبەرە متمانەیان لەدەست دەدەن، ئیدی ئەو گوتەیە باوی نەما کە پێشەنگێتی بۆ سۆسیالیزم یان یەکگرتن یان گەشەسەندن دابنێ، بەو واتایەی کە زەرورەتی بنیادنانی سۆسیالیزم یان پێداویستییەکانی یەکێتی عەرەبی ئەوە دەخوازێ داواکردنی دیموکراتیەت دوابخرێ، دوای ئەوەی سەلمێنرا کەدواخستنی ئەو داوایەو دانانی لەدواوەی ئەولەوییات هیچ شتێکی لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە کەم نەکردەوە،

بەڵکو دواخستنی هۆیەکی سەرەکی بوو لەم دۆڕان و پاشەکشەیە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە دیموکراتیەت رۆڵی لە شیکردنەوەی ئەو دۆڕانەدا بینی.

بەو پێیەی کە کۆمەڵی مەدەنی ئەو فەزایە دێنێتە ئارا کەتیایدا رۆشنبیری دەتوانێ بەرۆڵ و ئەرکەکانی هەڵبستێ، ئەوا مەرجی تەواوکەری بۆ ئێمە خۆی لەتوانای ئەو رۆشنبیرییەدا دەبینێتەوە لە دیاریکردنی کێشەکانی و تواناکانی بۆ رووبەروو بوونەوەی ئەو مەترسیانەی کە لەکۆتایی سەدەی بیستەم دووچاری عەرەب بوونەتەوە، ئەمەش روون و ئاشکرایە کە بەبێ ئازادی بیرکردنەوەو رادەربڕین و سەروەر بوونی کەشی دیموکراتی رۆشنبیری بەرامبەر بەکەڵەکەبوونی سروشتی خۆی و گەیشتن بەئاسۆکانی داهێنان و دۆزینەوەی چارەسەرەکان دەستەوەستانە، بەو مانایەش بێت ئەوا رۆشنبیری و دیموکراتیەت بەربەستن.. لەو گۆشەنیگایەی کە رۆشنبیری گەڕانی بەردەوامە بەدوای راستی/ راستیەکان و، لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی کەشی لەبار بۆ ئاوێتەبوون لەگەڵ دەوروبەردا، جا ئەو دەوروبەرە سروشتی بێت یان کۆمەڵایەتی.شتێکی ئاشکراشە کە ئەمە پرسی کەتوار(واقیع)و گەیشتن بەشوێنە ون و فەرامۆشکراوەکانی دەگەیەنێ، ئەمەش کارێکە بەبێ ئەو ئازادی و دەستخستنی تێڕوانینی رەخنەییانە نایەتەدی کەهەر هەوڵێکی لێکۆڵینەوەیی پێویستی پێیە، ئەو هەوڵەی مل بۆ وەڵامە ئامادەو مەعریفە باوەکان نادات [١].

کەواتە بەم تێگەیشتنە بێت دیموکراتیەت شتێکی ئامادەکراو نییە تابتوانین بە ئاسانی نموونەی دیموکراتی لیبڕاڵی رۆژئاوایی یان هەر نموونەیەکی تر وەرگرین، وێڕای سود وەرگرتن لێی لە کاتی جیاکردنەوەی تێگەیشتنی هاوبەشی گشتی لەدیموکراتیەتدا لەگەڵ دیموکراتیەتی تایبەتی و ناوخۆییدا. لایەنە گشتییەکەی دیموکراتیەتیش بریتییە لەو سیستەمە سیاسیەی گوزارشت لەبەرگری گەلان دەکات دژی ستەم و چەوساندنەوەو جیاوازی کردن و، زیاتریش هەوڵەکانی ئەو گەلانە بۆ ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی بەرجەستەدەکات. بەم مانایەش بێت لایەنەگشتیەکەی دیموکراتیەت



واتە وەك رەگەزێکی هاوبەش دێتە بەرچاو کە لە رۆشنبیری سەرجەم گەلان بەرێژەو پلەی جیابوونی هەیەو، دیموکراتیەتیش لەناوەرۆکدا جەخت کردنەوەیە لەسەر مافی گەلان لە بڕیاردانی چارەنووس و دروستکردنی ژیان بە پێی تێڕوانینی تایبەتی خۆیان، ئەو کرۆکەی زۆربەی جار لەکاتی باسکردن لەدیموکراتیەتی رۆژئاوا پشت گوێ دەخرێ و لەگرنگی کەم دەکرێتەوە. ئەو دیموکراتیەتەی بەرەنگێك گەیشتۆتە ئێمە کەگوزارشت لەبەرژەوەندی داهێنەر و چاوتێبڕینەکانیان دەکات.[٢]

دیارە ئێمە لێرەدا مەبەستمان نییە لە گرنگی دیموکراتیەت رۆژئاوا کەم بکەینەوە ، بەڤەد ئەوەی گەرەکمانە ئاماژە بۆ رووکاری دووفاقیانەی نوێگەری رۆژئاوابکەین، ئازادی رادەربڕین و بیروباوەرو گەڕانەوە بۆ رای گەل و یەکسانی سیاسی و یاسایی هاووڵاتیان، تا دەگاتە دەستاودەست کردنی دەسەڵات بەپشت بەستن بە هەڵبژاردنی نوێنەر، لایەنی پراکتیکی ئەزموونی نوێگەری رۆژئاوا نیشان دەدەن. ئەویش بە ئەندازەی هەوڵدانی بۆ بوونی بەنموونەیەکی جیهانی کەرێچکەی بگیرێتەبەر جا بە شێوازی راستەوخۆ بێت یان ناراستەوخۆ، هەروەها بە ئەندازەی پێشکەشکردنی ئەزموونەکانی و پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی تری جیهان، ئەو وڵاتانەی بە دەورانی زۆردا تێپەریون کە یەکەمیان داگیرکردنی سەربازی و دواییان هەژموونی سەرتاپای سەروەری و سامانیان بوو، نموونەیەکی نێگەتیڤی وایە کەرەتکردنەوە دەخولقێنێ و روبەرووی جۆرێك لە تێکەڵاوبوون و بەرگری دەبێتەوە لەلایەن باشووری جیهان. بۆ ئەوەی خۆمان لە بەرامبەر کردنی چەمکەکان دوور بگرین وەك ئەوەی هەندێك کەس لە نێوان دیموکراتیەت و شورادا ئەنجامی دە دەن، بەو پێیەی شێوازێکی سیاسی ناسراوە لە مێژووی ئیسلامدا، تا بەهۆیەوە گرێدانی رابردوو بە ئێستا بەرجەستە بکەن.* بۆیە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە دیموکراتیەت لەسەربنەمای دەسەڵاتی هاوپەیمانی دادەمەزرێ و باس لە عەلمانیەت دەکات و لەشان و شکۆی ئەو فرە مینبەریە بەرزدەکاتەوە کەوا لە سەر بنەمای گفتوگۆو لێبوردەیی وەستاوە. بەو مانایەی کە لایەنی چەمك گەرایی یبروباوەڕی دیموکراتی بۆ پێکهاتەیەکی سیاسی

مێژوویی دەگەرێتەوە کە بەرهەمی ئەو پێشقەچوونو ململانێیانەیە کەمرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژووی خۆی بەخۆیەوە بینیوەو، گوزارشتە واقیعیەکانیشی لەگەڵ سەرکەوتنی بۆرژوای ئەوروپی بەهۆی شۆرشە پیشەسازییەکەیو عەقلانیەتو دەسکەوتە مەعریفیەکانی دەستکەوتووە. ئەوەی لەبارەی شوراشەوە باس دەکرێ کە ئەو بنەمایە پێش دیموکراتیەتی رۆژئاوا کەوتووە، یا باشتر بڵێین جەخت کردن لەسەر پێشینەی بوونی ئەو راستیانە لە قورئان، دەرەنجامی ئەو لێکدانەوەیەش بەومانایە دێت کە ئیسلام بۆهەموو کاتوشوێنێ دەگونجێ. ئەمەش رەتکردنەوەی دیموکراتیەتو کارکردن بۆ خۆلێبواردنو فەشەل هێنانی دەگەیەنێ، بەو پێیەی گومڕاییو(بدعە) یەکی رۆژئاواییە.[(٣)] بەم پێودانگە بە ئاسانی دەتوانرێ تێبینی ئەوە بکەین کە بنەماکانی دیموکراتیەت بەبێ دەربازبوونی بیروژیان گرەوی رەهاییو وازهێنان لە هەوڵەکانی بەیەکەوە بەستنەوەی داهاتوو بەرابردوو، وەرگێڕانی بنەماو چەمکە هاوچەرخەکان بۆ زمانێك کە بۆ چوارچێوەیەکی مێژوویی تەواو جیاواز دەگەرێتەوە دەستەبەر ناکرێن.[(٤)] ئەمەش واتای بەردەوام بوون لەسەر پەنابردنە بەرچارەسەری وەهمی دەگەیەنێ بۆ رووبەروو بوونەوەی قەیرانە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگاکەو شۆربوونەوە لە بێ ئاگاییو فەرامۆشکردنی بۆ دەرەنجامو ئاستێك دەست نیشان دەکات کە زمانی گوتارە موژدەبەرییەکان ناتوانن قەیرانوخراپییەکانی بشارنەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە هۆشیاری رەخنەیی مێژوویی گەواهی لەسەر پرسێکی فرە گرنگ دەدات، کە وەکو چۆن ئەو کات شورای ئیسلامی لە پێشی هەموو ئەو شێوازانەی فەرمانڕەوایی بوو کە دژایەتیان دەکرد، بەهەمان شێوە دیموکراتیەت خاوەنداری لەکۆمەڵێك ئامادەکاریو خەسڵەتی سیاسیو مەعریفی دەکات، کەوادەکات دیموکراتیەت لەجیهانی هاوچەرخدا سەرکەوتووترینو باشترین رێگای رێکخستنو بەرێوەبردنی کاروباری دەوڵەتو کۆمەڵگا بێت.



# توانای پیادە کردنی عەلمانیەت لە کۆمەڵی مەدەنی

وا پێدەچی وەڵامدانەوەی بیری هاوچەرخی عەرەبی بۆ قەیرانو کێشەکانی کۆمەڵگای عەرەبی دواکەوتبنو زۆربەیان رووکەش بن. لەبەر ئەوەی هەندێ جار شێوەی ئامۆژگاری وەردەگرێتو، هەندێ جاری تریش بەرگی چارەسەری ئەفسوناویو ئامادە دەکاتەوە بەرو، کەمتر ئەو هەوڵانە دەبینرێن کە مامەڵە لەگەڵ لێکۆڵینەوەو لێوردبوونەوە دەکەن وەك شێوازێك بۆ دۆزینەوەی لایەنی جیاوازی دیاردەکان، بەبێ بنیادنانی هەڵوێستێکی پێشوەختەو سیستەمێك کە پێشتر ئامادەکرابێت، کە لەتێڕوانینی خاوەنەکانیان بۆ سەرجەم کاتوشوێنەکان دەگونجێ.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتیبە لە هەوڵێك بۆ دیاری کردنی خاڵە سەرەکییەکانو رێکخستنی زەرورەتەکان بە شێوەیەك کە شوێنو قەبارەی خۆی وەك یەکێك لەدیارترین وەڵامەکانو زیاترین بابەت کەبۆتە مایەی ئەوەی گفتوگۆو جیاوازی بداتە عەلمانیەتو، وەك بەشێك لەرێڕەوی بنیادنانی کۆمەڵی مەدەنی لە جیهانی عەرەبیدا. هەروەها لەهەمان کاتدا هەوڵ دەدات سیما سەرەکییەکانیو پێداویستییەکانی نیشان بدات. کەواتە بۆمان هەیە بپرسین کە: عەلمانیەت چییەو چۆنو کەی بیری عەرەبی ئەو چەمکەی ناسی؟

<u>یەکەم: لەبارەی چەمكو رێچکەی مێژوویی عەلمانیەت:</u>

باسکردنی بەرفراوانو بڵاوبوونەوەی بەرچاوی عەلمانیەت، هاوکات لەگەڵ مانایەکی شاراوەو ئاڵوز، دەخوازێ بگەرێینەوە بۆ بنچینەی چەمکەکە وەك هەوڵێك بۆ حاڵی بوون لە پێکهینەرەکانیو، ناسینی ئەو قۆناغانەی کە لە رێڕەوی سەرهەڵدانو گەشەسەندنیدا تا ئەو چوارچێوەیەی کە ئەمرۆ بەخۆیەوە بینیووە.

هەر له سەردەمی دەقە فەلسەفییە مەزنەكان كە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەم چەمكی عەلمانیەت بوونی هەبووە، بەڵام لەرووی پێكهاتەی زمانەوانییەوە مێژووی چەمكەكە زۆر لەوە كۆنترە. وشەی( LAICOS ) ی یۆنانی كە بەمانای گەل دێت لە دەرەوەی ئەكلێرۆس ، لە زمانی یۆنانی دوای ئەو سەردەمە(سەدەی سیانزەم) بەمانای ژیانێكی سیستەماتیكی ڕێكخراو بە بنەما لاهوتییەكانی دەگەیاند. بەڵام دەستەواژەی(SECUlARISM) كەوشەیەكی ئینگلیزییەو لەوشەی(SAECULAM)ی لاتینی وەرگیراوە لەرووی زمان وەچەیەكی خەڵك دەگەیەنێ، ئەو چەمكەی دواتر بوو بە ئاماژە بۆ نێو زمانی جیهانی زەمەنی بەمەبەستی جیاكردنەوەی لەجیهانی رۆحی.[(٥)] هەر لەگەڵ هاتنی بۆ نێو زمانی عەرەبی جیاوازییەكی زۆری لەرووی لێكدانەوە لێبەدیكرا، هەندێكیان بۆ زانستی دەگەڕێننەوە، ئەویش بەدانانی ژێر(كسره) لەگەڵ پیتی(ع _ كسر العین)، لەكاتێكدا كۆمەڵێكی تر بە پێچەوانەو بەدانانی سەر(فتحه) لەگەڵ پیتی(ع _ فتح العین) بۆ جیهان دەیگەڕێننەوەو هەریەكەش لەم دوو ئاراستەیە شیكردنەوەو بیانوی خۆی هەیە.* ئێمە لێرەدا بەو جیاوازییە ناوەستین، چونكە گرنگترین شت حاڵی بوونە لەخەسڵەتی هاوبەشی عەلمانیەت لەلایەن ئەم دوو رەوتە. بەو پێییەی لەنێوان گرنگیدان بەكاروباری جیهانیو گرنگیدان بە كاروباری زانستی جیاوازییەكی هێند گەورەی نییە. شتێكی ئاشكراشە كە زانستی نوێ بۆ خۆی پەیوەستە بەجیهانو، لە سروشتی خۆیدا جاڕی نەمری ناداتو، راستییە زانستییەكانیش ڕێژەییوجێی پێداچوونەوە راستكردنەوەن.

دیارە هاتنە ئارای زانستی سەردەم بێ ئەو گۆڕانە كۆمەڵایەتییە مەزنانە ئاسان نەبوو، ئەو گۆڕانانەی كە كاروباری دونیای لەدەست دامەزراوە ئایینیە كلاسیكییەكان دەرهێناو خستیەدەست دەسەڵاتی زەمەنی. ئەمەو لەلایەكی دیكە بۆ چوونێكی تر هەیە كە عەلمانیەتو مانای جیهانی بەیەكەوە دەبەستێتەوە، ئەویش لە ڕێی بەیەكەوە گرێدانی ئەو شتەی لەم جیهانەو لەسەر ئەم زەوییە روودەدات بەرامبەر بەو كاروبارە روحانیەی كە پەیوەستە



بە جیهانەكەی تر. بەم پێیەش هەردوو ماناكە تەواوكەری یەكترن.[(٦)] تەنها لەحاڵەتی تەسك سەیركردنی مانای هەنووكەیی زانستو دانانی وەك بیروباوەڕێك نەبێت، لەو حاڵەتە بیروباوەڕی ئایینی دەگۆڕێ بۆ بیروباوەڕی زانستی بەمانا دۆگماییە تەسكەكەیو ، بەمەش گەڕاندنەوەی فەزای ماناو مەعریفی عەلمانیەت بۆ جیهان باشترو پڕ وردەكاری ترە. لەوەی رابورد بۆمان دەردەكەوێ كە" عەلمانیەت دیاردەیەكی وانیە كە بتوانرێ بەسادەو سانایی وەسفبكرێ، بەڵكو گوڕانكاری مێژوویی_سیاسی_ كۆمەڵایەتی_ رۆشنبیرییەو، لە چوار چێوەیەكی فراوانتر لە دژایەتی نێوان ئایینو دنیا پلە پلە دەكرێ، وەك باویشە كە چەندین رووكار لەخۆی دەگری، یەكەمیان ئەبیستیمی لەرەتكردنەوەو دورخستنەوەی هۆكارەكانی دەرەوەی دیاردە سروشتیو كۆمەڵایەتییەكان(میتافیزیك)و پێداگرتن لەسەر گۆڕانی مێژوویی بەردەوام. رووكارەكەی تریش دامەزراوەییەو خۆی لەوەدا دەبینێتەوە كە وەك دامەزراوەیەكی تایبەت بەكاروباری پەرستنو پێداویستیەكان سەیری دامەزراوەی ئایینی بكرێ. هەروەها رووكارێكی سیاسی كە خۆی لەدابڕینی ئایین لەسیاسیەت (دەوڵەت) دەبینێتەوە. دوا رووكاریش لایەنی بەهاو رەوشتە كە ئەویش رەوشت بە ویژدانومێژوو دەبەستێتەوە.[(٧)]

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە عەلمانیەت چەندین شێوەو ڕێڕەوی هەیە كە پشت بەو بارودۆخە دەبەستێت كە تیایدا سەری هەڵداوە، نەك بەتەنها لەمێژووی ئایدیۆلۆژی، بەڵكو بگرە لە كۆمەڵە راستییەكی مێژوویی پێكدێت. بۆیە عەلمانیەت شتێكە تەواو هاتۆتەدیو مەحاڵی هاتنەدی نییە، بەڵكو ڕێڕەوێكی مێژووییەو توانای ماناو گەشەسەندنی هەیە، لەهەمان كاتدا جێگای تێك شكانو پاشە كشەشە. ئەمەش پەیوەستە بەو هێزانەی كە لەكەتواری كۆمەڵایەتیدا پشتیوانی ، یان دژایەتی دەكەن.

دووەم: عەلمانیەت لە تێروانینی بیری هاوچەرخی عەرەبیدا:

ناسینی بیری عەرەبی بۆ علمانیەت دەگەڕێتەوە بۆ یەكەم بەیەك گەیشتنی لەگەڵ رۆژئاوادا لە كۆتاییەكانی سەدەی هەژدەم، ئەو كاتەی زانستی

ئەوروپی لەدەسپێکی گەشە کردنو بەخششەکانیدا بوو، توانی سەرنجی بیرەکان رابکێشێتوەهەندێك هیوا بنیاد بنێت کە گەیاندییە دەرەنجامێکی پوخت. لەم بوارەشدا کۆمەڵێ بیرمەندی عەرەب گوزارشتیان لەو سەرسوڕمان وسەرنج راکێشانە کردووەو، تێڕوانینی خۆیان لەمەڕ عەلمانیەت بەرچاو خستووەو، جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە بەبێ بیناکردنی نموونەی رۆژئاوایی بەسەرجەم رەگەزەکانییەوە رزگاربوون لە دواکەوتوویی سەدەکانی ناوەڕاست ئەستەمە.[٨] ئەو عەلمانیەتەش سێ خەسڵەتی سەرەکی هەیە: -

١- پۆزەتیڤی: بەومانایەی کە هەوڵی هێنانەدی ئامانجێکی شارستانی دەدا، کەئەویش بونیادنانی کۆمەڵگایە لەسەر نموونەی ئەورپی.

٢_ پرۆژەیەکی هەمەلایەنەو نوێکردنەوەی سەرجەم لایەنەکانی ژیانی عەرەبی لەسەر شێوەی ئەوروپی کردۆتە ئامانج(محەمەد عەلیو ئیسماعیلی کوڕی)

٣_ ئاراستەیەکی دژە ئەوروپی بوو، ئالێرەدا جیاوازییەکە دەردەکەوێ، بەو پێودانگەی کە شوێن پێهەلگرتنی ئەوروپا مەبەست خۆڕزگارکردنە لەدەستی، بەومانایەی بەبێ پێشکەوتنێکی لەو چەشنە ناکرێ رووبەرووی ئەو پێشکەوتنە زانستیو تەکنەلۆژییەی لەرۆژئاوا هەیە ببینەوە، دوای تێپەڕبوونی کۆمەڵگای عەرەبی بە جۆرەها ئەزموون لە کاتی سەربەخۆییدا، بەتەنها رزگاربوون لەکۆلۆنیالێزم ئامانج نەبوو، بەڵکو کێشەکانی یەکگرتنو گەشەپێدانو یەکسانی خزاندییە ناو ململانێی چەندین ئاراستە، (لیبڕالی، نەتەوەیی، مارکسی، ئاینی). بەم جۆرە عەلمانیەت بووە خاوەنی خەسڵەتی نوێ کە دیارترینیان بریتی بوون لە:

ئامرازێکی بەرگری کردنەو خودانی پڕۆژەی تایبەت نییە، هێندەی گوزارشت لە رەتکردنەوەی تێڕوانینی سەلەفی ئاینی دەکات، ئەو تێڕوانینەی کە بەبۆچوونی عەلمانییەکان ناگاتە چارەسەری کێشە راستەقینەکانی کۆمەڵگا. بەم چەشنە یەکێك لەداواکانی عەلمانیەت دەستەبەر کردنی ئەو



مەرجە دروستانەن کە لە بۆتەیدا هەر گفتوگۆیەك یان ململانێیەکی کۆمەڵایەتی بخولێتەوە، یان باشتر بڵێین ململانێیەك بێت لەسەر زەمینەی مرۆیی کەتیایدا مرۆڤ بتوانێ بەبێ قۆرخکردنو گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ئاسمانییەکان، ئەو سەرچاوانەی لە بنەڕەتدا مەرجەکانی ململانێ رەتدەکەنەوە.[٩] ئەڵتەرناتیڤە هەمە جۆرەکان هەڵبژێرێ. ئەم داوایەش خۆی لە دروشمی( ئایین بۆ خواو نیشتیمان بۆ هەمووان) بینیەوە، ئەو دروشمەی هەڵوێستێکی سیاسی لە پێداویستییەکانی دەوڵەتی نوێو هاوچەرخ سەرچاوە دەگرێ پێکدێنێو، جاری مەدەنی بوونی خۆی دەدات، مەدەنیەتیش لێرەدا گوزارشتەو بەرجەستەکردنی عەلمانیەتە.[١٠] هەر ئەو داوایەش بوو دەرگای لەسەر ئەو رەخنانە کردەوە کە ئاراستەی عەلمانیەت کران. بەڵام پێش شرۆڤە کردنی رەخنە پڕو پاگەندەییەکان کە وێرایی سنوورە نزمەکانی جۆرێك لەخەسڵەتی زانستی لەخۆ دەگرن، هەڵوێستەکانی بیری عەرەبی هاوچەرخ بەرامبەر کێشەی عەلمانیەت دەخەینەروو، ئەویش لەرێی سێ نموونە، کە ئەمانەن(حەسەن حەنەفی ، محەمەد عابد جابری، فوئاد زەکەریا).. بابزانین هەریەکە لەمانە چۆن دەروانێتە پرسی پەیوەندی نێوان دەوڵەتوکۆمەڵگا؟

١- ماوەیەکە ( حەسەن حەنەفی) هەوڵی بەرەوپێش بردنی هەڵوێستێکی ئیسلامی چەپڕەو دەداتو، لەو نێوەشدا (لاهوتی رزگاری) ئەمریکای لاتینیمان بیردەخاتەوە. بەڵام ئەو نموونەیەی کە(حەنەفی) پێشکەشی دەکات خێرا بەرەو( پڕۆژیەکی نەتەوەیی شارستانی) دەگۆڕێ کە هاتنەدی پەیوەستە بەپرسی کۆنترۆڵ کردنی خوێندنەوەمان بۆ کەلەپوری خۆمانو هی خەڵکیتر، کە لەگەڵ راژەی کێشە نەتەوەییو کۆمەڵایەتییەکانی هەنووکەمان بگونجێ.[١١]

لە دایەلۆگی رۆژهەڵاتو رۆژئاوادا لەنێوان ئەوو (جابری)دا، کە لەسەر لاپەڕەکانی(رۆژی حەوتەم) بڵاوببووەوە (حەنفی) روونترین هەڵوێستەکانیمان پێشکەش دەکات کە پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان عەلمانیەتو ئیسلام. دوای بەرچاو خستنێکی مێژوویی بۆ عەلمانیەت وەك ئەوەی لە رۆژئاوای ئەوروپی

رووپدا (ئەم بابەتەش لەو روانگەیەی کەمێژووییەکی رووتی ئەوروپایەوجێی باسی ئێمە نییە).[١٢] (حەنەفی) هەڵدەستێ بە رەخنەگرتن لە تێڕوانینی یەکلایەنە بۆ مێژوو بەرەوپێش چوون، بێ ئەوەی خاسیەتی گەلان‌وئەو قۆناغە مێژووییەجیاوازانەی کە پیایدا تێپەڕ بوون لەبەرچاو بگرێ.ئەمەش بۆ ئەوەی بەکورتی بلێ (تەنها جۆرێکی پێشڤەچوون نییەو دواتریش دەستە وەستانین کە رێگایەکی نوێی پێشڤەچوون لە کەتوار وتوانای بیروئەزموونی گەلان هەڵێنجرابێت دابهێنن).[١٣] لەهەنگاوی دووەمدا (حەنەفی) پێی وایە( ئیسلام پێویستی بە عەلمانیەتی رۆژئاوا نییە)و، وای دەبینێ کە هەڵەی گواستنەوەی عەلمانیەتی رۆژئاوا پەرچەکردارێکی دووەمی هەڵەی هێنا ئارا کە ئەویش بەرزکردنەوەی دروشمی (حاکمیەتە)و، کۆی هەردوو هەڵەش راست نابێت).[١٤] دواتر دێتەسەر ئەوپرسیارە: چۆن ئامانجەکانی لایەنی عەلمانی وئەوەی کۆمەڵگای ئێمە لە ئازادی‌وپێشکەوتن دەیخوازێ دێتە دی، لەهەمان کاتدا چۆن دەتوانین داواکارییەکانی لایەنی دووەم بێنینەدی ، کە ئەویش پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامە، بە رێگە گرتن لەو دوو فاقیەتەی نێوان ئایین‌ودونیا، زانست‌وباوەڕ، شەریعەو (عەقیدە)؟لەوەڵامیدا بۆ پرسیاری پێشوو(حەنەفی) بەکارێکی ئاسانی دەزانێ‌و، دەڵێ شەریعەتی ئیسلامی شەریعەتێکی دانراوەولەسەر بنەمای فەراهەم کردنی بەرژەوەندی گشتی وەستاوە، کە ئەویش ئامانجەکانی شەریعەتن(پێداویستیەکان‌و چاککردن..) پێداویستیەکانیش پێنج شتن:(ئایین، ژیان،عەقڵ، ناموس، سامان)کە بە کۆڵەگەی ژیان دادەنرێن. هەر ئەم پێداویستییانەشن کە عەلمانییەکان دەیانەوێ جێ بەجێیان بکەن، بەڵام لە شارستانییەتی رۆژئاوای وەردەگرن، نەك لە شەریعەتی ئیسلامی. دواجار (حەنفی) پێی وایە ئەو بنەما گشتییانەی لە شەریعەت‌وئەو فیقهەی‌کە لەگەڵ گۆڕانی پێویستی‌و بەرژەوەندییەکان دەگۆڕێ زامنی چارەسەرکردنی کێشەکەن. بەڵام بەرتەسك کردنەوەی شەریعەت لەسەر خەڵك و، ئەوەی کە علمانیەکانی پێ تەنگەتاو دەکرێ هەر ئەوەیە دەرەنجام وادەکات



کەتێگەیشتنێکی هەڵەیان لەبەرامبەر گیانی شەریعەت لادروست ببێ. لێرەوە وای دادەنێ:" کە دواکەوتنمان لە خەڵکانی تر وای کردووە ئیسلام بەرەو" کەهەنۆت‌و دەسەڵاتی ئایینی‌و وەرزی دروشم‌و کەشی سزاو سنور بگۆڕێ ".[١٥] بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئەنجامەی کە بلێ ( ئیسلام لە ناوەڕۆکدا ئایینێکی عەلمانییەو پێویستی بە عەلمانییەت نییە کە لە کەلەپور وشارستانیەتی رۆژئاوا وەرگیرابێت).[١٦]

لەبەر رۆشنایی گفتوگۆو شیکردنەوەی ئەو بیرۆکانەی پێشوو، بە پێویستی دەزانین لەوە دەست پێبکەین کە (حەنەفی) کۆتایی پێهێنا. واتە لەقسەکەی کە دەڵێ(ئیسلام لە ناوەڕۆکدا ئایینێکی عەلمانییە). باڵە سەرەتادا بپرسین ئایا ئایینی عەلمانی‌و ناعەلمانی هەیە، ئەگەر هەیە ئەو بنەماو پێودانگانە چین کەدەتوانرێ پشتیان پێ ببەسترێ بۆ گەیشتن بە دەرەنجامێکی وا، ئەگەر وابێت ئیسلام بەچی لەمەسیحیەت‌و بودی جیادەکرێتەوە؟ بڕوامان وایە کێشەکە لێرەدا تێکەڵ کردنێکی ئاگایانەی ئایین‌و عەلمانیەتە. ئایین وەك بڕواو باوەڕێك بۆ رێکخستنی پەیوەندی نێوان خاوەن باوەڕو خودای خۆی شتێکەو، عەلمانیەتیش وەك وەڵام دانەوەیەك بۆ کێشەیەکی مێژوویی کەدەرەنجامی بەیەکەوە گرێدانی دەسەڵاتی روحی‌و زەمەنییە شتێکی ترەو تەواو پێچەوانەیە. دیارە ئایینیش پرسێکە گفتوگۆ هەڵناگرێ، هەتاوەکو_ماکس فیبەر_ لە لێکۆڵینەوەی خۆی دەربارەی سۆسیۆلۆژیای ئایین بەم وتەیە دەست پێدەکات: (ئێمە لێرەدا بەشێوەیەکی رەها هیچ کارێکمان بە ئایین نییە، بەڵکو مەرجوکاریگەری کارێکی بەکۆمەڵ لەجۆرێکی دیاریکراو بۆ ئێمە گرنگە).[١٧] بەو مانایە بێت ئەو کێشەیە کەپەیوەستە بە لکاندنی سیفەتی عەلمانیەت بەم ئایینەو ئەوێتر چارەسەر ناکرێت، بەڵکو هەنگاوێك تەکاندان بەچارەسەر لەچوارچێوەی پەیوەندی نێوان ئیسلام‌و عەلمانیەت، بەپراکتیکی بەجۆرێك دەکرێ کەتوانای ئیسلام لەوەدا نیشان بدرێ کەتوانای هەیە تێکەڵی زەمەنی هاوچەرخ بێت‌و لەگەڵی بڕوا. ئەویش لە رێگەی کردنەوەی دەرگای (ئیجتهاد)و دەستخستنی

چارەسەری گونجاو، واتە ئەوەی گرنگە وا سەیری بەرژەوەندییەکان بکرێ کە یاسای کاتین‌وپەیوەستن بە ژیانی خەڵك ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە گۆڕاوو کاتین‌و توانای دەرباز بوونیان هەیە.لەسەر ئاستێکیدا دەپرسین: ئایا رەچاو کردنی تایبەتمەندی پێویستی بەوە هەیەسود لە ئەزموونی خەڵکی تر وەرنەگرین؟ ،( ئەو بابەتەش _ عەلمانیەت_ لەبەر ئەوەی مێژوویەکی رووتی ئەوروپایە کاری ئێمە نییە). ئەو رایە چۆن لەگەڵ قسەی نووسەر یەك دەگرێتەوە کە دەڵێ:( پاشان ئێمە لە داهێنانی رێگەیەکی نوێ بۆ پێشقەچوون لەکەتوارو توانای بیر وئەزموونی گەلان دەستە وەستان بووین)؟*

ئەگەر پیادەکردنی ئەزموونی ئەوروپا لە عەلمانیەت رەتبکرێتەوە، لێرەدا لەگەڵ (حەنەفی) کۆکین، نەك بەتەنها لەبەر رەتکردنەوەی لاسایی کردنەوەی ئەویتر ، بەڵکو لەبەر جیاوازی کات‌و کۆمەڵگاکان‌و ئەو بارودۆخەی کە هەریەکە لە کۆمەڵگاکانی ئێمەو ئەوروپی بۆ عەلمانیەت پێویستی پێیەتی. هەر ئەمەشە لەگەڵ رەخنە لێگرتنی نووسەر لە تێڕوانینی تاك لایەنی بۆ دیرۆك‌وپێشقە چوون بێ لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندی گەلان دەگونجێ. بەڵام ئەو پرسیارەی لای (حەنەفی) وونە ئەوەیە: ئایا دەکرێ کۆمەڵگا هاوچەرخەکان لە سەر بنەمای ئایینی رێکبخرێن‌و فەرمانڕەواییان بکرێ؟ پاشان ئەو دەرەنجامانە چین کە لە جۆرە رێکخستنێکی وادا دەکەونەوە؟

دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە لەو نموونەیەی کە (حەنەفی) نوێنەرایەتی دەکات نییە،بۆیە پێویست دەکات لە نموونەیەکی تری بیری عەرەبی هاوچەرخ لەم پرسیارە بکۆڵینەوە کە پێی وایە عەلمانیەت بنچینەیەکی گرنگە بۆ رێکخستن‌وبەرێوەبردنی دەوڵەت‌وکۆمەڵگا.

بەشداری کردنی(فوئاد زەکەریا) لەبابەتی عەلمانیەت، بەیەکێك لەبەشداریکردنە فەلسەفییە گرنگ‌وجددییەکان دادەنرێت، بەتایبەت لەلێکۆڵینەوەکەی بەناوی (عەلمانیەت زەرورەتێکی شارستانییە) کە تیایدا بەشێوەیەکی وردو هەمەلایەن گفتوگۆ لەسەر گرنگترین ئەو گیروگازوکێشانە دەکات کە چەمکی عەلمانیەت لەچوارچێوە ئەوروپییەکەی‌و لەبواری



باسەکانی عەرەب دەیانوروژێنێت. سەرەڕای لایەنی گشتگیری‌و پشکنینی رەخنەیی بۆ کێشەی علمانیەت.. ئەوەی کە زیاتریش گرنگی ئەو بەشداریکردنە دەردەخات، ئامادەبوونیەتی وەکو بەشێك لەو رەوتە فراوانەی لە نێوەندی رۆشنبیری عەرەبی هاوچەرخدا هەیە. بەم پێیەش وێرای هەندێ جیاوازی لە تێڕوانین‌و میتۆدو دەرەنجامە کورتکراوەکانی ئەو لێکۆڵینەوانە دەشێ ئەو لێکۆڵینەوەیەی(فوئاد) نموونەیەکی بەرچاوبێت کە لەهێڵە بەرفراوانەکانی لەگەڵ زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە باس لەم کێشەیە دەکەن رێك بکەوێت، وەکو لێکۆڵینەوەکانی( محمد ارکون، صادق جلال العظم، عزیز العظمة، طیب تیزيني، جورج طرابیشی، عادل ظاهر، سعید بن سعید العلوي، ناصیف نصار، کمال عبدالطیف، هاشم صالح) ئەوانی تر.

هەروەها نمونەکەی (فوئاد) گوزارشت لەو رەوتە دەکات کە وای دەبینێ عەلمانیەت کێشەیەکی گرنگەوچارەسەری زۆربەی ئەو کێشانەی کە پابەندن بەعەقڵانیەت‌و رۆشنگەری‌و ئاراستەی دیموکراتی پەیوەستن بەچارەسەری علمانیەت‌و چۆنیەتی مامەڵەکردن لە گەڵیدا. هەمدیس وادەڕوانێتە ئەو کێشانە کە دەروازەی پراکتیکی بن بۆ چوونە نێو رەوڕەوەی سەردەم‌و مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە کۆمەلایەتی‌و سیاسی‌و رۆشنبیرییەکان، بە مەبەستی بەشداریکردنێکی کاراو بەرهەمهێن لەپێناو بنیادنانی ئێستاو داهاتووی کۆمەڵگا.

(فوئاد) پێی وایە (علمانیەت زەرورەتێکی عەقڵییەو تایبەت نییە بەکۆمەڵگایەکی دیاریکراوو پەیوەست نییە بەسەردەمێکی دیاریکراو لەسەردەمەکانی مێژوو)، هەروەها دەڵێ( ئەزموونی مێژوویی سەلماندیکە لەسایەی دەسەڵاتی علمانیەت زیاتر لەهەر کۆمەڵگایەك کەکاروبارە سیاسیەکانی لەسەر بنەمای ئایینی بەرێوەدەچێت سنوری ئازادییەکان بەرفراوانتر دەبێت).[١٨] دواتر عەلمانیەت شوێنی شیاو دەبەخشێتە مرۆڤ، بەڵام (نابێتە بەرپرسی مرۆڤونالێ هەڵە ناکات).[١٩] لەلایەکی‌تر(فوئاد) وایدەبینێ (ئەگەر پشت بە عەلمانیەت نەبەستێ، ئەوا هەڵسوکەوتی سیاسی

نێوان کۆمەڵگا جیاجیاکانی مرۆڤایەتی ئەرکێکی ئەوپەڕی قورس‌وئەستەم دەبێت). بەم شێوەیە( وا دەردەکەوێت کەعەلمانیەت مەرجێکی زەرورییە لەمەرجەکانی هەڵسوکەوت‌و مامەڵەی نێوان دەوڵەت‌و کۆمەڵگا نوێیەکان).[٢٠]

لەهەمووپشان گرنگتر لای(فوئاد) دابینکردنی ئەو مەرجە دروستانەن کە لەچوارچێوەیدا هەر گفتوگۆیەك یا ململانێیەکی کۆمەڵایەتی دەخولێتەوە.. بەجۆرێك ئەو ململانێیانە ناوەڕۆکی کردارەکی خۆیان لەروانگەی مەرجەعییەت‌و ئەو بنەما هاوبەشانەی کە عەلمانیەت بۆ هەر لایەنێکی ململانێکە زامنی دەکات ئاشکرا بکەن، بە شێوەیەك هەر رووێك لەرووەکانی ناسنامەی خۆی رابگەیەنێ،

بۆ نموونە ململانێی رۆشنبیری بەروکاری ململانێی ئایینی دەرنەکەوێ‌و،ململانێ لەسەر بەرژەوەندییەکان لە ژێر پەردەی ئینتیمای هەرێمچییێتی یان رەگەزی نەشاردرێتەوە. بەمانایەکی تر ململانێیەك بێت بتوانێ لە سەر زەوی مرۆڤایەتی ئەڵتەرناتیڤە جۆراو جۆرەکان هەڵبژێرێ بەبێ ( قۆرخکردن یا گەڕانەوە بۆ مەرجەعیەتێکی ئاسمانی کەلە بنەڕەتدا مەرجەکانی ململانێ رەتبکاتەوە).[٢١]

ئەوانە گرنگترین ئەو بیرو بۆچوون‌و تێزانەن کە( فوئاد) لەگفتوگۆکەی لە مەڕ کێشەی عەلمانیەت ئاماژەیان پێدەکات و،وەڵامەکانیشی بۆ ئەوانەشی تێدایە کە رەخنە لە عەلمانیەت دەگرن.. ئەو وەڵامانەی لەو لێکۆڵینەوەماندا زۆرترین سودمان لێوەرگرتن. بەڵام وێرای تێگەیشتنیشمان بۆ ئەو کێشانەی کە ئەو نمونەیەی (فوئاد) دەیان وروژێنێ، لە هەمان کاتدا رێگەی ئەوەمان لێناگرن کە خۆمان لە هەندێ خاڵ‌و بیرو بۆچوونەکانی دووره پەرێز بگرین. چونکە هەوڵی ئێمە لە روانگەیەکی رەخنەیی بۆ گەڕاندنەوەی تێگەیشتن‌و بیناکردنەوەی پەیوەندی نێوان ئایین‌و سیاسیەت، بەتەنها کێشەکە لە بەسیاسەتکردنی ئایین ناگەیەنێ وەك ئەوەی (فوئاد) دەیبینێ‌و لەو بۆ چوونەشیدا کۆمەڵێك بیرمەندی عەرەبی خودان ئاراستەی عەلمانی هاوبەشی دەکەن.. بەڵکو کێشە راستەقینە کەلە دوو حاڵەتدا



دەردەکەوێ، یەکێکیان دان پیانەنانی بوونی هیچ پەیوەندییەك لەنێوان ئایین‌و سیاسیەت وەك دوو بواری پیادەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی، بەئامانجی دوور خستنەوەی ئایین لە سیاسەت ، ئەو دوورخستنەوە گریمانەیییەی لەسەر ئاستی ئێستای پەیوەندی نێوان ئەو دوبوارە تێکچڕژاوو ئاڵۆزەو، لەسەر ئاستی شارەزایی مێژوویی گەلان لە جیهانی عەرەبی یا لە رۆژئاوای ئەوروپی بێت. بەدرێژایی مێژوو ئێستاشی لەگەڵ دابێ دەبینین هەندێ پارتی ئایینی رۆڵی سیاسی‌و پارتی سیاسیان بینیوە، بۆ نموونە( پارتە دیموکراتیە مەسیحییەکان، پارتەکانی نەتەوەو وەفد وئیخوان موسلیمین‌و بەرەی فریاکەوتن‌و چەندانی‌تر لەجیهانی عەرەبی وئیسلامی ) سودێکی زۆریان لە باکگراوندی کەلەپورو رۆشنبیری ئایین وەرگرتووە جا مەسیحی بێت یان ئیسلام.. کەواتە کێشەکە بەتەنها لە(بەسیاسەتکردنی ئایین‌وبەئایین کردنی سیاسەت) نییە.. بەڵکو کێشەی گرنگ لە وانەیە کەپشت بە ئایین دەبەستن‌و بەناوی ئایینەوە قسە دەکەن‌ودان بە سیاسەت دانانێن.. لە کاتێکدا کە کارو مامەڵە کردنیان دەکەوێتە خزمەتی ئەو لایەنەسیاسییە.. جیاوازییەکەش لێرەدا لە لایەك دەگەڕێتەوە بۆ ملکەچ کردن بۆ مەرجەعیەتێکی خوایی‌و، پێویستی مامەڵە کردنی لەگەڵ مەرجەعیەتە جیاوازەکانی دی لەلایەکەتر ... ئەو جیاوازییەی ئاستەمە بەبێ باوەڕبوون‌و دانپیانان بە پلورالیزمی لەسەر بنەمای ئینتیمای هاوبەشی گشتی کۆمەڵ بۆ کۆمەڵگا بێتەدی.

حاڵەتی دووەم ئامادەنەبوون‌و رەتکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان ئایین‌و سیاسیەتە کە لەم رێگەیەشەوە تێگەیشتنی (ئیسلام بۆ هەموو کات‌وشوێنێ دەگونجێ) لە دایك دەبێت‌و، واسەیری (ئیسلام) دەکری کە (عەقیدە)یەکی ئایینی‌و دونیاییە.. ئەمەش بە رۆڵی خۆی تێزی (حاکمیەت تەنها بۆ خوایە) شیدەکاتەوە، وەك ئەوەی لە پەرتوکەکانی ( المودودی)و (سید قطب)ء کۆمەڵێ لە نوێنەرانی سەلەفیەتی هاوچەرخ دەردەکەوێ. ئەوفیکرەیەی کە وێرای ئەوەی مەحاڵە جێبەجی بکرێ، چونکە شەرعی خوایی بەهۆی مرۆڤەوە نەبێ پیادەناکرێ، ئەوەیش نیشان دەدات کەدەبێ

مرۆڤ بڕوای بەخۆی لە دەست بداتو، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەمرۆڤ ناتوانێ کاروبارەکانی خۆی بەڕێوە ببات.. لێرەوە مەترسی گۆڕانی حاکمیەتی خوا بۆ حاکمیەتی مرۆڤ خۆی حەشارداوە کە بەناوی پیرۆزیو سەرچاوەی ئاسمانی سیفەتێك دەداتە پاڵ خۆی کە ئاستەم دەبێ رەخنەی لێبگری یان لێی دەربچی، ئەمەش دەبێتە هۆی قۆرخکردنو کۆنترۆڵ کردنی مرۆڤ بە جۆرێکی تایبەت لە دەسەڵات، بەمەش رێگە لە گۆڕینو دەربازکردنی رەوشی باو دەگرێ.[٢٢]

ئەگەر لەسەر ئەوە کۆك بین کە عەلمانیەت هەڵوێستێکە پەیوەستە بە مەرجەکانی مەعریفەو پرۆسەی ژیانی مرۆڤایەتی، لەرێگەیجەخت کردنەوەی لە سەر سەربەخۆیی عەقڵ وتوانا شکانی بەسەر مامەڵە کردن لەگەڵ سەرجەم بوارەکانی ژیان، لە پێناو پاراستنی سەربەخۆیی ژیانی شارستانی لەهەر دەسەڵاتێکی مەعریفی خودان مەرجەعیەتێکی سەرەوەی مرۆڤایەتی، ئەوا بەم کارەمان کەسمان نەخستۆتە دەرەوەی ژیانی شارستانی، تەنها ئەوانەی دژی بنەماکانی بەیەکەوە ژیانن لە ناو کۆمەڵدا .. ئەو بەیەکەوە ژیانەی پێویستی جۆراوجۆریو رەنگاورەنگی ودان پیانانی بەرامبەر فەرز دەکات، تاوەکو ئەندامێکی ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییە بێتو بکەوێتە ژێر یاساکانیو چێژ لەمافەکانی وەربگری.. واتە مەشروعیەتی کۆمۆڵا یەتی هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە وێرای جیاوازی تێڕوانینو ئایدیۆلۆژیاو ئینتیمای سیاسیو ئایینیو مەزهەبی بە کۆمەڵگاوە پابەندن، ئەمەو لە کاتێکدا متمانەی مەعریفی ئەوانە جیاواز ومەرجدارە بە مەعریفەکانی سەردەمو ئەو ئاسۆیانەی دایدەرێژێ بۆ ئاوە لاّبوونی رێچکەکان لە نێوان ئێستاو هاتوودا.

٣- رەنگە جێی سوود بێتو، بەرلەوەی بچینە نێو جیهانی ئەو گوتارەی کە بیرمەندی مەغریبی(جابری) لە بارەی کێشەی عەلمانیەتەوە پێشکەشی دەکات، لەسەر رووکاری گیروگازی گوتارەکە خۆیدا بوەستین، کەئەمەش توانای مامەڵەکردن لەگەڵ گوتارەکە بەشێوەیەکی رەخنەیی



بەرهەمهێن ئاسانتر دەکات. رووکاری گیروگازی گوتارەکەش بەدوو مانا دەردەکەوێت: گوتارەکە لەوروژاندنی کێشەو قەبارەی پەرچە کردارەکانو ئەو دەرەنجامانەی پوختیان دەکاتەوەو، لەو گفتوگۆو توانجو لێکۆلینەوانەی کە لەسەرجەم نێوەندە فیکرییو رۆشنبیریەکانی سەر گۆڕەپانی عەرەبی هانیان دەدات .. هەروەها لە رووی پێکهاتی ناوەکیو بونیادی ناکۆکی خۆی گوتارێکی گیروگازە، بەو مانایەی کەلە کاتی خوێندنەوەمان بۆ ئەم گوتارە چەندین هەڵوێستو تێروانینی فیکریی تێکەڵاوو، بگرە هەندێ جار دژ بەیەکیش دەدۆزینەوە، ئەمەش لەسەر ئاستی جیاوازی کردن لەنێوان نووسینەکانی پێشووی نووسەرو ئەو نووسینانەی ئێستایو، لە چوارچێوەی هەمان کێشەدا کە ئەویش کێشەی عەلمانیەتە.

دەکرێ لە روانگەی جیاوازی بۆ چوونەکان وگەشەکردنی فیکری نووسەر ئاماژە بە لێکدانەوە جیاوازودژەکان بکەین، کە ئەمەش دەچێتە خانەی ئازادی نووسەر لە گوزارشت کردن لە خودی خۆی ، بە چاوپۆشین لە هەڵوێستە چاك یاخود تێکەڵەکان کە بەهۆیانەوە رووبەرووی کێشەکان دەبێتەوە، لەهەمان کاتیشدا مافی خۆمانە لە مانای ئەو روونکردنەوانەی بکۆڵینەوەو، ئەو رەخنانەش بخوێنینەوە کە لەوانەیە بیانشارێتەوە، یاخود ئاماژەیان بۆ بکات.

لە نووسراوەکەی خۆیدا بەناوی( گوتاری عەرەبی هاوچەرخ)، جابری رەخنەیەکی راشکاو بۆ هەڵوێستی سەلەفی بەرامبەر کێشەی عەلمانیەت دەنووسیو دەڵێ:( ئیسلام ئایینودەوڵەتە)و( رژێمی ئیسلامی ئەوەیە کەیاساکەی شەرعی ئیسلام بێت)..( ئەوەیە ئەو دەرەنجامە لاوازەی کەسەلەفییە ئەکادیمییە هاوچەرخەکان بەپێکهاتە جیاوازەکانی لەخوێندنەوەی بۆ (مێژووی) ئیسلامو، تەنانەت لە لێکدانەوەی بۆ(شەرع)ی ئیسلامی کە پێی گەیشتوون.. نەك تەنها ئەمە، بەڵکو لە هەردووکیان: سەلەفیەت مێژوو لەشەرعداو شەرع لەمێژوودا دەخوێنێتەوە، تەواو وەکو

چۆن دەوڵەت لە ئایینو ئایین لە دەوڵەتدا دەخوێنێتەوە، لە راستیشدا هەر ئەوەیە کە ناسنامەکەی واتە سەلەفیەت_وەرگێر_دیاری دەکات)).[٢٣]

دوای ئەو هەڵوێستە روونو راشکاوە، جابری لە گفتوگۆکەی لەگەڵ حەسەن حەنەفی لەسەر لاپەرەکانی (رۆژی حەوتەم) لەدژی وتەکەی پێشوتر دەگەرێتەوەو دەڵێ: " وای دەبینم کە ئیسلام ئایینو دەوڵەتە"[٢٤]. ئەمە ئەو وتەیەیە کە ئێمە بە دووردرێژی گفتوگۆی لەسەر دەکەین لە کاتی باسکردنی ئەو رەخنانەی ئاراستەی عەلمانیەت کراون.

لە شوێنێکی تردا جابری پێشناری ئەوە دەکات کە(عەلمانیەت) بۆ (دیموکراسیەتو عەقلانیەت) بگۆردرێ؛ بەرای ئەو هۆی ئەو گۆرینەیش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە"عەلمانیەت چەمکێکی ئالۆزوتێکەڵە_ ملتبس)و،دواتر زیاتر ئەوە روون دەکاتەوە کە( پرسی عەلمانیەت لەجیهانی عەرەبیدا پرسێکی شێواوە، بەو مانایەی کە عەلمانیەت گوزارشت کردنە لە کۆمەڵێك پێداویستی بەناوەرۆکێك کە لەگەڵ پێداویستییەکانی عەرەب کۆك نیە؛ پێویستی بۆ دیموکراتیەت کەرێزی مافی مرۆڤ دەگرێتو، پێویستی بۆ پیادەکردنی عەقلانیەت لەسیاسەتدا لەنێو کۆمەڵگاکەمان پێویستی بابەتینو، داواکاری رەواوزەرورین،بەڵام لەکاتێکدا بەدروشمێکی تێکەڵی وەك عەلمانیەت گوزارشتی لێ دەکرێت، رەواییو زەرورەتو شەرعیەتی خۆی لەدەست دەدات) [٢٥].

لە گەرانەوەیەکی تر بۆ بابەتەکەو لە چوار چێوەی پێداچوونەوەی فیکری نەتەوەیی عەرەبی،جابری ئەو پەیوەندییە رون دەکاتەوە کە لە نێوان بیرۆکەی عەلمانیەتونەتەوایەتی لە چوارچێوەی دروستکردنی دەوڵەتێکی نیشتیمانی سەربەخۆ کە لە ئەوروپادا هەیە، لە کاتێکدا پێویست بوو لە کڵێسا جیا بێت کە دەسەڵاتی ململانێی دەوڵەتی پیادە دەکرد[٢٦] بەم پێودانگە دوورخستنەوەی کڵێسا لەبواری سیاسەت مەرجێك بوو بۆ دەستەبەر کردنی دەوڵەتی نەتەوەییو، ئایین وەکو پەیوەندییەکی نێوان مرۆڤوخوا مایەوە. " ئەمەش بنەمای عەلمانیەتوبنەمای گرێدراوی نەتەوایەتیو عەلمانیەتە لەئەوروپا"[٢٧]. دوای ئەمەو کاتێك بیری نەتەوەیی عەرەبی عەلمانیەتی بۆ



گۆرەپانی عەرەبی گواستەوە لە یادی چوو کە عەلمانیەتی گواستراوە لەویژدانی عەرەبدا رەتکردنەوەی ئایین دەگەیەنێو، پەرچەکردارەکانیش بەهێزتر دەبن، چونکە کەس واز لە ئایینی خۆی ناهێنێ. " بەڵام دامەزراوە ئایینیەکان شتێکی ترن کە دەتوانیین بیگۆرین، یان بەدوایی وازیان لێ بهێنین"[٢٨]. بەبەراورد لەگەڵ بیرو بۆچوونە ئاشکراکانی پێشووی جابری دەربارەی کێشەی عەلمانیەت، لەم هەڵوێستەی دوایی گۆرانێکی سەرنج راکێش دەبینین.

لە هەوڵێکدا بۆ شیکردنەوەی هەڵوێستە نوێیەکەی، جابری دەڵێت:
(من دژی لایەنی دیموکراتیوعەقلانی عەلمانیەت نیم، بەڵام ئەگەر قەناعەتمان بە زەرورەتی جیاکردنەوەی ئایینو سیاسەت هەیە، دەمەوێ لە ناوخودی کلتوری خۆمان بیر بکەینەوەو.. پێویستە سەربەخۆیی ئایین بونیاد بنێینولە سیاسەتدا ئایین نەقۆزینەوەو، چۆنیش دەمانەوێ باناو لەم پرۆسەیە بنێین)[٢٩].

ئەوەی راستی بێت ئێستا لەبەردەم گۆرانێکی جەوهەری داین لەتێروانینی جابری بۆ پرسی عەلمانیەت، جیاکردنەوەی ئایین لەو دامەزراوە ئایینیانەی کە مایەیگۆرانن هەنگاوێکی پێشکەوتووە لەبواری بونیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی کە لەسەر بنەمای هۆشیاریو زەرورەتی نەقۆزتنەوەی ئایین لەسیاسەتدا دایبمەزرێنین. هەروەها لەهەنگاوێکی تەواو کەردا وەرچەرخانێك لەتێروانینی جابری بۆ پەیوەندی لەگەڵ رۆژئاواو رۆشنگەرییەکەی تێبینی دەکەین. دوای ئەوەی جەختی لەسەر تایبەتمەندێتی دەکردەوە دەبینین لەرەتکردنەوەی چەمك و گوتە رۆژئاواییەکان، یاخود خۆ دوورە پەرێزگرتن لێیان دواناکەوێو، لەچوار چێوەی کەلتوری عەرەبی ئیسلامی لەئەلتەرناتیڤی ئەو چەمکانە دەگەرێت، ئێستا لەبەردەم هەڵوێستێکی تێکەڵ وەرەخنەیی داین کەدەبینین جابری داوا دەکات بۆ(تێگەیشتنی نوێگەری لەچوارچێوەی مێژووی تایبەتی خۆی، مەبەست مێژووە ئەوروپیەکەیەتیو، گەران لەمێژووو کەلتوری ئەو لایەنەی

کەدەخوازێ بۆی بگوازرێتەوە، بەئامانجی زەمینە خۆشکردن بۆیو رەنگرێژکردنی بە بەتایبەتمەندی ئەو ئاراستەیە)[٣٠].

دوای ئەوەی جابری هەڵدەستێ بە دەستنیشانکردنی کێشەی بنەڕەتی کە بەڕای ئەو خۆی لە چوونە ژێرباری رۆشنبیری دەنوێنێ، کە ئامانجی شوێن بزرکردنی ناسنامەو سەرلەنوێ دارشتنەوەی کەسایەتیە لەرێگەی ( داگیرکردنی ئاوەزوراهێنانی لۆژیك، ئاراستەکردنی خەیاڵ، دروستکردنی چێژ، لەقالّبدانی ئاکار، داڕشتنی جۆرێکی دیاریکراو لەبەهاکان)[٣١]. ئامانجیش لەهەموو ئەوانە شوێنکەوتنی ژیاریو، بەرجەستەکردنی بەرژەوەندییەکانی ناوەندی رۆژئاوایە بەشێوازی نوێ. پاشان پرسیار لەچۆنییەتی رووبەرووبوونەوەی ئەو چوونە ژێربارە دەکات، ئایا بەداخراویو هەڵگەرانەوە بۆ شوێنە داخراوەکان رووبەرووی ببینەوە، وەك ئەوەی کۆمەڵێك رۆشنبیری عەرەبی پیادەی دەکەن، یاخود بە خۆنامۆکردن بەرەورووی ببینەوە؟[٣٢] جابری پێشنیاری راوەستان دژی ئەو دوو لادانە(داخراوی ونامۆیی) دەکات، ئەویش لە رێگەی بانگەشەکردن بۆ (نوێکردنەوەی رۆشنبیری عەرەبی لە ناوەوەدا. چونکە نوێبوونەوە بەڵگەیەکە بەسەر کەسی داخراودا، ئەنجامدانی ئەمەش لە ناوەوەدا بەڵگەیەکە بەسەر کەسی نامۆ)[٣٣].

ئایا بە راست ئێمە لەبەرامبەر جیاوازی نێوان راو بۆچوونەکانی پێشوو ئێستای جابری داین سەبارەت بەبابەتی عەلمانیەت، ئایا ئەم هەڵوێستەی دوایی گوزارشتێکی ستراتیژییە لە تێگەیشتنی جابریدا، یان وەك دەڵێن هەر قسەیەو بۆ شوێنی خۆیو، چۆن جابری بۆ خۆی دەیەوێ بیلێیتودوودڵ بێت؟ ئایا لەو بەرهەمە زۆرو جۆراو جۆرانەی نووسەر خەسڵەتەگشتیو ئاماژە واتادارەکان دەخوێنینەوە، یان هەندێ جار لەچوارچێوەی گوتاروبەرەو پێش چوونەکەیدا بەرامبەر وردەکاری وهێما جیاکەرەوەودژبەیەکەکان دەوەستینەوە. پاشان لەسەر ئاستی مەعریفی ئاخۆ دەکرێ ئەو راوبۆچوونە گیروگازانە بەگوێرەی گەشەکردنی مەعریفی نووسەر (تاویل) بکرێن، یان لە گوتاری ناوبراودا لایەنی ئایدیۆلۆژی ئامادە



بونێکی وای هەیە کە هەوڵدان بۆ شاردنەوەی هەموو کات سەرکەوتوو نابێت؟ هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم پرسەش لە چۆنیەتی تێڕوانین بۆ گوتاری ناوبراو سەرچاوە دەگری. ئەگەر وای دابنێین کە ئەم هەڵوێستەی دوایی نووسەر هەڵوێستەکانی پێشووی دەسڕێتەوە، بەو مانایەی ئەو قۆناغەی بڕیوە، ئایا بەڵگەی ئەو سووربوونەی چییە لەسەرخۆ دوورە پەرێزگرتن لەناونانی دیاردەکان بەناوی خۆیان، بەڵام لەکاتی سەیرکردنی خودی دەقەکان هەر دەبی لە هۆکارەکانی ئەو سووربوونەوزەق کردنەوەی دژەکاری نێوان علمانیەت لەلایەك و، عەلمانیەت ودیموکراتیەت لەلایەکی تر بکۆڵدرێتەوە، ئایا پێویستی بۆ دیموکراتیەت، کەمانای بەهەمان ماناکەی جابری دێت. پاراستنی مافەکان، مافەکانی مرۆڤ چ تاك یان کۆ، جا سەر بەکەمینە بن یان زۆرینە بەهەر دوو مانای ئایینیو سیاسی، ئەو رەتکردنەوەو دوورخستنەوەی عەلمانیەت دەخوازێ، بەبیانووی ئەوەی کەگوزارشت کردنە لەپێویستییەك بەناوەڕۆکێکی ناکۆك بەخۆی؟ ئەوەیە کە ئێمە گرنگی پێ دەدەین لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر پەیوەندی هەریەکە لەدیموکراتیەت و عەقلانیەت بە عەلمانیەت، بەڵام ناچینە ناو وردە کارییەکانو تەنها دەپرسین: ئەگەر عەقلانیەت لەگرنگترین رووەکانی مامەڵەکردن بێت لەگەڵ جیهانی (سروشتیو کۆمەڵایەتی) بە پێی یاساکانی ئاوەز وپێوەرە لۆژیکیو رەوشتییەکانی دوور لەحەزو دۆگماییو..تاد، چۆن بڕیاری ئەو مامەڵە عەقلانییە بدەین لەسەر ئاستی پەیوەندی لەگەڵ سروشتوخۆی لێ بپارێزین، تەنانەت لە کاتێکدا کە کێشەکە بچێتە سەر ئاستیکاری سیاسیولە نێو کۆمەڵدا رەتی بکەینەوە؟ ئایا ئەمە مانگرتنە لە بیرکردنەوە کە ئەنتلجلنسیای عەرەبی پیادەی دەکات، یان رووپۆشێکی مەعریفییە بۆ ئەو شتەی کە وەك ئایدیۆلۆژیا لێی بێ دەنگ بین؟ لەچوارچێوەی گفتوگۆکردن لەسەر ئەو رەخنانەی ئاراستەی عەلمانیەت کراون، بەوردی لەسەر ئەو بۆچوونانەی پێشەوە دەوەستین، هەروەها ئەو رەخنانەش دەناسین کە لەلایەن ئاراستەی سەلەفی لەبیری هاوچەرخی عەرەبی ئاراستەکراون.کەواتە ئەو رەخنانە چین کەئاراستەی عەلمانیەت

کراون‌و ، تاچەند لەگەڵ کەتواردا کۆکن بە هەردوو پێوەر: پێوەری شەرعیەتی مێژوویی و، متمانەی مەعریفی؟

## ١- عەلمانیەت تایبەتمەندییەکی ئەوروپییە

سەرجەم ئەوانەی رەخنەیان لەعەلمانیەت گرتووەو دەگرن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئاراستەیەکە لە نێو کۆمەڵگاکانی ئەوروپی دەرکەوتووە، وەك گوزارشتێك لە زەرورەتی مێژوویی پەیوەست بەو بارودۆخە تایبەتیەی کە ئەوروپا لە کاتی دەر بازکردنی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ سەدەی نوێ پیایدا تێپەریوەو، لەباوەشگرتن‌و بونیادنانی عەلمانیەت لەکۆمەڵگا نارۆژئاواییەکان لاساییکردنەوەیەکی تووتی ئاسایە کە سەرچاوە لەنەبوونی کەسایەتیەوە دەگرێ.[٣٤] پاشان ململانێی نێوان زانست‌وئایین تایبەتمەندییەکی کاسۆلیکیە، وەکو بوونی کلێساو پیاوانی کەهەنوت، ئەو شتەی کە لە ئیسلامدا بوونی نییە، بەو پێیەی ئایین‌و دنیایە بەگەڕانەوە بۆ ئەو بۆچوونانەی پێشەوە" عەلمانیەت رێگای ئێمە نییە بۆ پێشکەوتن.. تەنانەت بۆ رووبەروو بوونەوەی هێزی دواکەوتنیش. بەڵکو تاکە رێگا هوشیاری‌وتێگەیشتنە لە راستی هەڵوێسی ئیسلام :ئایین"[٣٥]. لەسەر ئەو بنەمایەش (محەمەد عەممارە) وای دەبینێ کە"بەرۆژئاوایی بووەکان کێشەیەکی ئەوروپییان وەرگرتووە تاچارەسەرێکی ئەوروپی بۆ وەربگرن"[٣٦].

یەکەم شت کە لەو رەخنانەی پێشوو تێبینی دەکرێ، تێگەیشتنی رووک ەشی وەسفییە لەعەلمانیەت، کە بەتەنها بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت‌و، پاشان رەتکردنەوەی سەرپەرشتی دامەزراوی ئایینی بۆ کاروباری دنیایی کۆمەڵ کورتی دەکەنەوە. ئەمەش یەکێکە لەخاسیەتەکانی عەلمانیەت کە فەرەنسای بە بارودۆخە تایبەتەکەو ئەو شۆڕشەی بووە هۆی لێك دابڕ کردنی کلێساودەوڵەت گرتەوە. لەکاتێکدا تێگەیشتنی قووڵ‌وورد بۆ عەلمالنیەت بریتییە لەوەی کەعەلمانیەت کۆمەڵێك بەهای عەقڵییە



کە مەبەستی دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی ئاوەز وزامن کردنی ئازادییەکەیەتی بەرامبەر شیکردنەوەو رەخنەگرتن لە بیرو باوەڕو ئایدیۆلۆژیا(سیاسی- ئایین )ییەکان. ئەمەش هەڵوێستی گیان (روح)ە بەرامبەر کێشەی مەعریفە، وەك (محەمەد ئارگۆن) دەڵێ:" بەمانای مافی مرۆڤ لە نهێنییەکانی گەردوون‌و کۆمەڵ بەپشت بەستن بە ئاوەز وبەهرەکانی، بەمەش عەلمانیەت تەنها هەڵوێست وەرگرتن نییە لەئایین.. بەڵکو هەڵوێست وەرگرتنە لەکێشەی مەعریفە. عەلمانیەتی فەلسەفی گومڕاییی‌نییە، بەڵکو لێکۆلینەوەیە لەمەعریفە کەئایینیش دەچێتە ئەو خانەیە، کەواتە عەلمانیەت،- وەرگێر- قسە لەسەر ئایین دەکات‌وبەشێوەیەکی زانستی لێی دەکۆڵێتەوەو مەبەستی رووخاندنی ئایین نییە. چونکە ئامانجی هەموو هەڵوێستێکی زانستی ریسواکردنی ئەو بەرگەی شێواندن‌ودرۆزنەیەکە بیری هاوچەرخی عەرەبی پۆشیویەتی"[٣٧].

پاشان ئاخۆ ئەو زەبرو زەنگەی کە دامەزراوە ئایینیەکان لە ئەوروپادا دژی زاناکان پیادەیان کرد حاڵەتێکی تایبەتە، یان ئەوە خەسڵەتی گشت بیروباوەڕێکی گشتگیرە کە داوای شەڕکردن دەکات دژی هەر کەسێك لێی دەربچێت لەژێر ناوی بیدعە یان گومڕایی یان هەرتەقە ولادان؟ بە گەڕانەوە بۆ مێژوی عەرەبی ئیسلامی دەتوانین چەند قۆناغێك ببینین کە تیایدا زانست‌وزاناکان تەواوی چاودێری‌و پشتیوانیان لێکراوە، ئەمەشە کەسەلەفیەت دەیەوێت بەسەر سەرجەمی مێژووی ئیسلامیدا دایبڕێنێ، لەحاڵەتێك‌و لەهەمان کاتیشدا چەندین کات‌وقۆناغی تریش لەمێژووی ئیسلامدا دەبینین کەزاناو فەیلەسوفەکان تیایدا سەرجەم شێوەکانی چەوساندنەوەو تۆقاندنیان چەشتووە.. ئەگەر وانییە ئەوەی کەموعتەزیلەوبرایانی سەفا(اخوان الصفا)وزۆرێك لە(متصوفە)ی وەك حەللاج‌و ئیبن‌وعەرەبی‌و هیتر چەشتیان چۆنی لێك بدەینەوە، یان سوتاندنی پەرتووکەکانی ئیبن روشد ورەتکردنەوەی کارکردنی لەفەلسەفەدا لەبەردەم خەلیفەی موەحیدەکان( ئەبو یوسف یەعقوب) بەچی لێك بدەینەوە ؛ فەلسەفەی

غەزالی(ئەبو حامد) لەگەڵ رەوتی ئەشعەری چۆن توانی بەدرێژایی چەندین سەدە ببێتە رابەرو نوێنەری رەسمی بیری عەرەبی ئیسلامی، ئەمەش لەبەرامبەر پووکانەوەی رەوتی عەقلانی لە فەلسەفەکەدا. بەهاتنیش بۆ ناو چەرخی نوێ سەبارەت بەراکردنی (کەواکبی) بۆ میسرو، دەست بە سەراگرتنی پەرتووکەکانی شێخی ئەزهەری(عەلی عەبدول رەزاق)ولادانی لەدەستەی ئەزهەر چی بڵێین .. ئایا ئەوەی بەسەر پەرتووکی (تەها حسێن) بەناوی(فی الشعر الجاهلی) هات و، هەڵوێست وەرگرتن لە نووسینەکانی (محەمەد ئەحمەد خەلفوڵلاو صادق جەلال العزم ونصر حامد ئەبوزەیدو ئەوانیتر)، بەسە بۆ خستنەوەی راستییەکان؟!

کەواتە کێشەکە لەبیروباوەڕە داخراوەکان دایە، ئەوەی خاوەنەکانیان پێیان وایە سەرجەمی راستییەکانیان لایەو مرۆڤایەتی بەسەر دوو بەرەی رەواو ناڕەوا دابەش دەکەن. ئەوان کە خاوەن ئەو بیروڕا داخراوەن(رەوا) ن‌و، ئەوانەیش کە پابەندو پەیوەستی بیروباوەڕی ئەوان نین (ناڕەوا)ن. بەمەش ئەوانەی دژی عەلمانیەت‌و ئازادی بیرکردنەوەن بەر لە دەست پێکردنی هەر گفتوگۆیەك کۆتایی پێدێنن. بەم پێیەش عەلمانیەت بەتەنها بۆ رزگار بوونی لە سەدە تاریکەکانی ناوەڕاستی ئەوڕوپا زەرور وپێویست نییە، بەڵکو بۆ رزگار بوون لە دەمارگیری‌و دۆگماتیزمی دەوردانی ئازادییەکان زەرورو پێویستە، چونکە سەدەکانی ناوەڕاست بەتەنها قۆناغێکی زەمەنی‌نییە، بەڵکو حاڵەتێکی زهنی وعەقڵی بە ستەڵەکەو کەی ولە کوێ بێت بۆ رووبەروو بوونەوە ودەرباز کردنی پێویست بە عەلمانیەت دەکات.

## ب- ئیسلام، ئایین‌و دنیایە

ئەو دەستەواژەیەی بۆتە وێردی سەر زمان وشتێکەوگفتوگۆ هەڵناگرێ‌و، ئەو بنەمایەیە کە ئەوانەی رەخنە لە عەلمانیەت دەگرن پشتی پێ دەبەستن، بێجگە لەوەی کە دەڵێن ئأیینی ئیسلام دامەزراوەیی ئایینی‌و



پیاوانی کەنەهوتی نییە، کە بەمەش دەیانەوێ بڵێن بانگەشەکردن بۆ دابڕکردنی ئایین لەدەوڵەت فیکرێکی هاوردەیە وبەگیانی کۆمەڵگاکەمان‌و ناوەڕۆکە رەسەنەکەی نامۆیە.[٣٨] وەڵام دانەوەیەکی لەسەر خۆی ئەم خاڵەش پێویستی بە ئەنجام دانی لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییانە هەیە کەمەبەستیان روونکردنەوەی لایەنە وێکچوو جیاوازەکانی نێوان ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست‌و رۆڵ‌وپێگەی کلێسا تێیداوپەیوەندی ئیسلام بەدامەزراوەیی ئایینی دیاری بکات( کە ئەم لێکۆڵێنەوەیە بانگەشەی توانای هەڵسان بەم کارە ناکات)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێگەی ئەوەمان لێ ناگرێ کەهەندێ پرسیار بکەین: ئایا کلێسای کاسۆلیکی دەسەڵاتێکی روحی‌و زەمەنی نەبوو لەیەك کاتدا، ئایا ئەو وتەیەی _مەسیح _ کە دەڵێ" ئەوەی هی قەیسەرە بۆ قەیسەر.. ئەوەیش بۆ خوایە بۆ خوا". (تاویل)ێکی جیاوازی لە لایەن مەسیحیەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ نەکرا؟ پاشان رۆڵ‌و دەسەڵاتەکانی دامەزراوەی ئەزهەرو دەستەی زانایان‌و دەستەی فتوا بەرامبەر ئەو شتانەی پەیوەستن بەکاروباری ژیانی کۆمەڵ‌و ئیسلامییەکان چییە. جگە لەوەچی لە قسەی ئەوانە دەمێنێتەوە کە پێیان وایە عەلمانیەت پیلانێکە دژی ئیسلام‌و، بەرهەمێکی یەهودی تەلمودی رەسەنە، دواجار جەخت لەسەر بەیەکەوە گرێدانی عەلمانیەت‌و ماسۆنیەت‌و نەخشەکانی سەهیۆنیەت‌و شۆرشی فەرەنسی‌و چەرخی رۆشنگەری دەکەنەوە؟[٣٩] ئاخۆ ئەمانە چۆن توانیان سەهیۆنیەت‌و ماسۆنیەت لەگەڵ شۆرشی فەرەنسی‌و چاخی رۆشنگەری بخەنەیەك سەبەتە، ئایا ئەمە سەرچاوە لە ناشارەزا بوون لە مێژوو ناگەیەنێ، یان لەباشترین حاڵەتدا ئەمە سەر لێ شێواندنی خوێنەر نییە. چونکە قسەکردن لەسەر چاخی رۆشنگەری‌و شۆرشی فەرەنسی بەم رێگە سەرەتاییە هیچ لە گرنگی ئەو دەسکەوتانە کەم ناکاتەوە کە لەم دوو کاتەدا هاتنەدی. ئەو گۆڕانە چۆنیەتییەی کە بیرمەندانی رۆشنگەری لە بواری فیکرو بوون هێنایانەدی، کە ئەویش کردنی مرۆڤ(تاك)بوو بە ناوەندی گرنگی پێدان‌و کردنی بە بەهایەك لە خودی خۆیدا.. شتێکی ئاشکراشە کە پێشکەوتنی

زانستیو تەکنەلۆژیاو گەشەسەندنی بۆرژوازیەت لە سەدەی هەژدەم، ڕێگای لەبەردەم بیرمەندانی رۆشنگەری کردەوە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو گۆڕان مەزنە.

ئەو فاکتەرانە ولەگەڵ شەڕە ئایینییە درێژخایەنەکانینێوان پرۆتستانتو کاسۆلیك بە درێژایی سەدەکانی شازدەهەمو حەڤدەهەم ئەو بنچینانە بوون کە ئایدیۆلۆژیای رۆشنگەری لەسەر بونیاد نرا، کە لە سەرووی هەر حەساسیەتێکی مەزهەبیوئایینی ئاسۆ لەبەردەم دوارۆژدا دەکاتەوە، وەك بەشێکی مەعریفی لەگەڵ کۆمەڵێ چەمك وتێڕوانینی سەدەی ناوەڕاستو، لەکۆتایشدا بووە هۆی پێکەوەنانی کۆمەڵگای شارستانی لە وڵاتانی ئەوروپا لەسەر بنەمای هاووڵاتێتی نەتەوەیی. هەروەها شۆرشی فەرەنسی هەڵسا بەگۆڕینی سیستەمی مەشروعیەتو، دوای ئەوەی پشتی بە بنەمای لاهوتیو مەزهەبی دەبەست، ئەمجارە وای لێهات پێ لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی گشتیوئیرادەی زۆرینەدا بگرێ.. ئەو بەرێوەبردنەی زیاتر لە سێ سەدەی خایاندو، لە پێناو چەسپاندنیدا خوێنومەرەکەبێکی زۆر رژاو، ئەمەش وادەکات بە پەراوێز کردنی شتێکی ئاسان نەبێت.(٤٠)

هەروەها قسەکردن لەسەر عەلمانیەت مانای خۆ لێبوردنو تێکدانی کلتوور نییە.* چونکە مێژوی ئەوروپا بەرەو پێش چوونی عەلمانیەتی لەتەك ژیاندنەوەو لێکۆڵینەوەی کلتوریلە لایەن بیرمەندانی بزاڤی مرۆڤایەتی (هیومانیزم) بینیووەو، هیچ دژایەتیەکیش لەنێوان ئەم دوو ئاراستەیەدا نەبووە. وەك چۆن ئەوانەی لای خۆمان کە رەخنە لە عەلمانیەت دەگرن بەئارەزووی خۆیان قسە دەکەن، یان ئەوانەی پێیان وایە بەرگری لەکەلتور دەکەن. بەم پێیەو بەبۆچوونی ئەوان بێت بەرەتکردنەوەی عەلمانیەت نەبێت ناتوانین ناسنامەی خۆمان بپارێزینو دەست بەڕەگەکانی رەسەنایەتی خۆمانەوە بگرین و، ئەوە لەبیر خۆیان دەبەنەوە کە بەرقەرار بوونوهاتنە ئارای کۆمەڵگای عەلمانیەت کۆمەڵێك بەهای عەقڵیو رۆحی رەخنەو پەیوەست بوونە بەلۆژیکی زانستیو، ئەو بەهایانەش بەتەنها تایبەت نین بەژیاری



